# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود -
باوان عومەر - زریان محەمەد

2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە کارل مارکس

بەرگی هەشتەم

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە عەرەبییەوە: جەلال حەمید
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولڕەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 56 )

## بەشی یەکەم
## ١. هیگڵ و مارکس و نیچە

**هیگڵ:**

بیر لە دەستەواژەکانی دەوڵەت ئەکات و تاکو ئەمڕۆ وەک بیرمەندێکی نایابی بواری دەوڵەت ماوەتەوە و خوازیاربوو لەڕووی تیۆرییەوە دایمەزرێنێت و لەڕووی پراکتیکیەوە پاڵپشتی بکات و بەرەو دوایین تخوبی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و لۆژیکی پەلکێشی بکات. هێزی دەوڵەت و یەکگرتنی لای هیگڵ بووە پێودانگی نرخاندنی ڕامیاری بۆ ڕەگەزەکانی و ئەو بوونیادەی کە لەسەری راگیراوە و رووەکانی مەعریفەو هەستی خودو رۆشنبیری لەخۆ دەگرێت و بەکارهێنانی دەسەلات و زیادەڕەوی کردن تیادا بە سیفەتێکی یاسایی و بەناوی پاساوی دەوڵەت شێوەی باڵاو کۆتایی عەقڵ دەسەبەر دەکات.

**مارکس:**

مارکس بیر لە سنووری کۆمەڵگە دەکات کە کۆمەڵایەتی وردبیبنترو عەقڵانیترە لە کەسی رامیار و هەر ئەویش پێکهێنەری مرۆییە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەگوێرەی هێڵێکی بـاڵای وەک مێژوو دەگۆڕێن بۆ

گەشەسەندن بەربەستەكان دەبەزێنێت و دەیانشكێنێت، یاخود لەیەک کاتداو لە زەمەنێکی مێژوویی گەیەنراوی دابڕاودا نێیاندەپەڕێنێت. ئایا دەوڵەت ئەو ئامرازی گەشەسەندنەیە کە تەگەرە دەخاتە بـەردەم پێشکەوتن و لەمیان راگوازتنێکی یەکلاییکەرەوە و قەیرانێکی ڕیشەیی لەناودەچێت. لە سۆنگەی ئەم راگوازتنکارییە پەیوەندییە بەرهەمدارە دەسکەوتووەکان لە پەیوەندی خاوەندارێتی و پەیوەندییە ڕێکخراوەکان لەو پەیوەندی یاسایی و گرێبەستییانەی کە لەسەر بناغەی خاوەندارێتی تایبەتی دامەزراون دەوڵەمەند دەبن و لە سنووربەندییەکان دەربـاز دەبن. لە سەرێکەوە کۆمەڵگەی ئابوری لووشدەکات و دەبێتە نوێنەری و لە سەرێکی ترەوە کەسی ڕامیار دەگرێتەخۆی. بەمجۆرە مۆرکی بنەڕەتی کۆمەڵ دەردەکەوێت، هەروەها دەبێتە نوێنەری لایەنی گەوهەری سەیرورەی مێژوو، واتا مێژووگەری- Historicite.

**نیچە:**

نیچە بیر لە سنووری دەستەواژەکانی شارستانیەت دەکات: چەمکی شارستانیەت ئەم فەرهەنگە دەگرێتەخۆ و بە درۆی دەخاتەوە (ئەو چەمکەی کە لە سەرەتای کارە بەراییەکانیدا بە تووندی ڕەخنەی لێدەگیرێت). تەنها جیاوازی لەنێوان شارستانییەکاندا نییە، بەڵکو پۆلێنکاریش هەیە. هەندێکیان لە هەندێکیان باڵاترن، چونکە لە شارستانیەتە ئەفرێنەرەکان پێکهاتوون. ئەمانە چی دەئەفرێنن؟ جوداکاری نوێ. وێڕای ئەوەش هەرشارستانیەتێەک لە پێچووپەناکانیدا هەڵگری پۆلێنکاری جوانیە کە: پێودانگگەلێکی ڕاستکەرەوەن مانا بە کردەوەکان دەبەخشن وەکچۆن ماناش بەشمەک و کەسەکان دەبەخشن و لە سیستەمێکدا کە لەگەڵ سیستەمێکی رەسمی

یەکناگرێ ڕێکیان دەخاتً. شارستانیەتە گەورەکان پتر لە کولتور شێوازێک لە ژیان دەئەفرێنن و لێرە لەدایک دەبن نەک لەولا. شێوازێکی بنەچە ڕەسەن، بەڵام بە ئەندازەی ئەوەی کە داهێنانی لەسەر بووناید دەنرێت شێوازێکی سەربەخۆیە لە مێژوو.

**2. هیگڵ و مێژووگەریی (التاریخیە):**

مێژوو پێناسە دەکات و لە هەر پێناسەیەکدا و بەتایبەتی لەم پێناسەیەدا مەبەستێکی ئاکامیی هەیە کە بریتیە لە سێ لایەن:

ا-سنووردارییی (التناهی)، Finitude-واتا سەیروەری دیاریکراو سنووردارە و سنوورەکان پابەندی ئەو مەرجانەن کە لەناو بزووتنەوەدا لەدایک دەبن.

ب-مەبەستگەرایی (الغائیە)- واتا ئاراستە و ماناکەی ئێکەڵەیە کە لە بابەتگەرایی وخودگەرایی ڕووگا یاخود چارەنووسێک ئاشکرا دەکرێت و سەیرورە لەگەڵ ئەوەی کتوپڕە توانای پێشبینیکردنی هەیە. بە کورتی بریتیە لە ماقولیەتێک کە دەکەوێتە دوای ڕێکەوتە سەرزارەکییەکان.

ج-بەدەستهێنان (انجاز)- بەگوێرەی نموونەی هونەر کامڵبوونە (بەدەستهێنان و کامڵبوون لەگەڵ سروشت یاخود ماهیەتی شت دەگونجێن کەواتا بریتین لە شێوەی هاوگونجاوی ناوەڕۆکیان).

ئەم سێ لایەنە هەر هەموویان پێویست و عەقڵانین (پێویست و گونجاون بۆ عەقڵ). شایەنی لێکدابڕان نین. نە بەدەستهێنان و نە کامڵبوون بەبێ سنووردارێ بوونیان نیەو ڕۆمانسیەت بەبوونی ئەو خەمبارە.

مەبەستگەرایی بەبێ ئاراستەی رووگا، توجەی هاوشانی بوونیەتی ئەفرێنەر لە ئارادا نییە کە ئامانجە ئاگایی و نائاگاییەکان دیاریدەکات.

### 3. ژیان و مەرگی مێژوو لە بیری هیگڵ(2)

شۆڕشی فەرەنسی مێژووی دروستکرد، نەک لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری و نوێگەری تیادا بەرپاکرد و نەک بە سیفەتی ئەوەی ڕووداوێک بوو جیهانی هەژاندو دونیایەکی نوێترو عەقڵانیتری هێنایە کایەوە، بەڵکو بە واتایەکی بەهێزتر: بە سیفەتی ئەوەی کە کردەکییانە لەڕێگەی کارلێکارییەکی گشتگیرانەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕامیاری و ئایدیۆلۆجی و سەرجەم ئەو ڕووداوانەی کە لێکدابڕاو دەردەکەوتن و لەجۆرێک پەیوەندی دەرەکی بە هەڵپەسێردراوی مابوونەوە گرێدا لەوانە: سروشت، عەقڵ، گەل، نەتەوە، زانست و مەعریفە، دەزگا جۆراوجۆرەکان، حەق، شێوازی ژیان، ئاکاری خودی و بابەتییانە، ڕووالەتکارییەکان، نەریت و جلوبەرگ، جەژنەکان و...هتد. دەکرێت لەبارەی پەیڕەوکاری کارکردن قسە بکریت و یاخود بەشێوەیەکی باشتر پێویستە بوترێت کە مێژووگەرییە بە واتای دەقاودەق گشتێک دروستدەکات و دەئەفرێنێت و بەرهەم دەهێنێت. ئەم گشتە گشتێکی فەلسەفی و ماقوڵ نییە، بەڵام کاری شۆڕشگێڕانە ئەم گشتەی ئەفراند و ناوی لێنا دەوڵەت.

ئەم چەپککاری و کۆکردنەوەیە مێژووگەرییە. شۆڕشی فەرەنسی مێژووگەری ئەفراند یاخود باشتروایە بڵێین بە دەستی هێناو لەرووی فەلسەفیەوە ماوەیەکی درێژخایەن خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکرد. مێژووگەری لە ساڵی 1789 بە تەواوی دەرکەوت کەوابوو دەبێت بەوە قایل نەبین کە دەڵێت مێژوو لەناو شۆڕش لەدایک دەبێت. ئایا شانبەشان مێژووگەری و بەدەر لە چەمکی مێژووی پابەند بە مێژووگەری چی لەبارەی گێڕانەوەی مێژوو بدرکێنین، بڵێین ئەو مردووەیە کە خۆی بە زیندوو هەڵدەواسێت؟

به پێچەوانەوە، هیگڵ کە لە ژیاندا بوو ویستی بەسیستەمی ئەو چەمکانە پابەندبێت، کە لە نوێی مێژوو هەڵیگرتبوون. پێناسەی چەمکی مێژوو تەنها لەڕێگەی دانانی چەمکەکانی ((خود)) و ((بابەت)) و ((ڕۆح)) ی مێژوویی پێکنایەت، بەڵکو وێنای پەیڕەوکاری مێژوو دەکات. شۆڕشی فەرەنسی و ناپلیۆن بەو پەیڕەوکارییە مێژووییە گەیشتن. ناپلیۆن لەو مێژووە سەری هەڵدا کە شۆڕش درووستی کرد و هاوکات بەدەستی هێناو قۆناغێکی دواتر سەریهەڵدا. واتا نەیتوانی لەگرفتەکانی شۆڕشی فەرەنسی دەرچێت. لەو چارەسەرانەی کە ناپلیۆن بۆ گرفتەکانی داڕشتبوون، ناپلیۆنێک کە شۆڕشی بەدەستئەهێناو ڕەتی دەکردەوە بریتی بوون لەدامەزراندنی یاساو ڕەوایی ودەوڵەتی نوێ کە لە کاروباری سەربازو هاوڵاتی بەرجەستەی کردن و شەرعیەتی پێبەخشین.

هەروەها پێش مێژوو، پاشان مێژوو و پاش مێژووش لە ئارادایە. ڕەگەزەکانی مێژوو لە دایک دەبن و لە قۆناغی پێش مێژوو دەردەکەون و لە عەقڵ و زمان و کاری ڕێکخراو پیشە و خێزان و دەوڵەت و...هتد ڕەنگ دەدەنەوە. مێژووگەری هیچ شتێک ناخاتە سەر ئەم ساتانە، یاخود ڕەگەزە هەبووەکانی پێشوو لەگەڵ ئەوەش هەموو شتێکیان دەخاتە سەرو لە یەککاتدا دەیانکاتە گشتێکی واقیعی و عەقڵانی و پاشان زەمەنی پەشۆکاوی نایەقین کۆتایی دێت و پاش مێژوو سەرهەڵئەدات. گشتگیری فەلسەفی پێکنایەت گەر مێژووگەری کردەکی و واقیعی نەبێت.

### 4. هیگڵ و زەمەن

خودی زەمەن خۆی لەوێدا چەمکێکی ئامادەیە و لەشێوەی حەدەسێکی بەتاڵ خۆی پێشکەش بە ئاگایی دەکات و بەهۆیەوە ڕۆح وەک پێویست

له زەمەندا دەردەکەوێت. له زەمەندا ڕەنگدەدانەوە، چونکە دەرک بە چەمکی تەواوی خۆی ناکات واتا زەمەن ڕەتناکاتەوە و زەمەنیش بریتیە له خود(Pursoi)ی دەرەکی دەرکپێکراو بە حەدەس. ئەوە تەنها بریتیە له چەمکی دەرکپێکراو بە حەدەس و له سۆنگەی (خود،Soi) دەرک ناکات. کاتێک چەمک دەرک بە خودی دەکات وێنە زەمەنیەکەی ڕەتدەکاتەوە و حەدەس وێنا دەکات و دەبێنە(وێناکراو، وێناکەر، متصورا و متصورا) و دوابەدوای ئەوە زەمەن بە سیفەتی چارەنووس و پێداویستی ئەو ڕۆحەی کە لەناو(خود)دا بەدەستنەهێنراوە دەردەکەێت، بڕوانە (فینۆمینۆلۆژی، وەرگێڕانی هیپۆلێت لا 309).

بەمجۆرە چەمکی مەبەستگەرایی (یاخود کۆتایی) لەگەڵ هەرسێ لایەنەکانی سنوورداری، مەبەستگەرایی، بەدەستهێنان)، پابەندی زەمەن دەبێت و تەنها له ئاکامی ئەوەی زەمەن دەبێتە بابەتی وێناکراو چەمکی خۆی له خودیدا هەڵدەگرێت. زەمەن ڕوواڵەت نییە، بەڵکو دەرکەوتەیە: دەرکەوتووی دوابەدوا هاتووی زەمەنە و لەوێوە مەملەکەتی ڕۆح لەدایک دەبێت. بە قووڵی بیر له زەمەنی بەدەستهێنراو بکەرەوە. بەمجۆرە مەعریفەی ڕەهای لەدایکبوو ڕەزامەندی باڵا لەخۆ دەگرێت. خود(Ego، منی فەیلەسوف) دەبێتە خواوەند و لەڕێگەی زانستەوە خودی وەک خواوەند دەناسێ و لەتوێی ئەو زانستەی کە تیایدا بە قووڵی بیر لەو خودەی دەکات کە وێناو دەرک بە ئەفراندنی خود و گەشەسەندن و دەستکەوتەکەی دەکات. زەمەنی عەقڵانی له قووڵایی و بنەڕەتیا دەناسرێتەوە بەو سیفەتەی کە دووبارە له بنەڕەتەوە دەردەچێت و دەگەڕێتەوە بۆ خود لەبەر ئەوەی زەمەن تەواو دەکرێت مەبەستەکەی له خودی خۆیدا هەڵدەگرێت و سائێک دێت هەموو شتێکی تیا دەزانێت و دانی پیادا دەنێت و هەموو شتێکیش تەواو دەبێت:

مێژوو و زانست، رۆحی بابەتی و رۆحی خودی، ((مەبەست)) زانستی ڕەها و ڕۆحی خودناسی بەو سیفەتەی رۆحێکە لە ڕێچکەی گەیشتنیەوە ڕۆحەکان دووبارە کۆدەکاتەوە و هەروەک لە خودیانیشدا ڕێکخستنی مەملەکەتی رۆحی بەدیدەهێنێت.

مانەوەی لە بوونیدایە. لـەوێ ئـازادە و لەشێوەی تێپەڕیوێک دەردەکەوێت. مێژوو درووست دەبێت، بەڵام لەشێوەی ڕێکخراوی چەمکدار مێژووی زانستی دیاردەگەرایی لەرێگەی دوو شێوە پێکدەهێنێت. بە واتایەکی دی مێژووی وێناکراو دەستدەکات بە دووبارەکردنەوەی لەڕێگەی ئازارەکانی ڕۆح وڕەهایی نەک سۆزی ڕاستەقینە و بەقین بە عەرشەکەیەوە کەبێ ئەو یەقینێکی بەدەر لە ژیان پێکدەهێنێت (کۆتایی فینۆمینۆلۆجیا).

**5. مێژوو و مەرگ لە بیری هیگڵدا**

بەڵێ، شۆڕشگێڕو شۆڕشەکان مێژوو درووستدەکەن بە ئەندازەی هەڵگرتنی بەرپرسیاری ((خەبات تاکو مردن)) دژ بە ئەوانی تر و ویژدان و خودەکانی تر؟ بە دڵنیاییەو، بەڵام هەروەها دژ بە شتە درووستکراوەکانی نێو پەیوەندییە دەرکارییەکان (علاقات التخارج). ناپلیۆن بەو سیفەتەی ((ڕۆحی جیهانە weltgeist))و بەرپرسیاریەتی ئەم خەباتەی گرتەئەستۆ کەلای مردنی شۆڕشگێڕێکدا بەجێیهێشت. گشتێکە (سەراپاگرو-سەراپاگیراو) سنووردارییەکی جودای، بەڵام کۆتایی دێت، بە چەشنی کۆتایهاتنی خەباتەکانی دی (بە شێوەیەکی کارەساتبار)، لەناوبەرو لەناوبراو (مبیدە و مبادە)، واتا ڕووداوی دی بەرەو کۆتاکەی دەیبات. مێژووگەری سیفەتی سنووورداری و پەیوەندی بە مەبەستگەرایی دەردەخات بێئەوەی ئەم تەواوکارییەی کە لە جوداکارییەوە سەرچاوە دەگرێت، لابەرێ. ئایا هەستی بەرپرسیارێتی

خەباتی تاکو مردن هەڵدەگرێت؟ ئایا لە ویژدانی باڵاو مەعریفە و حەدەس و ئارەزووی سەرکێشی و چەشەی گیانبازی و گەمەکارییەوە هەڵدەقوڵێت؟ مەسەلەکە پێناچێت بەردەوام لای هیگڵ روون و ئاشکرا بێ، وێرای ئەوەی کە جوداکاریی کۆتایی و باڵا تایبەت بێت بە مەعریفە لەگەڵ ئەوەش هیچ پەیڕەوێکی مێژوویی (کردەی مێژوویی ئەفرێنەر) بەدەر لەسەرکێشی گشتگیر نابێت، گشتگیرییەک بە ئەندازەی گشتگیری ئامانج و گرەوکاری (مەبەست)، بە واتایەکی دی.

ئەوانەی کە مێژوو درووستدەکەن ئەوانەن، کە شانبەشان مەبەستێکی گشتگیر جەنگێکی گشتگیر دەسەپێنن (هەموو شتێک دەخەنە بەر پرسیار و گرەوکاری). ناپلیۆن لە زەمانی هیگڵەوە دووچاری جنێو و سەرزەنشتی بوو لە هیچ هێرشێک دەرباز نەبوو، بەڵام فەیلەسوفی گشتگیری مێژوویی ڕامیاری پابەندبوو بە شکۆمەندی ئیمپراتۆری فەرەنسی و ستەمکاری ئەوروپا و داگیرکەرەکەی بەو سیفەتەی کە ((ڕۆحی جیهان)) پاڵەوانێکی جیهانیە زەمەنی تەواوکرد و لەڕێگەی خەباتی تاکو مردن ڕۆحی بوونیاتناو گەیاندیە کۆتاییەکەی: ئەوە حەقیقەتێکی مێژووییە و کوشتنی ناپلیۆن مەرسومی تایبەتی خۆی جێبەجێ دەکات کە ئەویش کوشتنی مێژووە.

### 6. مێژوو و ڕژێم لە ڕوانگەی هیگڵەوە

ئەلکسەندەر کۆجیف بە قووڵی ئاماژە بۆ پەیوەندی ناوەکی نێوان مێژوو و ڕژێم دەکات و مۆڵگەی ئەم پەیوەندییە لە سنوورداری و پاشان لە مەرگدا دەدۆزینەوە، (کە مەرگی مێژوو و ڕژێمی داسەپاو لەسەر بیابانی ماهیەت دەگرێنەوە). گەرچی ئەو کۆیلەیە لەرێگەی کردارو خەبات و ڕووخاندنی سەردارەکەی مرۆڤی مێژوویی دەگێڕایەوە. گەر مرۆڤی کۆیلە

بوایاتە هەڵگری حەقیقەتی بەدەستهێنراو، ئەوا فەیلەسوف سنوورێکی بۆ مێژوو دادەنا (بڕوانە کۆجیف لە پێشەکی خوێندنەوەی هیگڵ)(3). ئەوی ڕاستی بێت مەعریفە لە بنەڕەتەوە دەزانێت و لەڕێگەی تێگەیشتنیەوە بە وێناکردنێکی تێگەیشتوانە بەدەسدەهێنێت. گەرچی سروشت لەڕێگەی (کارو خەباتکردن) دەگوزەرا بۆ جیهانێکی مێژوویی و کۆتایی بانگەشەکراوی ئەو خەباتە خوێناوییانە سەیرورەی مێژوویی ڕەتدەکاتەوە هەرچەند فەلسەفە وەک سیستەمێک فەلسەفە پێشینەکانی کورت دەکردو دەیگرتنەخۆ.

ساتی سەرەکی ئەو ساتەیە کە تیایدا سەرجەم ڕەوتە فەلسەفییەکانی پێکدەهێنراو دەهاتە دی، ئەوە ساتی فەلسەفەی گشتگیر، پاشان فەلسەفەی ڕاستەقینەیە بۆ پاراستنی سەرجەم فەلسەفەکان و تێپەڕاندن و بەدەستهێنانیان. ئەوە ساتی زانستی ڕەهایە. بە درێژایی مێژوو و خەباتە مێژووییەکان فەلسەفە بوو بە کردەکی، واتا بووە ڕامیاری و سیستەمی فەلسەفی و سیستەمی رامیاری بووە گشتێکی دوو لایەنە. سەرەتا یەکێکیان لەویتریان دادەبڕێت (نامۆ دەبێ)و واقیع بەرەو ماقووڵ باڵا دەکات و ماقووڵ لە واقیعدا بەرجەستە دەبێت و ماقوڵێتی (فەلسەفە) لەگەڵ واقیعی (دەوڵەت) یەکدەگرێتەوە و فەلسەفە لە واقیع بەدەست دەهێنرێت و مێژوو دەستەبەر دەکرێت.

### 7. هیگڵ و کۆتایی مێژوو

ئاماژە بۆبایەخی مەسەلەی (مێژووگەری ناسراو بەمەبەستەکانی) دەکەین کە لەسەرجەم بیری هیگڵ پەی پێدەبەین و لەو بارەیەوە ئارەزا دەبین. بە جۆرەها شێوە دەردەکەوێت و ئاماژە دەدات. لە ڕەزامەندی فەلسەفی بەرامبەری عاملێتی بەدەستهێنراو و دانایی و زانستدا یەکدەگرنەوە.

بەرامبەر بەم ڕەزامەندییە فەلسەفیە هەروەها ماتەمینی فەلسەفی بەرامبەر بە کۆتایی نزیک و سنووورداری سەرتاپاگیر دەبینین(4). نزیکبوونەوەی مەرگ و هۆشی مەرگ لە سەرێکەوە پابەندی خودن و لە سەرێکی دییەوە بە سیستەم و هەردووک لە نەزمێکدا بەرەو کامڵبوون هەنگاو دەنێن و ڕوو لە تەواوبوونی زەمەن دەکـەن(5). ئاکام دەوڵەت لە کاتی کامڵبوون و پیری لەکاتی دانایی تەواو و نامۆکراو بە شێوەیەکی قووڵ دەبنە خاوەنی شتێکی هاوشێوە(6). ساتی چوارەمی مێژووی گشتی بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤ ڕووبەرووی پیربوون دەبێتەوە. پیربوونی سروشتی لاوازیی، بەڵام پیربوونی ڕۆح پێگەیشتنی تەواوە و ((ڕۆح)) کاری خۆی بەرهەمهێناو ((ململانێ و ڕووبەرووبوونەوە نەما، بە تایبەتی لەنێوان کڵێسە و دەوڵەتدا. ڕۆح لەمیانەی خۆگونجاندن لەگەڵ واقیع لە بوونێکی ئەندامیدا پێکیهێنا. چیدی دەوڵەت لە ئاستی کڵێسە نزمتر سەیرنەکراو لە پاشکۆیەتی ئەودا نەمایەوە. کڵێسە تایبەتمەندییەکانی لەدەستداو چیدی ڕۆح بە دەوڵەت نامۆ نەبوو. ئازادی بووە تاکە ڕێگەی جودا لەپێناو دەستگیرکردنی تێگەیشتنە و حەقیقەتەکەی کە کۆتایی جیهانی گشتی دەردەخات)).

بیرۆکەی هیگڵی لەسەر بناغەی تەواوکاری و تەواوبوون (استنفاد) بیر دەکاتەوە. ئایا تەکانی داهێنەر، ئارەزوو، پەیڕەوێکی مێژوویی و خەبات هەتا مردن سنووردارە؟ شۆڕش دەوڵەتی نوێ بۆ جیهان درووست دەکات و دەهێنێت شانبەشان پشتگیری کۆمەڵایەتی و رامیاری و نەتەوە و چینی ناوەراست و بیرۆکراسیەتی عەقڵانی. کارێکی چاکە کە مەسەلەکە ئەنجام دراو ئەشێت ئەم شێوانە جێگیرو پتەو بکرێن و هیچ شتێک نامێنێت تەنها پاراستنی بەرهەمهێنراوی مێژووگەری و کارکردن لەپێناو ڕوونکردنەوەی بە شێوەیەکی فەلسەفی نەبێت. مەسەلەکە کۆتایی هات و دەوڵەتیش زەمەن

بەرهەمدەهێنێت و دەبێنە خاوەن شوێن.

### 8. هیگڵ و مێژووگەری

کەوابوو زانستی ڕەها برینیە لە ئاگایی خودی گشتگیرو چەمکی تەواو بوو، یەکەی سەرەتایی و کۆتایی واقیع لەگەڵ ماقووڵ شوێنی زەمەن دەگرنەوە، ئەو زەمەنە چڕوپڕەی کە وەک هێلکە بە شێوەیەکی گشتی خۆی دەناسێت لەنێو سیستەم و خود (Lesoi)ی زەونکراو خۆی دەردەخات و بە سیفەتی بوونێک دێنە ئاراو پاساو بە خودی خۆی پێشکەش دەکات و بابەت وێنەی تێگەیشتنە دەگێڕێتەوە. ناوەڕۆک گەڕانەوەی گشتی ڕەهایە لە زەمان و شوێن و سێ ڕەوتدا (ڕەوتی ئاگایی لە سەرتاکەیەوە و ئێرە و ئێستاو هەست و ئیدراک لە سەرەتای تێگەیشتنەوە و جیاوازی نارەوای نێوان بوون و حەقیقەت (Levrai)و چەمک و ژیان. هەر لە سەرەتای مێژووەوە سروشت و شەڕی نێوان مرۆڤ و سروشت ئەم سێ ڕەوتەی یەکدەگرن) ئەم یەکگرتنە مێژووییە قووڵەی کە دوابەدوای مێژوو دیاریکراوە گشتێتی پەرتەوازە و لەبارچوو چڕ دەکات.

مەعریفە لەڕێگەی ناوبژیوانی ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە لای کامڵبووەکان و ئەو لێرە کۆتای سەرەتایە و سەرەتای کۆتایە. ئەو بازنەیەی یاخود چاکترە بووترێت بازنەی بازنەکانە، سیستەمە. مەعریفە تێکەڵ دەبێت (ناسنامە دەناسێت) لەگەڵ (ناسینی خود) و بابەت لەخود-دا دەتوێتەوە لە کاتێکدا خود پڕ دەبێت لە بابەت، بەڵام لەکاتی سەرکەوتنی و زۆربوونی زاست(Savoir). ئەم سەرکەوتنە ساتی دابڕانی مێژوو و ئەوی دوای مێژوو دیاریدەکات. ئەم واقیعە جیاوازە دەبێنە هەڵگری کۆشکێکی زەبەلاح کە ئەویش (هیگڵیزمە). بەڵێ، بەڵام بابەت تەنیا ڕوواڵەت، بەهانە و کۆسپ

و وەهمە! مێژووی کرداری مەعریفە ناسەپێنرێت تەنها لەسەر ڕێگەیەکی ئامادەکراو لەلایەن نەمری شارراوە و پاڵپێوەنراو ڕاکێشراوی وەهم نەبێت کە لە کاتی بەدواداچوونی تراویلکە و تراویلکەی خود دانەڕێژی دەکات: ئایا کرداری ئاوێنە (تراویلکە) یاخود وێنەی خودو ناخودیی نێوان بوون و عەدەم و ڕاست و هەڵە یاخود ئەوەی کە خودی تەواو و ئەویترە؟ بەڵام، ئایا کەمتەرخەمی لە تێبینیکردن-الترصد-دا نییە؟ لە کوێ؟ لەلایەنی خودەوە؟ لەلایەن بابەتەوە نییە؟ لە هەموو لایەنەکانەوە؟ گاڵتەجاڕیی مێژوویی (گاڵتەجاڕی هیگڵی) بەرزتر لە مێژووگەری (هیگڵی) مێژووی (هیگڵی) لەناو دەبات.

## 9. پارادۆکسەکانی هیگڵیزم

بەرلە قسەکردن سەبارەت پارادۆکسە (چارە بۆ نەدۆزراوەکان)ی نێوئاخنی تیۆری هیگڵی لەبارەی پارادۆکسەکان (کە هیگڵ وا دەبینێت پێشتر چارەسەرییان بۆ دانراوە)، دەتوانرێت قسە لەبارەی جوداکارییەکان (مفارقات)ی هیگڵیزم بکرێت. فەلسەفەی مێژووی دوای ئەوەی مێژووی بوونی مرۆیی ئاشکرا کردو ناسی، سنوورێک بۆ مێژوو دادەنێت.

ئایا ئەمە جیاکاری نییە؟ گەر مێژوو کۆتایی نەهاتبێت و گەر سنووری بۆ کۆتاکەی دانەنابێت لەڕێگەی مەبەستییەوە لەسەر بناغەی پێویستی-بوون (وجود) بێکۆتا دادەمەزرێت. ئەمە ئەو مەسەلەیەیە کە بیری هیگڵی بەرگەی ناگرێت و هیوا یان بێهیوایی هیگڵە. هیگڵ تیۆری پێویستی بوونی (وجوب)ی کانت ڕەتدەکات. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی بیری ئەو پشت بە تیۆری پەیڕەوکاریی و تیۆری کردارو بوونی ئێستا دەبەستێت. پێویستە دان بەم شایستەبوونەی هیگڵ بنرێت کە: پوختەی چەمکی براکسیسی وەرگرت و

لە ڕوانگەیەوە هەموو شتێک لە براکسیسەوە درووست دەبێت، هەموو شتێک لە ئەنجامی پەیڕەوکاری تیۆری ڕوودەدات گەرچی مەعریفەی تیۆری ڕەگەزیی بەربڵاوی پەیڕەو کرابوو.

لای هیگڵ چەمکەکە بەمجۆرە بە شێوەیەکی وردەکارانە دیاری دەکرێت کە (پێویستە بگێڕدرێتەوە بۆ هیگڵ بێتو جەخت لەڕاستی تێگەیشتنی بکرێت)،((پەیڕەوکاری تیۆریی)) مارکس چاک لەم لایەنەی هیگڵیزم تێگەیشتبوو ((دەستنووسەکانی 1488)) لەڕێگەی بەرپەرچدانەوە بە تێهەڵچوون بە ئاڕاستەی تێهەڵچوو (المنفعل)ی ملکەچ بۆ ماددیەتی بەربڵاو و ئەنترۆپۆلۆجیای فیورباخ و ئەوەتا ئەو بەرهەم و پەیڕەوکارییە مێژووییە (داهێنراو بۆ مێژووگەرییە)، تەنها دەتوانێت بەدوای بیرۆکەی بکەوێت و بەشێوەیەکی وردەکارانە و سیستەمی ڕەنگبداتەوە. بیرۆکەی شۆڕشگێڕانەی بەرهەم (بیرۆکەی بەرهەمی شۆڕشگێڕانە) لای هیگڵ بەر خودی خۆی دەکەوێت و ڕەتی دەکاتەوە و خودی پەیڕەوکاری تیۆری هەرەس پێدێنێت.

ئایا پارادۆکسی بنەڕەتی لێرەدەردەکەوێت کە هیگڵ کاڵفامانە ئاماژەی بۆ دەکات لەنێوان کرانەوەی دیالێکتیکی و داخرانی سیستمی؟ هەروەها پاروادۆکسی بەرتەسک هەیە لەنێوان مومکینی و مەحاڵ و لەنێوان ناسنووورداری ((مرۆڤی نەوعی)) توانای بێسنووری هەیە وێڕای ئەوەی ((مرۆڤی)) تاک دەمرێت و دەزانێت دەمرێت و زەلیلی قبووڵ دەکات. هەست بەو ئاگایی مردنی سنووردارو بێسنووورە دەکات کە دەستبەرداری دەبێت، لەگەڵ ئەوەش ((مرۆڤ)) خۆی دەناسێت و دەیناسێنێ لەڕێگەی یەقین نەک بە مردن کە ئەو دەمرێت. ((مرۆڤ)) بە شێوەیەکی گشتی لای هیگڵ بێسنوورێکی خراپەکارە (اللامتناهی السیو)، بەو سیفەتەی سنووردارێکی کراوەیەو بڕوای بە ناتەواوی خۆی هەیە و ناتەواوە. لە کاتێکدا حەقیقەت

تەواو بازنەیی دەبێت. جا لەبەرئەمەش حەقیقەتی فەلسەفی و هێنانەدی فەلسەفی (ڕامیاری و کردەکی) لەگەڵ کۆتاییهاتنی مێژوو ڕێکدەکەون. ئەی ئاینده؟ گەر ئاینده هەبێت ئەوە دەست لە پێشبینیکاری هەڵدەگرێت، ئایا زەمەن و مێژوو واقیعیان هەیە؟ بەڵێ، بەڵام ئەوەی ڕەواو و واقیع و ئازاد و پێویستە ئەو ڕۆحی ڕەهایەیە نەک مرۆڤی مێژوویی. ئەم (Geist)ە واتا ئەم رۆحە تەنها ئەو گشتە بەدیهێنراوەی مێژوو و دوای مێژووە.

**10. شێوەکان و سیستەم لای هیگڵ**

دوای سـەدەو نیوێک لە ((چڵەپۆپەیی)) هیگڵیزم و لەرێگەی تێڕوانینی ڕێچکەکەیەوە دەتوانین بە سەرسوڕمانەوە بڕوانینە ئاست بەرزی بەکارهێنانی ئەو چەمکانەی کە هیگڵ کاری پێکردوون بۆ ئێستاش لەبارو شیاون لەوانە: ئاگایی و نائاگایی و دەلالەت و ماناو هێما و شێوەیە، بەڵام هەموو شێوەیەکی فینۆمینۆلۆجی لە هەموو کاتێکدا تەلیسماوی دەمێنێت و تێدەگەین کە هەندێک پڕۆژەی هەڵوەشاندنی کۆتایی هێماکان لە پڕۆژەیەکی تاوتوێکاریدا دەپارێزێت.

هەموو شتێک لە ئاگایی دەبێتە نائاگایی بەوەی کە تیا ڕوودەدات و لە ڕێگەیەوە دەگوازرێتەوە ئایا ئەوە بە چاکی دەزانێت چی هەڵگرتووە و پەیامی چیەو چی تۆمار کـردووە؟ نەخێر. نە سـەردارو نە کۆیلە و نە خەباتیان تاکو مردن دەبێتە هەڵگری ئەو ڕوونیەی کە لە دواجار و کۆتایی هەنگاوناندا دێت. ئەی ماناو هێما؟ هەموو شتێک لە پێناوی خودیدا دەلالەتێکی هەیە و لە پێناوی ئەویتردا دەلالەتێکی دی هەیە واتا لەپێناو ئەوەی کە دواتر دێت هەموو ڕووداوێـک ئەو مانایەی هەیە کە دواتر پەی پێدەبرێت و بە تەواوی دەرناکەوێت لە کۆتاییدا نەبێت. ئەوەش

مانای مێژوویيە. فرە مانايی (بە سيفەتە کۆيەکەی) بوونی مانای کۆتايی (دوايی) نامەيەک يان لێکهەڵوەشانەوەيەکی کۆتايی و کارێکی ئاڵۆزە. ئەم هەڵوەشاندنە بەچاک زانراوە لە پای چی؟ لەبەر ئەوەی پێويستە هەڵوەستە بکرێت. لەگەڵ ئەوەش بيری بەرنامە بۆ دارێژراو و مێژوويی جەخت لەسەر بوونی مانای کۆتايی و خوێندنەوەيەکی تەواو دەکات.

گەر ئەم جەختکردنە لاببرێت ئەو کاتە لە جەختکردنێکی تردا هەڵوەستە دەکات. بەمجۆرە شێوەی هيگڵی بەرەو ناديارکراو (اللامتعين) وەردەچەرخێنرێت ياخود وەک پێدراوێکی (ڕاستەوخۆی) هەڵکەوتوو بەرەو خودی دەبرێت و مێژوو لەمشێوە هەڵکەوتووەی (سەردار و کۆيلە، ناپليۆن و رۆحی جيهان) دەست بە خوێندنەوەی دەکرێت و ياخود خۆيان دەبينن کە هەناردەی روونکردنەوەيەکی دی و هەروەها ئەوێکی دی جگە لەخۆ بەبێ وەستان دەکرێن. هەروەها مێژووگەری خۆێنراو لە هەنگاوەکانيا بەردەوام کۆتاکەی دەناسێنەوە , بەڵام گەر بەناوی هيگڵەوە ئەوە دووپات بکرێت کە ناتوانرێت هيچ شێوەيەک (شکلی) بەديبهێنرێت بەدەر لە خەباتێکی بێکۆتايی و شێوەکان لە شەڕەکەدا بەردەوام دەبن وسەردار و کۆيلە و ڕۆحی جيهان هەرگيز کاروبارييان ڕێکناخەن و دواتر شێوەيەک نايەتە ئارا کە بتوانێت بمرێت و سەرکەوتن بەدەستبهێنێ. زۆرجار لەبارەی ((دياردەگەرايی ڕۆح)) لە بيرو تيۆری هيگڵ نووسراوە.

ئايا دياردەگەرايی (فينۆمينۆلۆجی)، تەنها دەبێتە ڕێگەيەک و هەنگاونانی ڕێچکە و گەشت و باڵابوون و فێربوون و وەرگێڕانێکی تێگەيشتووانە بۆ رۆمانی فێرکاريی ياخود بوونياتنان وەک گۆتە وێنای دەکات و هەنگاونانە بەرەو زانست؟ ئايا بە شێوەيەک دەتوانێت هەروەها ڕێگەی نەهێشتنی ناديار بەرەو شتێکی چاوەڕواننەکراو ببڕێت؟ ئايا دەبێتە راڕەو،

ڕاڕەوێـک کە ئەم لۆجیکە نەفی بکات و بەدرۆی بخاتەوە؟ (ئەمە ئەو مەسەلەیەیە کە پێدەچێت هیگڵ لە کۆتایی ژیانیدا بیری لێکردبێتەوە)، یاخود تەنها ڕاڕەوێکی لاوەکیە دەکەوێتە نێو (ڕەگـەزی شتی دەرەکی) فەلسەفە و مێژووی فەلسەفە و یاخود فەلسەفەی میژوو، ئایا پێویستە لەڕێگەی پشکنینی شێوەو بەهاو تاوتوێکارییەکان یەکبگرن؟ فینۆمینۆلۆجیا دەتوانرێت بەرامبەر سیستەم دابنرێت بەوەی کە هەموو شێوەیەکی ڕۆح تیایدا پێشدەکەوێت بەو سیفەتەی کە بەدەستنەهێنەرە. تەنها روحی پەشۆکاو لەڕێی دیاردەکانەوە بەدوای خودی دەگەڕێت ((ئاینده و تواناکانی هەیە و رۆشنایی دەخاتە سەر نادیارەکان)). تەنها ڕۆح پەی دەبات و پەی پێدەبرێت. ئەو بیرکردنەوەیەی کە ڕابردووی تیۆری هیگڵی دەگێڕێتەوە بێگومان لێرە هێڵی دابڕان و دواتر هێڵی دەرهاویشتن دەدۆزێتەوە. لەم روونکردنەوەیەی فینۆمینۆلۆجیا ( لە نەیارییەوە بۆ لۆجیک) دەگونزێت لۆجیک ڕۆژی زەمەنی لە ئاکامی هاودژێتی کردنی هاوکات هیگڵی ناونراو بە چەپڕەوی و مارکس دەرکەوتن. مارکس بەڕەخنەیەکی تووندوتیژ دەستپێدەکات، بەڵام هێشتا ڕەخنەیەکی ڕوونکراوە لە فەلسەفەی دەوڵەت و فەلسەفەی حەق (1842–1843)و لەو کاتەوە تیۆری پارادۆکسی هیگڵی دژ بە هیگڵ ئاوەژوو دەکات و سیفەتی پارادۆکسی تیۆرییەکە هەڵدەماڵێ و سنوورێک بۆ پارادۆکسەکانی مێژوو و کۆمەڵ دادەنێت. پاشان مارکس قەواڵەی لە دیاردەگەرایی دەدۆزێتەوە و تیایدا پەی بە تیۆری ئەو مرۆڤە دەبات کە لەڕێگەی هەوڵەکان و کارکردن بە خەباتەکانی لە ماوەی زەمەنی مێژوویی خۆی بەدیدەهێنێت. ئەنپرۆپۆلۆجیای فیورباخی لەخۆ دەگرێت (لایەنە نێگەتیڤە هەڵچووەکەی دەدۆزێتەوە وێڕای بایەخی پەیڕەوکاریی هەستدار کە فیورباخ پەردەی لەسەر هەڵدەماڵی). لۆجیکی هیگڵ لەپێناو

پشنگیری کردنی بیری دیالێکتێکی و فۆرمەلەکردنی مەنهەج. بەمجۆرە لە تێڕوانینی شتە بۆگەڕاوەکان (استعادی) دیاردەگەرایی دەتوانێت لە لۆجیک و بونیادی سیستەم دابڕێت. لەڕاستیدا بەهۆی ڕوونکردنەوەی کەموکورتی لای مرۆڤ، هیگڵیزم چیتر وەک سیستەمێکی تەواو و سیستەمی سیستەمەکان نابێتە گشتێک کە سەرجەم گشتە بەشییەکان (کلیات جزئیە) لەسەر ڕەهایەکی ناسراو و دانپیانراو و داخراو و بەدیهێنراو شانبەشانی دەوڵەت لە پێگەی فەلسەفی خودی ڕامیاریدا بگرێتەخۆ.

### ١١. سەبارەت بە عەقڵانیەتی هیگڵی

ئەو وتە دوو لایەنە فرە قووڵەی ((دەلالەت)) و ((مانا)) لای هیگڵ دەیگوازێتەوە بۆ ئەوانەی دوای خۆی ئاماژە بۆ چەواشەیی دووانێتی (ازدواج) دەکات، بەڵام بەدواداچووی حەقیقەتە، واتا بەپێی پەیوەندی ڕاستەقینە لەگەڵ گشتێتی -کلیە-وێناکراوە. (بۆ نموونە بڕوانە چەواشەکاری نێوان دەلالەت و فینۆمینۆلۆجیا، ل263) ئاماژە سەبارەت بە ئاگایی و بوون و ناوەڕۆک و شێوە (وێنە): دەربڕینە سەبارەت بە بوون و ناوەڕۆک و ئاگایی و وێنە و مەعریفە و دەلالەت. چەشە (اللژە) لەکاتی گەیشتن بەچێژ (المتعە) تەواو دەلالەتێکی ئیجابی هەڵدەگرێت بەوەی کە یەقینی خود دەبێتە دانراو و ئاگایی خود، هەروەها دەبێتە خاوەن دەلالەتێکی خراپ و دەلالەتی پوچەڵکردنەوەی خود بۆ خودی خۆی))- (سەرچاوەی پێشوو ل299). دەلالەتی دوو لایەنیە و مانایە درووست دەکات کە مۆڵگەی لە حەقیقەتدا دەدۆزێتەوە بەبێ توانای هەبوونی ململانێیەک کە بەربەست بێت لەبەردەم هەڵوەشاندنەوەی ئەم سنوورانە. مانا لای هێگڵ هەڕەشە لەڕاستی ناکات. ئارەزوو دەیەوێت خودی خۆی دەوێت، بەم و بەو دەبێتە ئارەزوو

(الرغبە) بەبێ هەڵوەستەکردنی لە ئاکامی بوون بە ئارەزوو: ئارەزوو لە ئارەزوو، ئارەزوو لەوەی ببێتە ئـارەزوودار. دەبێتە پێویستی بۆ شتێک، نێچیری ئەم شتە بەربەستە، دوورییە، بەرگرییە. ئارەزوو لەڕێگەی شتە ئارەزووکراوەکەوە بوونی هەیە و خودی دەناسێت و دان بەوەش دەنێت کە ئارەزووە. ئارەزوو دەخوازێت دستەبەر بکرێت و بەو سیفەتەی کە ئارەزوویەکی دوولایەنی و زۆرەوە بووە و دەبێتە پێویست، زمان و کردار چی دەخوازێت؟ چێتر وەرگرتن لەشت و بەخاوەنبوون و بەکارهێنانی. ئارەزوو بەم کردەوانەی دەخوازێت بگاتە ئاکامەکانی. لەسۆنگەی دەستەبەرکردنی چێژ و خۆشی خۆی لەناودەبات و بەمجۆرە چیرۆکەکەی تەواو دەبێت. ئا ئەمەیە مانای و ئەوەیە راستیەکەی: گشتێکی بەشیە (جزئیە) لەگشتدا (Totalite) لەسەر رێگەیەکی ململانێداردا. دەلالەت دەبێتە هەنووکەیی و مانا پاش لەدەستبوونی کات پەی پێدەبرێت و ئەوەش مانای مێژوو و (تەواوی مێژوو) دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەر کردارێکداساتێک ئارەزوو هەیە، بەڵام ئارەزوو تەنها ساتەوەختێکە بە چێژوەرگرتن خۆی پوچەڵ دەکات بۆ ئەوەی بوار بە دەرکەوتنی راستی ئاگایی، بیرکردنەوە و تێگەیشتە (مفهوم) بدات و لە کۆتاییدا خودی هەستا و بەکار(بکەر) شارەزای راستی هەموو سات و ئارەزوو و چێژ و تەنانەت راستی تێکڕایی (حقیقە المجموع)ش دەبێت.

دەلالەتی ساتەکان کۆدەکاتەوە بەوەش کە ئارەزوو چێژبینی مانایە واتا حەقیقەتی گشت دەگرێتەوە.

### ·13 سنوورداری (التناهی) هیگڵیی:

ژمارەیەکی سنووردار لە شێوەکان و لەو ساتانەی کە پەیوەستداری سەیرورەن هەیە و رێگە بۆ پەیوەندییەکانی و ناسینەوەی و وابەستەیی ئەم سەرگوزەشتە درێژەی کە دەتوانرێت ناوی لێبنرێت (مێژوو) خۆشدەکات.

دووبارەکردنەوەیەکی تەواوی لە سنوورێکی ناهیگڵیانەدا هەیە. نوسینەوەی زەمەن دووبارە بە ئاسانی تەواو دەکرێ بەدەر لە بچوکترین کۆسپ و فەلسەفە لەڕێگەی نموونە (نموزج)ی (خشتەی مەنهەجی و داخراوی لێکدژەکان)، هەروەها بە یەکەی ئامادەکردن لە (پەیوەندی، هاوبەستەیی) سەیرورە زنجیرەیەکی ((ژیانراوە))، بێئاگابوون لە هاوبەستەیی زیادەکات، چی مێژوویەکی مەبەستە؟ مێژووی رۆحـی (بیریاری و نموودی) کە بەشێوەیەکی گریمانەیی لەگەڵ مێژوو (واقیع) یەکدەگرێتەوە. ئایا دەتوانرێت تەنها لەماوەی دواتر نەبێت کە وەک پێکهاتەیەکی کۆتایی پەیدا دەبێت؟.

((ساتەکان)) و پەیوەستییەکانی لە (لێکدژو پەیوەندیدارەکانی) دەبوو لە خەباتی واقیع ئابڵووقە بدرێن. (مرۆڤ) یان چاکتر بڵێین (رۆح) بەو ئەزموونانە تێدەپەڕێت کە لە بناغەوە بەرەو مەعریفەی دەبات. ئائەوەیە چارەنووس و سیستە، رۆح جارێک و جارێکی دی ئارەزوو و سەلیقەی تێگەیشتن و سەردار و کۆیلە و کرێکار و رزگاربوویەکی دەستی وەهم بو، ئەم گوشار و داواکاری و پێداویستیە ئایا لە ڕوانگەی هیگڵەوە پابەندە بە ڕەگەزێکی بناغەیی و بنەڕەت؟ داواکاری خەبات تاکو مردن لە سروشتەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە خودی رۆحەوەیە: لەو سنووردارییەی کە تیادا رۆحی رەها دەستەبەر دەکرێت. لۆجیکی پەیوەستدار بە مێژوو هەرگیز راناگوازرێت بەبێ پێویستی بەدواداچوونی (دووبارەکردنەوەی بەدواداچوون)، مێژوو بێ قەڵەمبازدان لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی. خودی

مەعریفەی فەلسەفی ناتوانێت زەمەن پوچەڵ بکات و تابلۆی تەواوکراو لە شوێنی ناتەواوی فینۆمینۆلۆجی دابنێت. لەگەل ئەوەش بوونی لۆجیک و راستی مێژوویی بە تەنها رێکخەری شێوەکانە لە جووڵ، ئایا ئەمە مژدە بە توانایی (هاوکاتی کۆتایی) تابلۆ نابەخشێت؟ بەڵێ پێکهێنانی لۆجیک لەگەڵ کۆتای، پیرێت، دانایی ئاوابوون و شەو یەکدەگرێتەوە. مێژوو تەواوبوو و مردو بەدەستهێنرا، کەوابوو تەنها لە تواناماندایە خەیاڵ (نەک هەر وێنایەکی تێگەیشتنانە و درووسنکەرانە) لە زەمەنێکی نامێژوویی بکەین.

### 14. سەبارەت بە مەنهەجیەتی هیگڵ:

لە هیگڵیدا لێکدژییەکی ناوەکی هەیە لە گۆشەنیگای ئەوانەی کە بەدوای گوزەرێک دەگەڕێن و ئەوانەی خوازیاری دەرچەیەکن و لێی دەرباز دەبن. پارادۆکسێک لە زەمەنی مارکس و ئەنجلزەوە هەزاران جار راگەیەندراوە.

سیستەمی دیالێکتیک دەڕوخێنێ و بەهەمان پیاکێشان پێکهاتەی تایبەتی خۆی دەڕوخێنێت. بە پێچەوانەی روانگەی ئەوانەی کە بەتوندی ماقوڵێتی سیستەمیانەی (مەنهەجیەت)ی دەپارێزن و دەیکەنە مەرجێک بۆ بیری یەکانگیر. پارادۆکسی لە فەلسەفەی هیگڵیدا هەیە. هیگڵ نازانێت چۆن سیستمە دابنێت و بیپارێزێت، واتا ماقوڵێتی و تێکڕای پەیوەندییەکان و شەفافیەتی دابنێت بێ گەڕانەوە بۆ شتی دی: بناغە (اصل)، قووڵایی (بێ بن) و نهێنی پارێزی، یاخود لانیکەم دووفاقیەک کە فریودان کارێکی خەراپی ئەوتۆی لێدەکات کە بە هیچ شێوەیەک وەسف ناکرێت و هێمایەکی بەدەر لە ماقوڵێتی بیرۆکە و رۆحی رەهاو ناسنووورداری خراپ و چاکەیە. هەرچەندە هیگڵیی لە ڕوانگەی هەندێک کەس دووچاری ئاستەنگی بوو

لەگەڵ (مێژووگەری) ئەوا لە ڕوانگەی کەسانێکی دی دووچاری گرفتە لەگەڵ (سروشتگەرایی). ئایا تێڕوانینێکی نامۆ و سەیر لەم پشکنینەدا نامێنێتەوە؟ سیستمی وتەکانی کانت کە بە شێوەیەکی جێگیر (سکون)ی وەرگیراوە دەگۆڕێت بۆ نامەرجیی (لامشروگ). باڵایی (تعالی، نومین (7)، شتێک لەخودی خۆی بنەڕەت و ئەنجام و دەرهاویشتە (الانگلاق) و کۆتایی. سیستمی هیگڵی خوێندراو بە شێوەیەکی دینامیکی (مێژوو و دیالێکت)، هەروەها دەگوڕدرێت بۆ شتی بنەڕەت، بەڵام ئەمە شتێکە لە (پەنهان).

ئەو گرفتەی کە لە هیگڵی سەرهەڵئەدات (درزی تێدەکەوێت) ئایا گرفتی ئەم پەنهانیە نییە کە دواجار هەڵدەوەشێتەوە بۆ سروشتگەرایی و مێژووگەری؟ ئایا پەیوەندییان چییە؟ ئایا مێژووگەری لە ئارادایە لەبەر ئەوەی سروشتگەرایی، پێکهاتن و بنەچە و خاڵی دەرکەوتنە؟ ئایا سروشت تەنها پێدراوێکی مێژووییە؟ هێمادار و پاشماوەی شیکارییە؟ ئایا بەرامبەر سیستم بە ڕاپێچانی مێژوو لەگەڵ خۆی هەرەسدەهێنێت؟ دەتوانرێت پرسیاری ئەوە بکرێت کە بیری فەلسەفی دوای هیگڵ لەنێوان (گەوهەریتی)-بوونگەرایی Substantialisme لاسەنگ دەبێت و هەرگیز ناتوانێت شەرعیەت و (فۆرمالیزمی) (صوريه) بەدەسبهێنێت و هەرگیز هەڵوەستە ناکات. ئایا ئەمە دۆخێک نییە کە پێویستی بە تێپەڕاندن بێت بەهۆی بیری دوابەدوای-فەلسەفی (مابعد الفلسفي)؟

### 15. هیگڵیی نوێ:

بەمجۆرە دەوڵەت بە مەرج و سوپاو دادگا و ئەو دەزگا جیاوازانەی کە تەرخانیان دەکات و لە ڕێگەیانەوە دەسەڵاتی دەسەپێنێ و بەو توانا داپڵۆسێنەرانەی کە پابەندە پێیانەوە قایل نابێت و ئەم هێزانە بەشی

ناکەن، هەروەها پێویستی لە گەواهی ڕەوشتی چاک و ژیان و دابوونەریتی چاک دەبێت، گەواهیەک شایەتی عەقڵانێتی و ئاکارناسی پێدرێت بە تەنها فەیلەسوف دەیبەخشێت. لە زەمانی هیگڵەوە شەڕەنگێزی بنەڕەتی لە پیشەی ڕەسمی فەیلەسوفدا بەدیدەکرێت. بەم مانایەش هیگڵ تا کۆتایی پێشەوایەتی فەلسەفە دەکات. فەلسەفەی توند داچەقاند و دیماهی خۆی لەسەر دانا. بە ڕاگوازتنی فەلسەفە بۆ خزمەتی گشتی (وێنەی کارە خزمەتگوزارییەکانی دی، لەرووی ئاکارییەوە تیا دەنوێنێت، بەڵام یە هەمان شێوەی هەستان بە فەرمانێک و ئاراستەکردنی لەپێناو بەرژەوەندی دەوڵەت و پێدانی شەرعیەتی.فەیلەسوف دەبێتە خزمەتکارێک نەک خزمەتکاری ئایین، بەڵکو خزمەتکاری میر، هەروەها بەبێ پاداشتی گەورە. نەهامەتی هیگڵی لەوەدایە کە ناتوانێت دانپیانان بۆخۆی دەستەبەر بکات، وێڕای ئەو تەقەلایەی کەدەیدات، ستالینیەت لەڕووی گەوهەرەوە هیگڵیەتێکی تازەیە، ئەمەی بۆخۆی نەدەویست و نەشیدەزانی کە وەهایە و پتر لەوەش ڕێگەی لە هیگڵیەت گرتبوو، چونکە ئەڵمانیە. ئەم پرسیارە تەواو نەبوو. نە هیگڵ و نەش هیگڵێتی کاری خۆیان بەدەستهێنا. لێکهەڵوەشانەوەی مارکس بۆ هیگڵیزم نەبووە هۆی کوشتن و لەتوپەتکردنی لەگەڵ بەکارهێنانی بەشەکانی (نامۆبوون و دیالێکتیک و هتد)، کە ئەژدیها زیندوو دەکاتەوە.

هیگڵیە تازەکان خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش دەکەن و زەوی خۆشگوزەرانی لەنێوان سەرمایەداری دەوڵەت و سۆشیالیستی دەوڵەت پێشکەش دەکەن (هەردووکیان دەوڵەت دەکەن بە پەرستراو و داوای پێدانی شەرعیەتی بۆ دەکەن و بۆ ئەم مەبەستەش ئایدیۆلۆجیەتێکی گونجاوی پێدەبەخشن). جێگەی سەرسوڕمانە هیگڵیزم هێشتا لە ڕوانگەی هەندێک نەفسنزمەوە وەک بوێرییەک دەردەکەوێت.

### 16· هیگڵیزم و نوێخوازی:

جیهانمان ژیره، هەروەها ماقوڵیشه. هەموو شتێک کە ڕوودەداتْ بەگوێرەی تێگەیشتنی هەڵسوکەوتْ دەکاتْ بێئەوەی بە شێوەیەکی تەواو بەدەستی بهێنێتْ. پاشان هەموو شتێک بوونێکی دووانی هەیە: ماددی و شێوەیی (صوری)، کۆمەڵایەتی و زەینی، کردەکی دەزگایی، هەستپێکراو و رووتْ و کـاراو بیروکراسی. یەکەمیان لاسایی دووەمـی نزیک یان دوور دەکاتەوە. تەنها دەوڵەتْ مەبەستدار نییە، بەڵکو شتە رۆژانەیی و جۆراوجۆرەکانیش و ماهیەتەکان مەبەستن.

بەمجۆره ئـەدەب تابڵێی پتر سنوور بۆ تێگەیشتنی (مفهوم) ی خۆی دادەنێتْ و ئەویش نووسینە واتە ئەو شێوازەی کەنووسەر و ئەدیبی تایبەتمەند پابەندێتی و نیشانە بینراو و خوێنراوەکان لەگەڵ ئەدەب دەگونجێنێ بۆ ئەوەی لەبازاڕی نووسراو بەکاری بهێنێتْ. دەتوانین بڕوا بەوە بهێنین کەبەکارهێنانی ئەو شتانەو زیادەڕەوکردن تیایاندا ئەشێ زیان بەکاری تایبەتمەند بهێنێتْ و خێرا خوێنەر تەواو بە گەمەی ناسینی کاری پێشکەشکراو نیشانەکان و جۆر و جیاوازی جۆرو نمایشکردن و تەکنیکی پێکهێنان و هتد قەڵس دەبێتْ. بە پێچەوانەوە رەزامەندی عەقڵانی و زانستْ و دانایی لە هەموو بارودۆخێکدا خۆی دووپاتْ دەکاتەوە. ئایا ئەم جیهانەمان جیهانێکی هیگڵی نییە؟ نەک تەنها ئەوە، چونکە دەوڵەتْ لە هەموو کاتێکی رابردوو بە زەبروزەنگترە. بە دەسەڵاتْ قایل نابێتْ، چونکە پشتگیری کۆمەڵ دەکاتْ و رێنمایی دەکاتْ، هەروەهاش لەبەر ئەوەی عەقڵانیەتێک (پێدەچێتْ عەقڵانیەتێکی جەختلێکراو بێتْ)، خزاوەتە نێو هەموو شتێکەوە.

هیگڵ بە تەنها بەربڵاو نابێتەوە بەسەر ئاسۆی فەلسەفی یان وەک ئەوەی پێیدەوترێت ئاسۆی بەرفراوانتری مەعریفە و کار، بەڵکو وەک ئەزموونێکی بیرو سەنگی ویستراو یان نەویستراو دەمێنێتەوە. ئەوەی ئەمڕۆ هیگڵی لە گەرماو گەرمی (نوێخوازی) وەک نموونەیەکی فەلسەفی وەسف و قبووڵ بکات، هەروەها فەلسەفەی دەوڵەت قبووڵ دەکات ئەو دەوڵەتەی کە (بە نهێنی و بە ڕاشکاوی) لەلایەن فەلسەفەوە، فەلسەفەیەک بە واتای دەزگاو خزمەتگوزاری گشتی شەرعیەتی پێدراوە. لە ماقوڵیەتێکی باڵا رووپۆشی نێوان واقیع و ماقوڵێتی لادەبات. هاوشانی فەلسەفە بە لۆجیکی دەوڵەت و سیستەمەکەی قایل دەبێت. خودی (رۆح) بە خۆهەڵقوتاندنی نێوان مەنتیق و مێژوو قایلە: لۆجیکی دەوڵەت بەناوی لۆجیکی مێژووی نێوان لۆجیک و مێژوو؛ لۆجیکی دەوڵەت بەناوی لۆجیکی مێژوو بەکورتی، دەوڵەت بەناوی مێژووگەرییەوە هەموو بیرێک بە ڕەخنەی ریشەیی دەستپێناکات (رەخنە لە ریشەو دەرکەوتن و بناغەدا) درێژە بە فەلسەفەی هیگڵی رامیاری دەدات. رژێمی داسەپاو و هەڵکەوتوو درووستدەکات و شەرعیەتی دەداتێ. ئەوەیە کارو پیشەکەی هیگڵیی، خوێ خزمەتی دەوڵەت ئەکات و دانبەوەشدا دەنێت دەزانێ بوونی مەعریفەکەی لێرەدایە کەواتا ئەم جیهانە وەرگیراو و بەدەر لەهێزی رەتکردن و ئەو نەهیکارییەیە کە دەیسەپێنێت و لە دەرەوەی رەخنەی ریشەیی بە شێوەیەکی تیۆری رەتیدەکاتەوە.

جیهانی هیگڵیی بە شێوەیەکی قووڵ جدییە، بەڵام بەبێ بوونی قووڵایی مێژوویی. بە پێچەوانەوە تەنها لەرێگەی پوختکاری و ئاکام پاراستویەتی هیگڵییەکانی پیاوانی دەوڵـەت ئەوانەن کە بڕوا بە نەمرێتی دەکەن. هیگڵیستەکان پیاوانی زانست و تەکنیک کارو بڕوادارانی یەکێتی واقیعی عەقڵانین (تیادا و لە خۆیانە). هیگڵیستەکان ئەوانەی کە خاوەن تایبەتمەندی

مەعریفەن و ئەوانەن تایبەتمەندێتی پێدەدەن و دەیکەنە دەزگاداری.

### 17· مێژوو و دیالێکتیک لەدوای هیگڵ

هەرچەندە تیۆری هیگڵ بۆ دەوڵەت و هەڵوەشاندنەوەی لۆجیکی فشارکار لە سەیرورە و مەسەلەی بەکاربردنی زەمەنی مێژوویی چاوەڕێی سەپاندنی حوکمی مردنی دژ بە دیالێکتیک لێدەکرا، ئەوە مەسەلەیەکی گەلێک زانراو ناسراو بوو، بەشداربوونی فەلسەفەی رەخنەیی و رەخنەی فەلسەفی بیری دیالێکتیکی دەکوژێت ( بیری سەلبی و بیرکردنەوە لە نەفی) لەبواری سەرکەوتنی دەوڵەت و سیستەم)، هیگڵ ئەم بارودۆخە و میراتەکەی بۆ ئەوانە بەجێدەهێڵێت کە لەدوای خۆیەوە دەخوازن فەلسەفە بهێڵینەوە، بەڵام گەر دیالێکتیک لەرووی موجەڕەد و تیۆری لە یەککاتدا بە دابڕاوی لە لۆجیک، کارکردن، پەیڕەوکاری و ئیشکالیەتی هەستپێکراو بەردەوام بێت ئەوا تەنها سەفستەیی و جەدەل و گفتوگۆ و رووبەڕووبوونەوەی بێهودەی نێو لێکدژەکانی لێدەمێنێنەوە و لەوانەشە نزیکبنەوە لە سەرقاڵبوون بە کۆتایی مێژوو یاخود بە دەرچەکەیەوە. دیالێکتیک، تەفیەکی دابڕاوە لە دەوروبەری خۆی دەسوڕێنەوە و لۆجیکی قبووڵکراو (زانستی کۆمەڵایەتی و ئەیدیۆلۆجیا) لۆجیکی دەوڵەتە لە قبووڵکردنێکی ئەزموون. اویدا هەڵدەوەشێت لە کاتێکدا دیالێکتیک لەنێو خۆباییبوونی نەرێی روونکارانەی واقیع وون دەبێت، بەڵام گەردان بە کۆتایی دیالێکتیک بهێنێت لەبواری زانستێکی تایبەتمەند بێت یاخود براگماتی و ئاکام قبووڵکردنی (پوزەتیڤزم) بێت سنوور دەبەزێنێت (ئەمەش کارێکە پشتی پێدەبەستریت، بەڵام لە سۆنگەی رێگەیەکی دیکەوە کە دەوڵەت و عەقڵانیەتی دەزگایی قبووڵ بکات)، کەواتا ئەمەیە دۆخی تیۆری دیالێکتیک لەدوای هیگڵ دەمێنێنەوە گەر رەخنەی

ریشەیی لە سیستمی فەلسەفی و تەنانەت لە فەلسەفەش جیانەکاتەوە وەکچۆن لقێک لە درەخت جیا دەبێتەوە بۆ ئەوەی خۆراکی درەختێکی تر بخوات. بێتو دیالێکتیک ناوەڕۆکێک بۆ دابڕانە رەخنەییەکەی نەدۆزێت و توانای بوونیادکارانەی جێبەجێ نەکات، ئەوا دووچاری ونبوون دەبێت و دۆخەکەش ماوەی سەدو پەنجا ساڵە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، کێشەیەک لە ئارادایە، گرفتەکە راکردنە لە کێشەکە و بەجێهێشتنی دوولای مەقاشە بە داخراوی لەسەر بیر.

کێشەکە فەلسەفیانە فۆرمەلە دەکرێت و ناوجەرگەی فەلسەفە پێکدەهێنێت. بیری فەلسەفی بۆ ئەوەی بە داخـراوی نەمێنێ پێویستە قەڵەمباز بدات و گەر پێویست بکات بەرەو پێشەوە هەنگاوبنێت ئادەگاتە دوا بەدوای فەلسەفە (مابعد–الفلسفە–Metaphilosphie).

### 18. مارکس - هیگڵ

لێرەدا باراگوازتنیی کردەکی زمانەوانی و ئامرازی زانستی زمان بخەینە لاوە، ئەی دەقەکان؟ بە هەزاران جار بڵاوکراونەوە و پۆڵێنکران و بەشکران و رێکخران و هەڵوەشێنران و دووبارە بوونیاتنران و چارەسەرکران و شێلران، کێ ئەوە نازانێت کێ بتوانێت خۆی لێ بێئاگا بکات بە ئاستەنگی دەتوانێت پەی پێبەرێت با گرنگی بە هێڵە گەورەکان بدەین واتا بە پەیوەندی ناتەواوی هیگڵ و مارکس کە پەیوەندییەکە ناگەڕێتەوە (بۆ کاریگەری) هەروەک ناشگەڕێتەوە بۆ خۆتێگلاندنەش بۆ ئەو دوژمنکارییەی بەردەوام بە تەنیا لەگەڵ (فەلسەفایەتی یاخود زانستگەریی) یەکناگرێت یاخود لە (ئەبستیمۆلۆجی و رامیاری) دانابڕێت، بەڵام هەموو ئەم لایەنانە دەگرێتەخۆ. هیگڵ لە روانگەی مارکس باوکی نەمرێتی و خاوەن کارێکە کە سەرمایەی بیری گرتۆتە دەست.

زەوتکراون و زەوتکارە. ئەم فریشتەیە خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمی بیرە، سەرکاری میراث لێپاڕانەوەی چی سوودێکی هەیە؟

ئەوەی هەیەتی پێویستە لێی بەرین: تێکی شکێنین و دەستی بەسەرا بگرین و ئەوەی لێمان ساندووە بیشارینەوە و بە شێوەیەکی ئاشکرا بەشە بێبایەخەکان هەڵگرین و شەوانە بە هەنگاوی دزئاسایانە بگەڕێینەوە بۆ ئەوانەی کە گرنگن نزیکەی نیوسەدە لە پەیوەندی ئاڵۆزی شاراوە و ئاشکرا هەیە لەپێناو رزگارکردنی دیالێکتیک بە جیاکردنەوەی لە لۆجیک بۆ دووبارە گەیاندنەوەی بە شێوەیەکی باشترو لەپێناو روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان بنایەتی دەوڵەت و کۆتایی مێژوو لەرێگەی ئاوەژوکردنی پەیوەندی هیگڵی و جەختکردن لەسەر کۆتایی دەوڵەت بەو سیفەتەی کە مەرجی قەڵەمبازدانی مێژووە، واتا هەوڵی کارێک و پەلەوەرێکی راوکراو و کارێکی خاووخلیچک و هەڵفرێنێکی کنووپڕە. لە سەرەتای هەموو شتێکدا مارکس دەخوازێت ئەوە دەربخات کە مێژوو بەردەوام دەبێت، پتر لەوەش لانیکەم مێژوویەتی راستەقینە و مرۆییانە دەستپێدەکات بێئەوەی کۆڵ بدات و ڕەوتی هێرۆکلیتی ناتوانرێ تەواو بکرێت. دەوڵەتی هیگڵیی و بناغەی کۆمەڵایەتی و پایەکانی لە (چینی ناوەڕاست و بیرۆکراسیەتی دەوڵـەت شانبەشانی کارامەیی و عەقڵانیەتەکەی) بەرامبەر بە لێدانەکانی شۆڕش خەریکبوو هەرەس بهێنێت. ئایا هیگڵیزم تیۆری جیهانێکی هەڵگەڕاوەیە کە پێویستە هەڵگەڕێنرێتەوە لەگەڵ جیهاندا. هەڵگێڕانەوە: واتە گێڕانەوەی بۆ دۆخی راستی نەک بەبێ چاکەسازی لەوساتەی کەتیادا مێژووی (واقیعی) تەواو دەبێ و مێژووی راست (درووست) دەستپێدەکات، هیگڵ مردنی ئاشکرا دەکات. چینی ناوەڕاست و بیرۆکراسیەتی دەوڵەت لەگەڵ عەقڵانیەتە سنووردارەکەی نەمر دەکات بەرەو رەهایی بەرزی دەکاتەوە مارکسی لاو کە دەبێتە فەیلەسوف لەرێگەی

(پیاکێشانەکانی چەکوش) داروخانی دەوڵەت رادەگەیەنێت، بەڵام ئەم سیستمە تێکشکاوە لەبەر هەبوونی چەپڕەوی هیگڵیی و راستڕەوی هیگڵیی و مارکس هەڵدەستێت بە تێپەڕاندنی ئەم ترازاندنە لەرێگەی تێپەڕاندنی ئەم (چەپڕەوییە) کە لە پارچەکردنی پەلوپۆی هیگڵیزم بەولاوە چیدی نازانێت.

## 19· مارکس و مێژووگەری

مارکس مەبەستی چییە کاتێک لە ساڵی 1845 لە کتێبی (ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی) ئەوە رادەگەیەنێت کە لە زانستێک بـەولاوە چیتر نازانێت کە ئەوەش مێژووە؟ ئەم راگەیاندنە گەلێک روون و ئاشکرایە، بەڵام ریزبەندییەکەی ئەوە دەردەخات کە بیری مارکس لە ئەمومژاوێتی دەرباز نابێت و دواتر پەی بە ماناکەی دەبرێت. لەم کتێبەدا جارێک مێژوو لەمیان کاری مرۆیی ئاراستەکراوی مەبەستگەرایی وەسفدەکرێت و جارێکی دی بە سانایی دوابەدوای یەکهاتنی نەوە مرۆییەکان وەسفی دەکات، (پێداگری بابەت لەسەر سنووردارییە نەک مەبەستگەرایی).

بێگومان مارکس مەبەستی ئەوە نەبوو کەهەمیشە توانای ژمارەدانان و پۆلێنکردن و ریزبەندی رووداوەکـان کە مێژوونوس بە مێژوویی لە قەڵەمدەدات و گرفتی مەعریفە ئەوەیە کە بە (مێژوو) ناوزەد دەکرێت. ئەو مەبەستی ئەوەیە کە ئەوە واقیعە و مێژوو کاری پەیڕەوکردنی رامیارییە و شۆڕش ئەم واقیعەی کە کردار بەرهەمی دەهێنێت بە رۆڵی خۆی مەعریفە بەرهەم دەهێنێت، مێژوو بێ مێژووگەری نابێت. ئەم مێژووگەرییە لەسەر بناغەی دوابەدوایەکی یاخود کۆمەڵێک رووداو کردەوە دادەنرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەفراندنی عەقڵانی بۆ کاری (دەزگا و بیرۆکەکان)

دادەمەزرێت، مێژووی وێناکراو بەم شێوەیە کارا دەبێت و جێگەی فەلسەفە دەگرێتەوە و ئامانجە هەرە گشتگیرەکانی گەشەی مرۆیی دەپارێزێت.

## بەشی دووەم

مەبەستەکان لای مارکس لەسەر بنەمایەکی هەرە واقیعیانە ریزبەند دەکرێت بە شێوەیەک کە نەخشەی ستراتیژییەتێک دەکێشێت، ئەوەتا ئەو رووداوانەی مارکس پێشبینی دەکرد هەر هەمووی بەپێی توانا دێنەدی و سنوورێک بۆ نامۆ بوون دادەنێت و ئاسۆیەکی نوێ دەکێشێت و دەرچەیەک دەکاتەوە .

ا. کۆتایی ئایین «ئێمە نالێین مەرگی خواوەند بێت» ؟، (چونکە ئەم فۆرمەلە درامیە لەسەر حسابی مارکس تۆمار ناکرێت)، کەوابوو کۆتایی نامۆبوونی ئایینیە لە رێگەی رەخنەی ریشەیی و گۆڕانکاری پراکتیکی و دەوڵەمەندکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

ب. کۆتایی فەلسەفە ( کۆتایی عەقڵانیەتی بیرکردنەوەی قووڵ ( تامل ومنهجیە ) لە رێگەی بەدیهێنانی پڕۆژەی فەلسەفی دانراوەیە هەر لە سوقراتەوە تا دەگاتە هیگڵ لەو رووانەی کە پەیوەندیدارن بە ئازادی و پێویستی و کەمدەرامەتی و چێژ بینین و ئارەزوو و عەقڵ و ڕاستی و خۆشنوودی.

ج. کۆتایی ( مرۆڤ ) و ( کۆتایی ئەنپرۆ پۆلۆجیای رووت) لە رێگەی ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز و هەروەها رووکەش

لەگەڵ پەیوەندی داپچڕاو لە چوارچێوەی رووتکاری بێهوودە و داسەپاو و کوێرانە.

د. کۆتایی ئایدۆلۆجییەکان و کۆتایی « راستی رووت» لە رێگەی دانانی راستی هەستدار، واتا راستی پڕاکتیکی و کۆمەڵایەتی لە جیاتی روونکردنەوەکان و نمایشە بەکارهێنراوەکانی چینە دەسەڵاتدارەکان.

ه. کۆتایی دەوڵـەت ( بە لەدەستدانی کارگێڕی کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەم هۆیەکانی بەرهەم و کارو پەیوەندییە دامەزراوەکان لەسەر بنەمای خاوەندارێتی تایبەت بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان بنبەست دەکات و جێدەسەڵاتی سیاسی و داپڵۆسینی پۆلیسیی دەگرێتەوە).

و. کۆتایی ئابوری – رامیاری ( لە رێگای وەرچەرخان بەرەو خۆشگوزەرانی، ئابوری – رامیاری تەنها زانستییەکی کەمی هەیە لە بواری هونەری دابەشکردندا)، بە هۆی گەڕانەوە بۆ نەریتە ماقوڵەکان، کۆتایی کارەکانە.

ژ. کۆتایی مێژووگەری کوێرانەی دامەزراو لەسەر بنەمای داسەپاوە ئابورییەکان و خەباتی چینەکان و رێککەوتن و کارگێرییە تایبەتییەکان.

ح. دواین کۆتایی، بەڵام بایەخی کەمتر نییە: کۆتایی خودی چینە داهێنەرەکان یاخود بەرهەمهێنەرانی مێژووگەرییە لە کۆمەڵێکی بەدەر لە چینەکان و لە رێگای ئەم کۆتاییانە دەهۆڵیش دەکوتێت، گەر رێگای ئەم قسەیەمان بدرێتێ. ئەم تابلۆیە « مەلەکوتی مەبەستەکان « مەبەستە بچوکەکان بەو سیفەتەی مەبەستی لاوەکین لە: خێزان، نەتەوە و سەرمایەی فەرامۆش کرد. ئەمانە کۆتا گەلێکی لاوەکی دەست لێبەردراون و وەک کۆتایی کۆتاکان ملکەچی کۆتا مەزنەکانن.

دەتوانین بڵێین ئەم دوا بەدواییەکانە: خشتە زەمینەی کۆتاکان

راستیەک دەسەپێنێت کە پرۆلیتاریا کۆتاییەک بە خۆی دابنێ، بەو سیفەتەی پرۆلیتاریا خۆی نەفی بکاتەوە واتا لەلایەن خۆیەوە ببێتە وێنەی رەتکەری کۆمەڵی بۆرژوایی.

**21-کێ مێژوو بە گوێرەی مارکس دروستدەکات ؟ کێ ؟**

بێگومان رۆحی رەهای وەرگێڕاو بە سیفەتی خود نییە. عەقڵ یان مەعریفەی ناسراو نییە، هەروەها وەک سیفەتی خودەکان تەنانەت ئەو گەلانەش نین کە دەتوانن لەگەڵ یەکدی شەڕ بکەن و بەسەرهاتەکان لە ( رووداو، رووداوی مێژوویی، چیرۆکی داستان ئامێز و تراژیدیاکان)، بووروژێنن بێئەوەی ئەم رووداوانە پەیوەندییان هەبێت و ئەم پەیوەندییانەش مانایان هەبێت. ناکۆکی ململانێی گەلان نابێتە هۆی مێژووی سەرکێشییەکان و کردەوە مەزنەکانیان و بەبێ یاسای ناوەکی دێن و دەچن. کەوابوو کێ مێژوو بە گوێرەی مارکس دروست دەکات؟ چینەکان و بۆرژوازیەت لەپشت هەموویانەوە و پاشان چینی کرێکار و مێژوو لە ئارادا نییە. ( دوا بەدوای ئەوەش ماقوڵی روکەشێنی لە ئارادا نییە)، تەنها بە ئەندازەی خۆتێگلانی چینی کرێکار نەبێت کە مێژوو درووستی دەکات. لە روانگەی مارکسەوە بکەر خودە کە لە خودی خۆیدا دەتوانێت مەعریفە و ئیرادە و بەکارهێنانی رێپێدراوەکان بە سیفەتی داسەپاوەکان کۆبکاتەوە. ئەو ئەمڕۆ بڕوای بە پەیڕەوکاریە کۆمەڵایەتی و رامیارییەکان هەیە.:

1. مێژووگەری ( بابتگەرایی و عەقڵانیەت )، بەرهەمی رووداوەکانن.

2. مەعریفە ( زانستی تیۆری ) مەعریفەی ئەم مێژوو گەرییەیە.

3. ئاگایی مێژوویی وەک کۆکردنەوەی پەیڕەوکاری و مەعریفە لە ئاگایی خودادایە، بەڵام بۆچی سیفەتێ؟ ئالێرە چەمک و شتەکان ئاڵۆز دەبن لە روانگەی مارکس لە ژمارەیەک دەقی فەلسەفیدا، ( دەقی هیگڵی و

دیالیکتیکی). پرۆلیتاریا وەک ڕەتکەرەوەیەک خۆی تێدەگەیەنێت. سەرجەم ڕووداوەکانی پێشوو تووڕ دەدات؟ ئاخۆ بۆچی لەبەر ئەوەی کە هیچی پێنییە، لەبەر ئەوەیە کە نوێنەرایەتی هیچ شتێک ناکات؟ ئەمەیان بێت یان ئەوە، چینی پرۆلیتاریا تەنها ئەوەی لەسەرە کە لە بندکارییەکانی ( بەیاننامە ) (7) ڕزگار بێت کە بە هۆی بوونی خودیەوە کۆمەڵی بۆرژوایی ڕەتدەکاتەوە. ئایا بە خۆکردەکی خودێکی مێژوویی پێک دەهێنێت؟ بێگومان مارکس بیر لەوە دەکاتەوە. چینی کرێکار بە دروستکردنی مێژوو لە خۆیدا خودێکی مێژووی دروستدەکات لە ڕێگای بەرهەمهێنانی نەرێنی کردەکی بۆ ئەوەی بوونی هەیە و بە شتێکی دی دەگۆڕێتەوە بە سیفەتی ئەوەی نەفیەکە بەر لە هەموو شتێک وەک نەفی کارا نییە.

بەم شێوەیە مارکس بابەتگەرایی هیگڵ بۆ نەفی دەگەڕێنێتەوە، واتا لە ڕێگای بەخشینی خەبات تاکو مردن بە پرۆلیتاریا. پرۆلیتاریا تاکو مردن پێشەوایەتی خەبات دەکات دژ بەوەی لە ئارادایە و بەرەو ئەوی تر لە پێناویدا، بەڵام لەو کاتەدا بۆچی ئەو مێژووەی کە پێشی دەکەوێت و خودی ئەو مێژوو گەرییە تووڕ نادات؟ بەڵام ئایا نەهامەتی ڕەها دەبێتە پاڵنەر بۆ کارکردن؟ دەبێتە چی کارێک؟ یاخیبوونێکی هەڕەمەکی یاخود شۆڕشێکی سەراپاگیر؟ ئایا مەرجەکان پێویست نییە بخرێنە بەردەست تاکو شۆڕش پەیڕەو بکرێت و توانای سەرکەوتنی هەبێت؟ ئەو مەرجانەی کە بواری کارکردن دەدەن سنووری بۆ دادەنێن.

ئایا چینی کرێکار پێویستی بە جۆرێک لە ئیجابییەت نییە تاکو دۆخی نەفیکارییەکەی بگۆڕێتە پرۆژە، بەرنامە و کارێکی سیاسی دیاریکراو لەلایەن ستراتیژەوە؟ ئاخۆ ئەم پشتگیرییە لە کوێدایە؟ ئەم تەواوکەر و زیادەکارییە پێویستە؟ لە چینەکانی تردایە؟ لەو چوارچێوانەدایە کە لەو

ساتەوە قبووڵ کراون؟ بەهۆی خودییەوە ئایا پێویستی بە سەرچاوەی بژێوی و چوست و چالاکی نییە بۆئەوەی لێرە و لەوێ پێی بناسرێتەوە؟ هەمیشە لە نێو پەیوەندی یاخود مەرجە تایبەتییەکان ناتوانرێت نەتەوە پێکبهێنرێت، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ سروشت (naturalite) هەیە بە شێوەیەک کە ئێستا چوار دەستەواژە لە ئارادایە:

نەفی و جەختکردن - مێژوو گەری یاخود سروشت و پابەندبوونی یاسا بە کۆمەڵێک نەتەوە.

**22.هیگڵ و مارکس خەبات تاکو مردن**

چۆن هیگڵ لە سەرەتا و مارکس دواتر لە پوچێتیەک رزگارییان دەبێت کە فەیلەسوفەکانی دەوروبەریان لەو روەوە داکۆکیان لێ ناکەن؟ لێکچوونی جوان و چاکیان نییە هەروەک ئیرادەی چاک و رۆحی جوانیشیان نییە. چاوەڕوانی ئایندەیەکی باشتر و هۆشێکی هێمنیان نییە کە بە هۆیەوە بزانرێت خاوەن رەوای حەقن.

ئەوان لە میانەی تیۆری خەباتی بەردەوامی دووانی دژی سروشت و لە نێوان پێکهاتە مێژووییەکاندا لە پڕوپوچییەکان هەڵدێن. خەباتی نێوان هێزی کۆمەڵایەتی و رامیاری مەسەلەیەکی خراوەروو یاخود رووداوێک نییە سەبارەت بە کارکردن لەسەر هیگڵ، کارکردن خەباتێکی دوو چاککەرەوەیە. دژی سیفەتی ماددی و دژی سەردار کە حوکمی کۆیلە دەکات و دەیچەوسێنێتەوە. هەر خەباتێک تاکو دەگاتە سنووری خۆی دەبێتە خەبات تاکو مردن بێت. سروشت دەگوازرێت تەنها بۆ جیهانی مێژوویی کاتێکە کرداری نەفی خۆی دەگلێنێت و دەبێتە واقیع، چۆن؟ بە کارو بە جەنگ.

بە گوێرەی بۆچوونی هیگڵ مێژووی ململانێی خوێناوی و شەڕ و

شۆڕەکان، بۆ داننان بەوانەی کە کاردەکەن، پاشان لە پێناو داننان بەوانەی کە سروشت دەگۆڕن ( بڕوانە کۆجیف، سەرچاوەی پێشوو. ل ، 55 ). لە ڕێگەی کرێکارو کۆیلە، ئەم عەدەمەی کەوا هێشتا « مرۆڤ «ە بە گوێرەی بوونی سروشتی دێتە بوون و دەبێتە جیهانێک. بوونی « مرۆڤ « و سەربەستیەکەی لە سۆنگەی خەبات و مەترسی خەبات تاکو مردن ئێدەپەرێت و بەمجۆرە مرۆڤ لە جیهان لەدایک دەبێت. نەک بە سیفەتی گەوهەرێکی لەوەوبەر دروستکراو، بەڵکو بەو سیفەتەی دەچێتە عەدەمی ئەگەراوی ( محتمل ) کە بوون ڕەتدەکاتەوە لە بەرایی ( سروشتی ) و زەمەنی مێژوویی لەناویدا. لە دیاریکردنی دووانیدا ( مزدوج ) لەدایک دەبێت بۆ کارکردنی کردەکیانە و لە ناویدا: کارو خەبات هەیە وێڕای ئەوەی تیۆری نامۆبوون لای هیگڵ تەماوی دەمێنێت کە هەمیشە بە ونبوونی (بوونی) بەرایی پێناسە ناکرێت، چونکە ئەم « بوونە – لەوێ « کە ماوەیەکی درێژخایەن ونبووە ئەبێت ڕەتکرابێتەوە ( تێپەڕێندرابێت )، بەهۆی کارو خەباتەوە.

زەوتکاریی لای هیگڵ ئەوەندەی بەهۆی ڕاوەستانی خەبات و کزبوونی کردارەکە و وەستاندی مومکین دیاریدەکرێت زیاتریش بە سەرنگومبوونی « گەوهەری « ونبوو دەناسرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بابەتگەراییە وردو ئاشکرا نابێت لای مارکس نەبێت لە ساڵی 1844. خەبات هەتاکو مردن بە واتایەکی بەهێزتر بوونی مرۆیی بەرهەم دەهێنێت و هەر ئەمەشە کامڵبوون لە دیدگای هیگڵ بەم جۆرە ڕووندەکاتەوە: ئەو هاوڵاتییەی شۆڕشگێرانە خەبات و کار دەکات سەرباز و هاوڵاتی سوپاکانی ناپلیۆنە و لەو ڕوانگەیەوە وەک هاوڵاتیەکی دەوڵەتی کارسپاردە و مێژوویی دەردەکەون و لەڕووی دیالیکتەوە تایبەتمەندی لە گشتگیری تێپەڕینی بە درووستکردنی ئاگەرایی گشت.

مارکس ئەم سیما دوو لایەنە وەردەگــرێ و بونیاد و بزووتە دیالێکتیەکەی لە کارکردن و خەباتْ بە ووردی دەردەخاتْ. خەباتْ لەناو رووەکانی مێژوو لە خەباتی چینەکاندا چڕ دەبێتەوە و پاشان لە قۆناغی پیشەسازیدا دەگاتە پلەی کامڵبوون و تیۆری رامیاری سەر بە عەقڵانییەتی بیرۆکراسییەکان و چینی ناوەراستْ پووچەڵ دەکاتْ و چینی کرێکار دەخاتە ژێر بەرپرسیارێتی بەردەوامبوونی مێژوو و پێشەوایەتیکردن بەرەو ئامانجی خوازراو.

**23.مێژووگەری لە تێروانینی مارکسدا**

بەمجۆرە فۆرمەلەی ساڵی 1845 لەمەڕ بەرایەتی رەهای مێژوو و هەڵوێستی تیۆری نووسینەکانی ئەم قۆناغە روون و ئاشکران، بەڵام دۆخەکە ماوەیەکی زۆری پێناچێتْ.

1. جۆرێک لاسەنگی لەبارەی چەمکەکان لە ئارادایە: بەر لە مێژوو، مێژوو، دوا بەدوای مێژوو- دوا گریمانەی پێشووتری تێدایە و هەرگیز ئاشکرا نەکراوە). ئەو قۆناغەی کە رەگەزی مرۆیی تیایدا مێژووی خۆیان درووستْ دەکەن، بەڵام نازانن چۆن و پاشانیش نازانن چی دەکەن و ئەنجامی کارەکانیان چۆن پەلکێشیان دەکاتْ. ئەم ساتە لە تەواوبووندایە و رووکەشێتی دەستپێدەکاتْ. ئەوەی پێیدەوترێتْ مێژوو، کەواتا تەنها بریتیە لە پێش - مێژوو.

مارکس کۆتایی پێش - مێژوو رادەگەیەنێتْ، کەواتا ئەو مێژووەیە کە لەگەڵ شۆڕشی پرۆلیتاری دەستپێدەکاتْ: مێژووگەرییەکی ناسراو و دانپیانراوە کە بە شێوەیەکی تایبەتْ چینی کرێکار بە ئاگاییەوە بەرهەمی هێناوە. بەڵام ئەو کاتەی نامۆییەکان ( اغترابات ) نامێنن ئەوا بەرهەمهێنان

بە مانای ئێکرا و گشتی دەبێنە « بەرهەمی خودی بوونەوەری مرۆیی بە تەواوی ئاگاییەوە ئەم قەڵەم بازە مێژوو گەرییەک لەگەڵ خۆی دێنێت کە لە هیچ شتێکدا مێژوو گەری کۆن ناچێت. مێژووگەری کوێرانە چۆن راڤە دەکرێت؟ ئایا لە رێگای گێڕانەوە دووبارە بوونەوە و گەڕانەوە بۆ سیفەتی سروشتگەرایی وێنا دەکرێت؟ لەگەڵا ئەوەش هەر لەو کاتەوە خەبات دژی سروشت و خەبات تاکو مردن و کارو پێداویستی هەندێکجار چێژ بینی نەبوو؟ ئەم پێودانگە ئەنسرۆپۆلۆجیایە دەگەڕێتەوە بۆچی؟

2. پاش چەند ساڵێک مارکس دوای ئەوەی لە کتێبی « ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی»، هەڵوێستێکی تیۆری ریشەیی لەمەڕ مێژووگەری و مێژوو وەرگرت دەستی بە لێکۆڵینەوەی ئابوری رامیاری کرد تاکو یەکێتی سەرمایە کۆتاییهات لە سۆنگەی لێکۆڵینەوەکانی دووبارە چاوی بە دیالێکتیکی هیگڵی لە رووە ئێکەڵاوەکەی: رەخنەیی و بوونیادی دەکەوێت. لە کاتی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی شاکارە مەزنەکەی « سەرمایە « ئایا مارکس دەستبەرداری مەسەلەکەی بوو لە پێدانی مافدارێتی یەکەمی بە مێژوو لە بواری مەعریفە و ستراتیژییەتدا؟ ئایا مەسەلەکەی گرتەدەست کە ماوەیەکی درێژ خاوەنێتی پێدرابوو و بەشی هەرە گەورەی لە سەرکەوتنی کارەکەی پێکدەهێنا کە بریتی بوو لە مەسەلەی پێدانی مافی یەکەم بە ئابوری و داسەپاوی ئابوری؟ یاخود ئایا تەفسیرێکی ئابوری توندڕەوی مێژووی گرتەبەر لە رێگەی گۆرینی تێگەیشتنی لەبارەی مێژووگەرییەوە؟ یان تایبەتمەندی بەپێی ستایلی باو لە زانستی بەشی ئابوری رامیاری پەیدا کرد؟

مارکس دەزانێت لە یەککاتدا سیمای مێژوویی یاسا ئابورییەکان و ئەو سیمایەی کە بە سیفەتی یاسا سروشتییەکان هەیە بپارێزێت. سیفەتی سروشتی و سیفەتی مێژوویی لە « مادییەتی مێژووگەری « کۆدەکاتەوە. ئەم

کۆکردنەوە راگەیەنراو و ئامادەکراوەی قۆناغی پێشوو بە دەستپێکردن لە مێژووگەری هیگڵا و سروشتی فیورباخ پانتایی و بایەخێکی گەورە لە کتێبی سەرمایە داگیر دەکات. ئەو زانست بە تێپەڕاندنی فەلسەفە گرێدەدات کە لە واقیعدا دەستەبەری دەکات.

**24·مارکس و بابەتگەرایی مێژووگەری**

چەمکی مێژوویی ئەو کاتە بە هەموو پانتاییەکەوە لە دیدگای هیگڵ یەکەمجار و پاشان دیدگای مارکس سەرهەڵدەدات. مێژوو تەنها لەسەر بنەمای روونکردنەوەی زەمەن دانامەزرێت، بەڵکو دەکەوێتە سەر کۆمەڵێک رووداوی یەکانگیر بە عەقڵانی و بە گوێرەی پەیوەندییەکانی هۆ و ئەنجام. نە قسەیە نە تەنها بابەتی مەعریفەیە بەو سیفەتەی کە چەند مەسەلەیەکی ئەپستمۆلۆجی دەخاتەڕوو، لەگەڵ ئەوەش بۆ فەیلەسوف گەواهی بنچینەی سروشتی و کۆتایی مرۆیی زەمـەن دەدات. مێژوو ئەم وشەیە ئاماژە درووستکەری گشتی « مرۆیی « دەکات لە پێکەوەنان و لەدایکبوون و پێگەیشتن و ئەو پەروەردەیەی کە لە سروشتی دایکەوە وەریگرتووە لە رێگەی بەرهەم و بەروبووم و خەباتەکانی.

فەلسەفە خوازیار بوو تیۆری ئەم پێکهێنانە و پەیڕەوکردنەکەی بونیات بنێت، بەڵام سەرنەکەوت. ئاگایی ئاڵوئاگایی کۆمەڵگەی مەدەنی تەنها پەیوەند بە فەلسەفەوە نییە و تەنها پێداگری لەسەر فەلسەفەکان ناکات، بەڵکو تایبەتمەندی پوختی سەیرو سەمەرە پێکدەهێنێت. تاک مێژوویی هەیە هەروەک تواناو بەهرە و پەیوەندییەکانیشی مێژوویان هەیە و سنوور دادەنێت و مێژوویانە بیردەکاتەوە، بەڵام مێژووی گشتی لە تاکەکاندا و بەسەرهاتەکانیان بیری لێدەکات و دەیناسێت. مێژوو قووڵتر و ریشەدارترە لە فەلسەفە. روودەدات و رووداوەکەی لە ناکاو دەبێت بە سیفەتی ئەوەی

لایەنێکی بەڵگەداری فەلسەفەیە. بێنو مێژوو گەری نەبێت یان لە بوونیەتی خۆی وەستا پەروەردە بە مانای تەواوی وشەبوونی نابێت.

پــەروەردەی دامــەزراو لەسەر مێژوو ناگاتە ئاستی کارلێکەری بەرتەسک و پیشەیی و تایبەتمەند لە ڕێگەی پێشکەشکردنی مەعریفەی بە شەشی کە لە دەرەوە سپێردراوە، ئەوەش بەو ئەندازە وردەی کە تیایدا تاک بەرهەم دەهێنێت و دووبارە مێژوو بوونەوەری مرۆیی بەرهەم دەهێنێت. مێژووگەریی لە ڕوانگەی مارکس وەک هیگڵ توانای بەرایی مەعریفە دەردەکات و دەیخاتە ناو ژیانی کردەکی و کۆمەڵایەتی و گشت ( الكليه ). ئەو مرۆڤەی کە لە مێژوو کەم بێ سیفەتی خۆی وەک مرۆڤ ون دەکات. بەرەو سروشتێکی رووت و ئاژەڵیانە پاشەکشە دەکات. لەسەر ئەم دوو سنورە، سنوری مێژووگەری بەو سیفەتەی برینین لە پەیڕەوکردن و داهێنانی واقیعی و مێژوو، بەو سیفەتەی کە مەعریفەیەکی عەقڵانییە کەوابوو سنووری سێهەم هەیە ئەویش ئاگایی مێژوویی بەخشندەیە لە گرنگی بۆ ئەوانی دی و لە کارو کلتووردا کۆیان دەکاتەوە. مارکس وای بینی کە بۆرژوازیەت دەستی بە ڕاگەیاندن و ئامادەکردنی مێژوو کرد و وێنای کرد وەکو واقیعێک لەگەڵ شۆرش و دەوڵەت دەستەبەری کرد. پێویستە لەسەر چینی کرێکار ڕاسپاردەی مێژوویی بگرێتە ئەستۆ و مێژوو بەرەو کرانەوەی کردەکی و تیۆری بەرێت. کەوابوو بەرەو ئامانج دەیبات، بەڵام مەسەلەکە سەبارەت بە بابەتگەرایی مێژوویی مەسەلەی مەنهەج نییە لە مێژووەوە هەڵدەقوڵێ و بە سیفەتی ئەوەی کە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانە و پەیڕەوکارییەکی شۆڕشگێڕانەیە، ڕوودەکاتە گشتێکی نوێ و واقیعیەتێکی هاوشێوەی گشتی کۆن و لەو فرە عەقڵانیتر چاکتر بڵێین بەهۆی هەڵوەشاندنەوە و ڕوخاندنی گشتە کۆنەکە.

## 25·مەبەستگەرایی مێژوو لە دیدگای مارکسەوە

بە دوورخستنەوەی میسالیەتی هیگڵیی، واتا وێناکردنی کۆتایی، گۆڕان، سەیرورەیەکی بزۆک و وروژێن، ئاڕاستەکەر و پلان بۆ داڕێژ لە رێگەی عەقڵ و بیرەوە، ئەی مارکس خۆی لە بیرکردنەوە و مەبەستگەرایی بێبەریی ناکات. لە رێگەی پێدانی شەرعیەتەوە؟ ئەوەی دەزانی خوێنەر هەستی بە شڵەژاوی و پەشۆکاوی دەکرد. چۆن دەتوانرێت ئامانج بەبێ گریمان و کۆتایی بەبێ داواکردنی باڵاییەک دابنرێت و بانگەشەی خواوەندێتی (الالوهیە)یەکی بە عەلمانی کراو بەبیرو بە عەقڵ و مرۆڤ بکرێت؟ تێڕوانینە ڕاڕاکان وەڵامی گەوهەری مرۆڤ لە سۆراخی ئەم مەبەستگەراییە و پاشان رووداوە چاوەڕوانکراوەکان لە بارەی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستیەوە وەردەگرن.

لە راستیدا مەبەستگەرایی بەردەوام نابێت و دەستنیشان ناکرێت تەنها بەو سیفەتەی مەبەست و هەڵگەرانەوەی رەهاو رەخنەی ریشەیی و بەرهەمی جیهانێکی دی ( جیهانێکی جیاواز ) و ئاوەژووکردنەوەی سەروژێری جیهان نەبێت. ئەو بیرکردنەوەییەی کە کۆتایی هەردوو کۆمەڵ و دەوڵەتی ئامادە بوو رادەگەیەنێت و لە دەرئەنجامی گەیشتن بەم مەبەستە ( یاخود کۆتاییە ) بەم جۆرە عەقڵانییەتی سەیرورە پێکدەهێنێت، بەڵام لە بواری کارو مەیدانی کردەکی ئایا خەبات تاکو مردن نابێتە پێودانگی مێژووگەری ( وەک لە هەندێ ساتەکان و هەندێک دەقی هیگڵیدا هەیە)؟ نەرێی پرۆلیتاری کە مارکس بە پەیامی مێژوویی پەسەند دەیترسێنێ و ئەمەش بردنی مێژووە بە ئاراستەی راست و درووست. ئەم نەرێیە لەڕووی بوون و گەوهەرەوە مانای نییە تەنها لە کاتی یەکگرتنەوەی خەبات تاکو مردن ( جەنگ )ی دژ بە رژێمی دەسەڵاتدار نەبێت.

گەر کەس ( نە تاک نە چین ) بەرپرسیاری خەبات تاکو مردن لە ئەستۆی نەگرێت، ئەوا ئەم مێژوو گەرییە بۆ کێ دەگەڕێتەوە؟ چی بە سەر عەقڵانییەتدا دێت؟ پرسیارێکی دی ئایا پەیوەندی ووردی نێوان کۆتایی مێژوو کۆتایی دەوڵەت چییە لای مارکس؟ گەر دەوڵەت لەناوچوو ئەوا ماوەیەکی مێژوویی کۆتایی دێت نەبێ ئەوە مێژوو بێت، یان بەر لە مێژوو؟ ئایا دوا بەدوای مێژووەکەی دەستپێدەکات؟ ئایا مێژوویی ( کوێرانەی بەر لە مێژوو - بەهۆی دەگمەنی و دەوڵەت و تێکڕای نامۆبوونەکان کۆتایی دێت؟ بەڵام گەر دەوڵەت بەردەوام بوو مێژوو گەری چییە؟ مێژوو چیە؟ بێتو لەناوچوونی دەوڵەت لەسەر بنەمای سەیرورەیەکی رێکوپێک و بە توندی وابەستەی بێت، ئەوا لایەنی واقیعی پەیرەوکاری رامیاری لەلایەن دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دیموکراسیەتە بەرفراوانکارەکەی رووی عەقڵانی پێشکەش دەکات. ئەوەی ئاشکرایە مەسەلەی مارکسە ئایا ئەو مێژووەیە کە لە کۆتاییدا لەگەڵا ئەو سیرورەیە دەستپێدەکات؟ یان خۆی لەگەڵیدا کۆتایی دێت؟ بەڵام ئەو کاتە بەهێزبوونی دەوڵەت و گەندەڵبوونی چی دەبێت. ئایا لەم تواناو دوا بەدوایەک و هەڵبژاردنانە خۆی دەنوێنێ؟ بێتو دەوڵەت پتەو بێت، ئایا ئەوە هەمدیس کۆتایی مێژوو کۆتاییەکی دی کۆتاییەکی جیاواز نییە لەو کۆتاییەی کە ئاشکرای کردووە گەر وا روویدا دەوڵەت هەڵوەشایەوە ئایا ئەوە ناکاتە بۆ کۆتایی کۆمەڵ وەکئەوەی لە رۆما ئیمپراتۆریەتی رۆمانی هەبوو؟ گەر مێژوو بە چاوەڕواننەکراو بەردەوام بوو لەگەڵ بەردەوام بوونی دەوڵەت. بۆ نموونە وەک ململانێی دەوڵەتان تاکو مردن، مێژووگەری چییە کاتێک کە پرۆلیتاریا هێشتا راسپاردە مێژووییەکەی تەواو نەکردبوو ( دەبوو لە ناو چوونی دەوڵەت و کۆتاکەی لە سایەی مەترسی خیانەتی مارکسیەت

بەدوور نەزانرایە). لەم زەمەنەی ئێستاماندا چی شتێک دەتوانرێت بکرێت و کردنی مەحاڵ بێت؟ ئایا توانرا و مەحاڵ وابەستەی مێژوون وەک مارکس وای دەبینێت؟

**26. کۆتایی دەوڵەت لەلای مارکس**

ڕاڕابوونی ئاسایی لە نوسینە بەراییەکانی مارکس بە درامی وێنای بارودۆخێکی تیۆری دەکات کە دەبوو لە شێوەی نەخۆشیدا دەرکەوێ لەبەر ئەوەی بەر لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەم بە خاوەن ڕەزامەندییەکی کەمی زەینی و کۆمەڵایەتی ناسرابوو. ئایا بابەتەکانی لەچی دەدوان؟ باسی قەبارەی گەورە و دەوڵەت و زانستەکەی دەکرد.

هیگڵ کە شەفافیەتی عەقڵانی ئەم شتە زەبەلاحەی دەخستەڕوو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەوە مارکس خۆیەتی وەکو مامۆستاکەی بە پاساوی تایبەتی بوونیان تیادایە. مارکس لەناو ئەو زیندانە شوشەییەدا دووچاری شڵەژان دەبێت و دەیەوێت تێکیبشکێنێ و هەوڵدەدات گۆشەیەکی کراوە بدۆزێتەوە. لە سەرەتای دەستپێکردنی چییەوە؟ لە ڕێگەی دەستپێکردنی بە گیروگرفتە ڕامیارییەکانی سەردەمەکەی. لە ڕێگەی ئەو گرفتانەی کە پەیوەندییە ئاستەنگەکان دەیانخستنە ڕوو ( وێڕای بوونی هاوگونجانی شوێنی سەرهەڵدانی پێشوەخت هەروەک هیگڵ پێداگری کرد) لەنێوان ئایینی و دەوڵەتدا و لەوانە ڕەخنەی دوانی ریشەیی بۆ ئایین و دەوڵەت، ( هەروەک ڕەخنەی حەق )یش لە دەقەکانی ساڵانی 1842 - 1843دایە. ئایین لە توانایدا نییە مانا بە جیهان و ژیانی مرۆیی و توانراو ببەخشێت. ڕەخنەی تیۆری بەسە بۆ ئەوەی هەموو ڕواڵەتێکی لەسەر لاببات لە پێناوی حەقیقەت لە خەبات تاکو مردن و لە نێوان فەلسەفەی ( لە دایکبووی ئایین و هەڵگەڕاو بەسەریدا)، ئایین و فەلسەفە سەرکەوت. تەنانەت لە مانەوەیدا گوڵاو پرژێنکردنی جیهانێکی بۆن ناخۆش

دەبێتە مایەی شانازی و خۆپارێزی و بوونی ڕەسیدێکی زانستی گەورە. ئەو هەرەس بە ئایین دەهێنێ و دەمێنێت ئەوە بسەلمێنێت کە دەوڵەت دوایین وشەی مێژوو نییە، بەڵکو کۆسپێکە لەبەردەم مێژوو.

لە ڕوانگەی مارکس لێکنەچوون لەنێوان مێژوو دەوڵەتدا هەیە. گەر دەوڵەت پشتگیری بکرێت ئەوا حەق دەکەوێتە پاڵ هیگڵ: مێژوو کۆتایی دێت: مارکس ئەم مانایە لە مێژوو هەڵدەیەنجێنێت و رایدەگەیەنێت. دەوڵەت لە خودیا مەبەست نییە. کەواتە دەسکەوتە و ناتوانرێت تەنها لە رێگەی عەقڵ دەوڵەت دەستنیشان بکرێت ( واتا بەرژەوەندی دەوڵەت یاخود شتی جوداتر لەمە). دەوڵەت و دەسەڵاتە و هەروەها سەرکوتکارییە. لە ئامرازێکی ڕامیاری و هۆکار بەولاوە چیدی نییە. سەلماندن لە رووی تیۆرییەوە دوانییە پێویستە سیفەتی شەرعی لە دەوڵەت بسەنرێتەوە و شیاوی پەیوەندییەکانی لەگەڵ راستی و عەقڵانییەتی لێوەربگیرێتەوە. پێویستە تیایدا پەی بە تێکەڵەیەک لە ئایدۆلۆژییەت و دەزگاکان و بوونیادی سەروویی (البنیه الفوقیه) بەرین.

لە رووی پراکتیکیەوە پێویستە پەردە لەڕووی ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییانە ڕامالْرێت کە دەتوانن بیگەیەننە کۆتاکانی ( مەبەستەکان ). ئەمەیە ناوەڕۆکی نووسینەکان لە بارەی تیۆری هیگڵ لەسەر بابەتی حەق و دەوڵەت و بەمەش هەڵگێڕانەوەی هیگڵی ئەنجام دەدرێت و کارێکە مەبەست لەناوچوونی تیۆری و پووچەڵبوونەوە نییە وەک بابەتێکی مەعریفی، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە. دەوڵەت لەناو ناچێت لەبەرئەوەی کۆمەڵ دەشێوێنێت. لەبەرئەوەی لە رێگەی بەرژەوەندییەکان و دەسەڵات و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و شیاوییەکانی دەسەڵات لەسەر جێگیر دەبێت. مارکس ئەم مەسەلە شێوە وتار ئامێزە بە دوور نابینێت، بەڵام پێویستی سەرەکی

لێرەدا نییە. وێڕای ئەوەش بێتو رەزابوون پێویست بوایە لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان (یاخود لە هەندێک شێوەی کۆمەڵەکانی وەک ئەوانەی شێوازی بەرهەمی ئاسایی دەگرنەخۆ ) دەوڵەت رۆڵێکی کارای لە بەرهەمهێنان دەگێرا چ جایی ئەوەی بەرهەمی کارەکان و بەرهەمی بیرو هونەریش دەگرێتەوە. ئەمەش بەڵگەیەکی بەس نییە بۆ پاراستنی مانەوەی خۆی. دەوڵەت لەناو دەچێت لەبەر ئەوەی عەقڵانییەتی دەوڵەت سنووردارە و پەیڕەوکاری کۆمەڵایەتیە. دەستپێکردن لە سەردەمی پیشەسازیەوە کار بۆ عەقڵانییەتێکی پایەدارتر دەکات و ئەمەی دوایی ئەوەی یەکەم هەڵدەلوشێت لە رێگەی چارەسەرکردنی لێکدژییەکانی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی رامیاری. دەوڵەت، دەسەڵاتێکی باڵادەستە، هەروەها بە دەربڕینی عەقڵانی سنووردار و سنوردانەرە بەرفراوانتر دەبێتە مایەی مەترسی.

دەسەڵات نوێنەری چینێکە بەرژەوەندی دەوڵەت دەخاتە سەر بەرژەوەندییەکانی ( وەک ئامرازێکی دەوڵەت و دەزگایەکی دیموکراسی) سنووردانانێکی دوو هێندەیی و مەترسیەکی دووهێندەییە و هەردوک شیاویان دراوەتێ.

### 27. کۆتایی ئایدیۆلۆجییەکان لە روانگەی مارکسەوە

مارکس ئەم کۆتاییە لە کتێبی « ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی» ئاشکرا دەکات و کارەکان بەڕێوە دەچوو کە مارکس و ئەنگڵس، پێیانوابوو کە بەچاکی بەڕێوەیان بردووە. مارکس چەمکی ئایدیۆلۆجیا بە سیفەتێکی شۆڕشگێرانەی گشت پێشکەش دەکات و لەگەڵ پڕۆژەی شۆڕشێکی گشت یەکدەگرێت، چونکە بە یەکجار سەرجەم وەهمەکان لە ئاگایی و مەعریفە دوور دەخاتەوە.

متمانەی وێناکراوەکان دەشکێنێت و رەتیان دەکاتەوە و پەنجەی تۆمەتیان ئاراستە دەکات و لەپێناو روخاندنیان گشتێتی وەهمەکان و درۆی چینایەتی ئامادە دەکات کە ئایین و فەلسەفە و ئاکارو ئابوری سیاسی لەخۆ دەگرێت.

مارکس و ئەنگڵس لە جیاتی ئەو گەشتەی کە پێیدەوترێت ئایدیۆلۆجیا، براکسیسی شۆرشگێڕانەی سەراپاگیر دادەنێت، کە بریتییە لە داهێنانی جیهانێکی نوێ لەلایەن چینی کرێکارەوە ( واتا ئاوەژووکردنەوەی جیهان بە ئاوەژووکەر )، بەڵام لەم خاڵە لە چەواشەکاری دەرباز نابێت ئەمەش دەستنیشانکەرێکی بەرایی راڤەیەکی رەخنەیی ئایدیۆلۆژییەکانە، چونکە بوونە ئەنجامی مێژوو تۆمەتی دەداتە پاڵ و بە وەهم دەیناسێنێت؟ خاڵی دەرهاویشتەی ریشەیی رامیارییە کە پێویستە بەردەوام فۆرمەلە بکرێت. مارکس و ئەنگڵس لە نووسینەکانیان دەربارەی ئایدیۆلۆجیا بە ناتەواو دەبێنە هەڵگری ئەمانە.

ئەوان پتر ئامادەکارن لەوەی کە بەخشەر بن. پێناسەکانیان بۆ ئایدۆلۆجیا لەلایەن یەقینی مەعریفە خۆی جەختی لەسەر نەکراوە، ئایا تیۆری تاوتوێکاری بە بەرنامە دارێژراوی دەمێنێتەوە؟ وریایی متمانە پووچەڵ دەکات ؟ بەچی؟ بە بیرو وێناکراوەکانی ئاگایی و خواستە راگەیەندراوەکانی. ئەمە گرنگە، بەڵام بەس نییە. لەوانەش ئەو گۆڕانکارییانەیە کە ماوەی پتر لە سەدەیەک بەسەر ئایدیۆلۆجیا و تیۆری و مەعریفەی رەخنەیی ئایدیۆلۆجیاکاندا هاتووە. ئەم تیۆرییە خۆی بوو بە ئایدیۆلۆجیا، چونکە ئایدیۆلۆجیاکان رفاندیان و مارکسیەت بووە ئایدیۆلۆجیا.

ئاوێنە بوونێک لەم پرسیارە دەگاتە لوونکە: ئایا چەمکی ئایدیۆلۆجیا، ئایدیۆلۆجیا خۆی نییە؟ کێشەیەکە ئەشێت بە چاوەڕواننەکراو کۆتایی ئایدیۆلۆجیا دیاریی بکات، لە کاتێکدا تیۆری ئایدیۆلۆجیاکانی تیادا تەواو نابێت. وا دیارە

مەسەلەی کۆتایی ئایدیۆلۆجیا مەسەلەیەکی قووڵتر دەشارێتەوە کە کۆتایی بوونیادی سەرروویە (نهایە البنی الفوقیە). دەتوانین جیاوازی لەنێوان ئەم سێ ئاستەدا بکەین: پێگەی ( هێزی بەرهەمهێن، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان)، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ( پەیوەندییە خوێندراوەکانی بەرهەمهێنان لە پەیوەندییەکانی خاوەنێتی دەسنکەوت و هەڵگری فۆرمەلەیە، پێکهاتەی سەرروویی ئایدیۆلۆجیا و دەزگاکان ). جیاوازیکردن لە ئاستەکاندا ناتوانرێت ببێتە هۆی ترازاندن. چی شتێک رێککەوتنی کاتی دەستەبەر دەکات؟ چۆن و لە کوێ، ئایا لێکدژ و ململانێکان لە چی ئاستێکدا دەردەکەون؟ مارکس وادەبینێت براکسیس لە لایەکەوە و مێژوو لەلایەکی دیکەوە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەنەوە، بەڵام پێکهاتە هەڵدەستێت بە ڕۆڵێک کە پێویستە روونبکرێتەوە و رۆڵی ناوبژیکار دەگێڕێت لە نێوان دوو ئاستەکەی تردا، پێگەو پێکهاتەی سەرروویی ئایا دەتوانرێ بوترێت ئەو لە شێوەی بوونیادنراو بوونیادنەر دەردەکەوێت. بوونیادنەر لە رووی هێزی بەرهەمهێن بۆ دابەشکردنی کارو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و بوونیادنەر لە رووی ئایدیۆلۆجیا و دەزگاکان و کۆمەڵ بەوسیفەتەی کە گشتیتە؟ بە دڵنیاییەوە دیراسەکردنی لە بایەخی پتر دەکات. ئەم دیراسەیەش ئەو لۆجیک و حەقە دەگرێتەوە کە پێکهاتەی سەرووی درووست ناکەن.

مەعریفە لە سەر چی ئاستێک خۆی دەکاتە ناوەوە؟ کارەکە لە سەر چی ئاستێک کارا دەبێ؟ هەموو شتێک روودەدات. ناوبژیوانێ وەک بڵێی دەبێتە کارێکی بنەڕەتی و سەنترالی ململانێدار. پێگە بە پێکهاتە حوکمدراوەو لەو پێکهاتەیەی کە رایدەگوێزێ پێکهاتەی سەرروویی دەمژێ و دیمژێنەوە؟ دوابەدوای ئەوەش چارەنووسی ئەم دواینگەرییە ئەوەیە کە لە مەعریفە و شێوەکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتی کۆتایی دێت واتە لە پێکهاتەی کۆمەڵی سۆشیالیستی یان زیاتر لەوەش کۆمۆنیستی کۆتایی دێت. ئەم بزاوتە دیالێکتییە دیالکێتی لە

ڕێگای بەکارهێنانی گریمانە بوونیاد گەرییەکان. دەربڕینەکەی چەمکی ( پێکهاتە ) بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی بکەوێتە ناو ئەو ئایدیۆلۆجیاییەی کە پێی دەوترێت ( بونیاتگەری ).

**28.کۆتایی فەلسەفە لە ڕوانگەی مارکسەوە**

وەکو ئایدیۆلۆجیاکان و لەگەڵ ئایدیۆلۆجیاکان و پێکهاتەی سەروویيە لەبەر ئەوەی خودی خۆی ئایدیۆلۆجیا و پێکهاتەی سەروویيە و لە ڕوانگەی مارکسەوە فەلسەفە ئاراستەی کۆتاییەکەی دەکات و هەروەک بەم کۆتاییە دیاری دەکرێت. بۆ دانانی کۆتاییەکی فەلسەفی دیاریکردن و پێدانی واتا، پێی کارێکی لە توانا بەدەرە. ئەو بەرگە وەسفکراوانەی کە بە « فەلسەفە » وەسف دەکرێت بە ڕاشکاوی پشت بەم جەختکارییە دەبەستن. هەروەک ئایدیۆلۆجیەکان بیری مارکس لە تەمومژاوێتی و چەواشەکاری دەرباز نابێت. چی شتێک کۆتایی بۆ فەلسەفە دادەنێت؟ زانست؟.

ئەم مەسەلە وەزعیە پەیوەندی بە قووڵایی بیری مارکسەوە نییە لەگەڵ ئەوەش هەندێکجار دەیانگرێتە خۆ. ئەو کاتە « مارکسیەت بەو سیفەتەی کۆتایی میتافیزیک و کۆتایی مشتومڕکاری و کۆتایی تەجریدی بەتاڵە لەبەر ئەوەی زانستە. گەر ئەوە ڕاست بێت کەوا فەلسەفە لە ڕوانگەی مارکسدا بە بەهێزتر لە زانست جیادەکرێتەوە ئەی بیری دەتوانێت لە دۆخی ئەم زانستە پوخت بکات لەجیاتی ئەو فەلسەفەیە؟ نەخێر. فەلسەفە لای مارکس لە واقیعدا دەستەبەر دەکرێت، بەڵام لە دەوڵەتدا دەستەبەر ناکرێت هەروەک ئەوە لای هیگڵ دەبینرێت لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان و بیری گریکی و مێژووی فەلسەفە مارکس نێبینی ئەوە دەکات کە:

1. فەلسەفە دەستپێشخەرە لە دابەشکردنی کارو کاریگەرییەکەی تایبەتمەند بووە و لەگەڵ ئەوەش پشت ئەستورە بە پرۆژەی زیادەڕۆ و پرۆژەی دابەشکردنی کار. ئەم پرۆژەیە ناتوانێت ببێتە پرۆژەیەکی بێهوودە تەنها لە پێناو نموونەی باڵا ( میسالی )دا و پێویستە بهێڵرێتەوە لەبەر ئەوەی پشکنینی شیکاری دابەشکردنی کار شەرعیەتی دەداتێ و ئەم پشکنینە ئەوە دەردەخات کە دەکەوێتە سەیرورەی کاری بەرهەمهێنەری ئەو هۆکارانەی کە بەش بەش و پچڕ پچڕی دەکات و چەند هۆکارێکی دیکە موژدەی گشتێکی گێڕاوە دەدات بە زانست و تەکنیک و بە شێوەیەکی تایبەتی لە تەواو بووندا ( الاتمتە ).

2. ئەوسا فەلسەفە نەبێهودە وەک تەفسیرێک دەرناکەوێت، بەڵکو وەک پرۆژەیەک بۆ گۆڕینی دەردەکەوێت. فەلسەفە جیهان ناگۆڕێت، بێگومان پێویستە روونبکرێتەوە بۆ وێناکردنی گۆڕانکارییەکەی. فەلسەفە دەبێتە جیهان. کاتێکە جیهان دەبێتە جیهان. لە هەمانکاتدا بەرامبەر بەمەش فەلسەفە بەو وەسفەی گشتێنی بیرە لە بوونی مرۆیی عەقڵانییەت و ئارەزووی پێویست و سەربەست و راستی و چێژ پێشکەش دەکات.

بیرێک کە ناتوانێت بوونێکی ناوەکی واقیعی لە رێگەی تەنها فەلسەفە دەستەبەر بکات و لە توانایدا نییە تەنانەت هاودژییە ناوەکییەکانی روونبکاتەوە. فەلسەفە کۆتایی دێت لە رێگەی پراکسیسی شۆڕش. شۆڕش دەگونجێت لەگەڵ دەستەبەرکردنی فەلسەفە لە واقیعدا و تەنها هاوچەرخی نییە. ئەو بەم دەستەبەرکارییە دەناسرێت بە وەسفی ئەوەی پرۆژەیەکی دوای هەنگاوانی درێژ خایەنی فەلسەفە و فەلسەفەکانە و ئیتر لەوساوە بکەر دەبێتە چینی کرێکاری شۆڕشگێر.

**29-کۆتایی مێژوو لای مارکس**

ئەوەی پێی دەڵێن مێژوو بە شۆڕشێکی سەراپایی کۆتایی دێت ( تەنانەت گەر قۆناغ و ساتەکانی ئەم شۆڕشە دوا بە دوای یەکدی بکەون). ئەو کاتە لەم تێڕوانینە ون مێژوو سەر هەڵدەدات وەک بڵێی ماوەی بەر لە مێژوو بێ. بەڵام ئەشێ پێویست بێت. ئەم بەر لە مێژوویە بە مێژووی سروشتی ناوزەد بکرێت. بەم جۆرە لە ڕێگەی ئاماژە بەو قۆناغەی کە تیایدا بوونەوەری نەوعی « مرۆڤ « خەبات دژی ئەو سروشتەی کە هەڵگرییەتی بێئەوەی لێی دابڕێت و دەست بەسەر سروشتدا بگرێت؟ مێژوو ئەوسا دەقاودەق دەبێتە مێژووی - مرۆیی و گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. ئەم لایەنە دەکات دوانییەی کە مێژووگەری دەناسێنێت و ئایا ئەم مێژووە کۆتایی دێت؟ بەڵێ بە ئەندازەی ئەوەی کە کوێرانە ڕوودەدات مرۆڤ هەستدەکات نێچیری ئەو داسەپاوییانە کە نایناسێ و کۆنترۆڵیان ناکات. بەڵام ئەو کاتە دوا بەدوای مێژووە؟ لە توانایدایە خۆی وەک مێژووگەرییەکی بەدیهێنراو پێشکەش بکات. قوڵایی، تاریکی بوونەوەری مرۆیی و سیفەتی سروشتی خۆی ملکەچ و بە خاوەنبوو دەبینێتەوە و زەمەنی بە خاوەنبوونەکەی جێگەی زەمەنی داواکردنی کوێرانەی دەگرێتەوە کە پەیوەندی هۆو ئەنجامەکانی مەعریفە و عەقڵ لە پێشبینیکاری دەرباز دەبێت.

سروشت مرۆڤ بەرهەم دەهێنێت لە مرۆڤدا لە ڕێگەی کارو خەبات بەرهەمهێنان دوای سەیرورەی سروشت دەکەوێت و یەکەمین کاری گەورەی ئەم بەرهەمهێنانە مێژوو نییە. ئایا سەیروەر خودی بوونی مرۆیی بەرهەمدەهێنێت؟ کاتێک مرۆڤ دەگاتە ئەوەی دەست بە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی سروشت لە خودی و دەوروبەری (کە سروشتی پلە دووە) بکات مێژوو دەوەستێت و ئەشێت مرۆڤ بە گشتی بوەستێت.

بەمجۆرە بەرهەمی وەرگیراو لە چڕیبوونیا کـرداری ئەفراندن دەنرخێنێت. خاسیەتە جیاکەرەوەکان دەبەخشێتە - بوونەوەری مرۆیی. ئەم بوونەوەرە دەکەوێتە بەرهەمهێنان و خۆیشی بەرهەم دەهێنێت. تەنها بەرهەمهێنانی شت و مەک لە ئارادا نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانی شوێن و زەمان و پەیوەندییەکان و بەرهەمهێنانی خود و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئاگایی و بەرهەمهێنانی ئەویتر ( جیهان )یش لە ئارادایە.

بەم جۆرە زەمەنی پێکهاتوو لە پەیڕەوکاری کۆمەڵایەتی و بیرو فەلسەفە ناتوانێت بوەستێت. ئەو زەمەنەیە کە لە دوای زەمەنی مێژوویی یاخود پێش مێژوویی دەکرێتەوە. گەر مێژوو بە واتای سەیرورەی داسەپاو و کوێرانەی ناڕوون و دەستبەسەر نەگیراو نەمێنێ ئەوا مێژوو گەری لە ئامێزی گۆڕان تەشەنە دەکات کە مەعریفە تۆمار دەکات بۆ ئەوەی، بە تایبەتی لەپێناو چێژ وەرگرتن ئاراستە بکرێت. وێڕای سنوورەکانی کارو مەعریفە و چێژ بینی مرۆیی بە دەربڕینێکی دوورتر و ووردتر مێژووگەری لە پێشکەوتندا رێکدەکەوێت ( کە بەڕوونی لە رونکاری گەشەی ئابوری جیا دەکرێتەوە ). ئەم تیۆرییە یەکەی دیالێکتیکی ( ئاشتبوونەوە لە دوای شەڕ ) و سروشتگەرایی لەخۆ دەگرێت و زیادڕەوییەکان لەخۆ دەگرێت، واتا زاڵبوون بەسەریان و بەسەر یەک بەدوایەکی ئەویتر. بەدەستهێنانی بوونەوەری مرۆیی سروشت و مێژوو و فەلسەفە و زانست تێپەڕ دەکات کاتێکە بە شیوەیەکی لێکدی دابڕاو لەبەرچاو دەگیرێت.

### 30-مێژوو لە روانگەی مارکسدا چییە؟

پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنان ( بە مانا فراوانەکەی هێشتا لەلایەن ئابووریناسانەوە دیارینەکراوە) و بەرهەمهێن ( هەروەها بە مانا فراوانەکەی

بۆ تەنها شتێکی ناگێڕێتەوە)، پەیوەندییەکی مێژووییە. ( بەرهەمهێن بە شێوەی سەرمایە گوزارشت لە پەیوەندی دیاریکراو و جیاوازی شێوەی مێژوویی کۆمەڵ دەکات). لەم شێوەیەی نێو پەیوەندییەکانی ئەم بەرهەمهێنانە سەرمایەدار و کرێکار خۆیان بەرهەم دەهێنن و دووبارە خۆیان بەرهەم دەهێننەوە.

هەریەک لەوان دووبارە خود بەرهەمدەهێنێ لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەوی دی. بەمجۆرە بەرهەمهێنان بە واتا بەرفراوانەکەی بریتیە لە دووبارە بەرهەمهێنان. تەنها دووبارە بەرهەمهێنانی بایۆلۆجی و بەرهەمهێنانی رەسید و یەدەگ و بەرهەمهێنانەوەی ئامرازەکان و شتومەکی بەکارهێنراو نییە، بەڵکو دووبارە بەرهەمیدەهێنێتەوە لە زەمەنی مێژوویدا لە رێگەی لەخۆگرتنی بەرهەمهێنانی تاکەکان بەو سیفەتەی کە تاکگەلێکن، هەروەها تاکی کۆمەڵایەتی « مەرجەکانی شێوەی دووبارەکردنەوەی بەرهەمهێنان لەپێناو مەرجەکانی ژیان و مەسەلە زیندووەکانیانە لە بەرهەمهێنان و تیشک خستنە سەری دەبێتە هۆی دووبارە کردنەوەی بەرهەمهێنان بەو سیفەتەی کە گەوهەر و کلیلی تێگەیشتنی سەیرورەیە و ئەم سەیرورەیە وەک کرداری درووستکردن و پێکهێنانی شتەکان وێنانەکراوە، بەڵکو وەک کرداری ئەفراندن و دووبارە ئەفراندنی پەیوەندییە بە تاک و بە کۆمەڵ وێنا دەکرێت.

مارکس لەو دەرهاویشتەیەوە دوورە کە مرۆڤ بە سیفەتی تاک دادەنێت و ئەوە دەردەخات کە مرۆڤ تەنها لە سەیرورەی مێژوویی بە تاکی دەمێنێتەوە. بەمجۆرە دەبێتە ئاژەڵێکی رامیاری لە جیاتی ئاژەڵی بایۆلۆجی جاران و ئەندامی جۆر یاخود زیاتر بڵێین ئەندامی کۆمەڵی سەرەتایی. هەروەها دەبێتە ئاژەڵێکی مەدەنی لەبری ئاژەڵی گوندنشین جاران بێئەوەی

لە دۆخی ئاژەڵی دەربچێت بەر لە شۆڕشی یەکلاکەرەوە کە سیفەتی ئاگەرایی پێدەبەخشێت. ئاڵوگۆڕ بە گشتی ( ئاڵوگۆری خێری مددی و هەروەها ئاڵوگۆڕی زانیاری کارە جۆراو جۆرەکان)، هۆکاری بنەڕەتی کرداری ئەم ئاگەراییە درووستدەکەن، بۆیە مێژوو لە روانگەی مارکسەوە تەنها لە مێژووی ئابوری و مێژووی رامیاری و مەعریفی پێکنایەت، بەڵکو مێژووی ئاگەرایی (الفردیه)ش دەگرێتەوە.

**31٠مێژوو و ئابووری لە «سەرمایە»دا**

جارێکی تر ئەوە بهێننەوە یاد کە کتێبی « سەرمایە «، ناونیشانێکی لاوەکی هەڵدەگرێت کە بیرمەندان ساڵانێکی زۆرە دەرک بە گرنگیەکەی ناکەن: « رەخنەی ئابوری رامیاری « ناونیشانێکی دیکەیە کە دووبارە دەبێتە ناونیشانی پەرتوکێکی پێشووی نووسەر. مەسەلە پەیوەندی بە رەخنەگرتن لە زانستە نیمچە زانستێکە بە دەزگایی و ئایدیۆلۆجی پەیڕەوکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵی سەرمایەداری دەشارێتەوە. ئەم پەیڕەوکارییە پێکدەهێنێت، بەڵام پۆشاکێکی گۆڕاوی دەکاتە بەرو هەڵدەستێت بە نمایشکردنی لەبری ناساندن.

خوێنەر بە خێرایی تێبینی دەکات کە بەرهەمی نووسراوی مارکس بڕێکی گەورە لە مێژوو بە واتای وشەی بەربڵاو دەگرێتەخۆ و بە ئەندازەی بڕی ئابوری رامیاری و زانستی کۆمەڵایەتی یەکسانی دەکات. کتێبی سەرمایە دوای ئەوەی چەند بەشێک لەبارەی شتومەک و ( شێوەی بەهای ئاڵوگۆڕ ) دەدوێت و چەندین هێمای خوازراو بە گشتی لە مێژووی تایبەتی ئینگلتەرا و سەبارەت کەڵەکەبوونی سەرمایە پێشکەش دەکات لەگەڵ ئەوەش گەر رەگەزەکان لەپێناو تیۆری گشتی کەڵەکەبوون کۆبکرایەتەوە ئەوا ئەم تیۆرییە بە گونجاو لەلایەن نووسەرەوە دانەدەنرا.

**32. لەبارەی «سەرمایە»وە**

ا. خوێندنەوەی وورد لە بارەی بەرهەمی مارکس بە مانای خوارەوە جیادەکرێتەوە: کرداری گێڕانەوە کە شێوەی پوختی رووتی بەهای ئاڵوگۆڕ و یاسای بەها پێکهاتەکانی تیۆری ئەم شێوەیە و پێکهاتەی شتومەک و رەخنە و ئەرکەکانی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە ناسراوەکان بەم شێوە و رێکخراوییە لەلایەن یاسایی و گرێبەست دەخرێتە ڕوو.

ب. ئەو کردارەی کە دووبارە پەی بە ناوەڕۆکی ئەم شێوەیە دەبات کار لە پێناو روونکردنەوەی دەکات کە خۆی لە تیۆری کاری کۆمەڵایەتی و بزواتی دیالێکتیکی لێکدژە ناوەکییەکان دەبینێتەوە (کاری چەندایەتی و چۆنایەتی و کاری بەشبەش و کاری تێگڕاو ساکار و ئاڵۆزو کاری ماددی و کاری زەینی و هتد)، ئەمەش رێگە بۆ ئیدراکی پراکسیس کە پراکسیسی سەرمایەدارییە خۆشدەکات و پاڵ بە دابەشکردنی کاری بەرهەمهێنراو بەرەو ئەنجامە کۆتاییەکانی دەنێت.

ج. دیراسەکردنی سەیرورەی کەڵەکە بوونی سەرمایە بە کاریگەری چینی بـۆرژوا کە لەمیان کەڵەکە بوونەکەوە دەگۆڕێت ( یەکەم جار کەڵەکەبوونی بازرگانی پاشان کەڵەکەبوونی کارگەی بچووک و کەڵەکەبوونی پیشەسازی و دارایی دێت ).

د - شیکردنەوەی رەخنەیی بۆ میکانیزمی رێکخستنی خودی سەرمایەداری پێشبڕکێیانە کە یەکانگیرییەکی ناوەکی و هاوسەنگی کاتی دەبەخشێتە کۆمەڵی بۆرژوا یاخود سەرلەنوێ پەی بە توانا گۆشەکارییەکان دەبات لە پێکهێنانی رێژەی قازانجی مام ناوەند و رۆڵی ( پاکژ کار ) بۆ قەیرانە خولیەکان کە سەر لە نوێ لەگەڵ خولی تر کەڵەکە بوونی بەرفراوان و هتد. بە دەست دەهێنێت).

ە. تیۆرێک تایبەتە بە گەوهەری سەرمایەداری کە ئەویش تیۆری پاشماوەی بەهایە (فچل القیمە).(وەبەرهێنانی چینی کرێکار ) تەواو بوو بە دیراسەی دەستەبەرنەکراو بۆ دابەشکردنی پاشماوەی ئەم بەهایە لە نێوانی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵی بۆرژوایی ( خاوەن زەوییەکان، جوتیارەکان بە جیاوازی جۆریانەوە، بازرگانەکان، چینە ناوەراستەکان، چینی کرێکار و دەوڵەت و هتد )، تاکە داهاتی سەرچاوەی نەتەوە پاشماوەی بەهایە، لە کاتێکدا ئابوری ناسان زەوی و قازانج ، سەرمایە و سوود و کارو کرێ لێکدی دادەبڕن.

و. شیکردنەوەی ئەو هێزانەی سەرمایەداری پێشبڕکێدار لەسەر ئاستی ئابوری دەهەژێنن ( بە کەمکردنەوەی ڕێژەی قازانجی مام ناوەند ) و لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی رامیاری (کاری چینی کرێکارو کاری سەرمایەی پاوەنکراو)، بەشی هەرە قووڵی کتێبەکە پابەند بوونییەتی بە « شێوە « کە زۆر بە خێرایی خاسیەتی لۆجیکی و پاشان تێپەڕ بە مێژووگەری بەهای ئاڵوگۆڕ دەردەکەوێت.

ئایا ئەوەندە بەسە بۆ رەخنە گرتن لە ئابوری رامیاری بۆرژوایی و رەخنە لە کۆمەڵی بۆرژوایی وەک کۆمەڵێک کە ئابورىناس لەپێناو دیاریکردنی مێژووگەری دەستی بەسەر دەگرێت؟ لەم گشتە بەرفراوانە بە تەنها بەشی تایبەتە بە کەڵەکە بوون و دەتوانرێت ناوی لێبنرێت « مێژوویی «. ئایا گشت مێژووی سەراپایی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پێکهێنانی.

مێژوویەک کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زانستەکانی دی و لەسەر جۆرەها ئاست بڵاودەبێتەوە؟ کتێبی سەرمایە سەرمایەداری پێشبڕکێدار شیدەکاتەوە و موژدەی هاتنی ئاکامەکەی رادەگەیەنێت. ئەم کارەش لە راستیدا روویدا. ئایا ئەوە خودی مێژووە یان مێژوویەکی ترە، یاخود جیهانی دوا بەدوای مێژووە.

### 33.كۆتایی دراو لای مارکس

کتێبی « سەرمایە « تەنها ئاستەنگی خوێندنەوەی ناخاتە ڕوو. چەندین جیاکاری ( گرفتەکان ) لە خۆدەگرێت کە زۆر کەم هەستی پێدەکرێت دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو ئاستەنگیانەی « ئەو لە بزاوتی کۆمەڵایەتی زنجیر بەستێکی سروشتی بۆ دیاردە مێژووییەکان ڕەچاو دەکات « نووسەرێک دووپاتی ئەوە دەکات کە مارکس باسی لێوە دەکات و لەگەڵیدا کۆکە ( بلیاد، ئاسانبینی کتێبی سەرمایە، ل 556 )، ڕوویایەکی ڕووناک نییە . گەر مارکس یاساکانی ئابوری رامیاری وەک یاساکانی سروشت لەسەر شێوەی یاسا فیزیاییەکان وێنا بکات. هەمدیس بە ڕێبازی هیگڵیەوە دەیبەستێت « کە لەسەر پێ وەستا « لەلایەک و لەلایەکی دی دەیبەستێت بە شێوەی پوختی بەهای ئاڵوگۆڕ ( بەشی یەکەمی کتێبی سەرمایە ).

ئاکام پێدەچێت دیالێکتیکی هیگڵی بگەڕێنەوە بۆ هەندێک جەختکاری سروشتگەرایی ( الطبیعویە) : هەر شتێک بوونی هەیە لەدایک دەبێت، گەشە دەکات و پیر دەبێ و دەمرێت. لە هەموو شوێنێکدا شەڕو پێکدادان هەیە؟ بەڵام مێژووگەری دەکەوێتە کوێ و شوێنی لە کوێیە؟ لەسەر بنەمایەک کە جیاکاری کەمتر نییە بە گوێرەی تێڕوانینی مارکس « جیهانی شمەک « بە یەکانگیر لە ئارادایە و لۆجیکە تایبەتیەکەی بریتیە لە زمان و بوونیاد و فرمانەکانی. ئەوە دەردەخات کە چۆن جیهان شمەک دەستدەگرێت بەسەر هەر شتێک هەیە و هەر شتێک هەبووە: زەوی و خەڵک و نەریت و خێزان و ژیان و مردن. جیهانی شمەک درێژ دەبێتەوە و دادەپۆشێت و دەگاتە جیهانەکانی دی. جیهانی زانست و ئاگاییە و جیهانی هونەرو بەرهەمی هونەرییە.

ئایا ئەو دروستکەری جیهانێتی نییە، کە مێژووی تیادا جیادەکرێتەوە؟ مێژووی ئەم جیهانە چۆن دەمێنێت کە مارکس وەسفی دەکات و شی دەکاتەوە و هێزو دوژمنکاری و توانای سەراپاگیری ( بڵاوبوونەوەی جیهانی) و گێرانەوەی روون دەکاتەوە؟ شۆڕشێک وەک شاخە ئاگرینەکان ( براکین ) لە زەریای شمەک هەڵدەقولێت، ئایا سیفەتێکی مێژوویی دەبێت؟ بەو گریمانەی کە بەرهەمی چڕو پڕو تەواوکراو رۆژێک دێت کار بۆ رووخاندنی بەهای ئاڵوگۆڕ دەکەن و دەسەڵاتی بەهای بەکارهێنان ( مارکس وا گریمانە دەکات ) دەگەڕێتەوە بۆ بوون لە کوێ و چۆن ئەم رووداوە روودەدات؟ کەی و چۆن دراو دەسەڵاتی دراو نامێنێت؟ لە رێگەی مەرسومێک یاخود بڕیارێکی سیاسی دەبێت؟ نەخێر کاتێکە مەرجەکانی نەمانی دەستگیر دەبێت دراو و دەسەڵاتەکانی دراو لە سۆنگەی پەیوەندیە کۆمەڵاتیە گۆڕاوەکان هەڵدەوەشێتەوە شانبەشانی دەوڵەت و پاشماوەی پۆلی نامۆ بوونەکانی دی ئیرادە دێتە ئاراوە؟ نەخێر. ئەی سەیرورەی مێژوویی؟ ئەمە شتێکی چەسپاو نییە؟ هەرچیەک بێت مەبەستی ئەم پەیوەندییانەی نێوان مێژوو و ئەم کۆتاییە مارکس بەردەوام کۆتایی رەخنە رادەگەیەنێت.

کۆتایی خاوەندارێتی تایبەت ( لابردن یاخود تێپەڕکردن ) بەبێ کۆتایی دراو هیچ ماناو ئامانجێکی نییە دراو ئەو هۆکارەیە کە بووە بە مەبەست و ئەو شتە کتوپڕەیە کە بووە گەوهەر و ناوبژیکەرێکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ نەمانی دەسەڵاتی دراو جیهانی شتومەک کۆتایی دێت و شێوەی ئاڵوگۆر کە لە کاریگەر و بەرهەمهێنی شاراوە و دابەشکەری رووناکی ساختەکار خۆی دەنوێنێت، هەڵوەستە دەکات ( لەگەڵ بەرامبەرەکەی و شێوەی یاسایی و گرێبەستی و کەواتە نووسراو جێگیر و بڕیاردراو بە رواڵەت کۆتایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانە).

## 34.کۆتایی سروشت لە روانگەی مارکسەوە

لە یەکێک لە قۆناغەکاندا ( دەتوانرێت مشتومڕی لە بارەوە بکرێت ئەشێت ناوی لێبنرێت قۆناغی فیورباخ ). مارکس تەنها ئەنسرۆپۆلۆجیای زانستی مرۆڤ رەتناکاتەوە، بەڵکو ئەنتۆلۆجی ( زانستی بوون)ش قبووڵ ناکات، گەرچی لەمیان فیورباخ رەخنە لە هیگڵ دەگرێت و لەمیان هیگڵ رەخنە لە فیورباخ دەگرێت، واتا رەخنەی لە تاریخانییەت ( نەزعەی تاریخانییەت) بە نەزعەی سروشتگەرایی و نەزعەی سروشتگەرایی لە روانگەی وێناکردنی مێژووەوە گرت.

لەم ململانێیەدا پوختەی مەدلولێکی وەرگرت لەبارەی « کردەکی – هەستی « وێناکردنی سروشت وەک خاڵێکی دەرچوونی بنەڕەت بۆ بەرهەمهێنانی « بوونەوەری مرۆیی « لەلایەن خۆی و بۆ خۆی ئەوەی پێیدەوترێت ( جیهان ) و وەک ئەو بەرهەم و کارە دەردەکەوێت کە کارلێکێنی بەرهەمی دەهێنێت. لە سەرێکی دییەوە سروشت بە پێنی گەورە لە یەککاتدا ماددەی بوونەوەری مرۆیی و دایکی و بناغە و شتێک کە کاریگەرییە ئەفرێنەکەی بەرهەمی هێناوە درووست دەکات. هەڵگێڕانەوەی هیگڵیزم بە کۆکردنەوەی لە تیۆرییەک لە بارەی « بوونەوەری مرۆیی « کردارێکی هەستیە ئەم تێڕوانینە پێشکەش دەکات کە لە سۆنگەیەوە سروشت « بیرۆکە idee» هەڵدەتەکێنێت. تەنها سروشت نابێتە شوێنی لە دایکبوونی بوونەوەری مرۆیی چوونە نێوبوون.

لە روانگەی مارکس لە ساڵی 1884 و هەروەها گۆتە و سپینۆزا، بوونەوەری مرۆیی « دەبێتە کوڕی پەسەندکراوی سروشت بە تونودتیژی مامەڵەی لەگەڵ دەکات»، بەڵام پەروەردەی دەکات و رووەو چارەنووسێکی باڵا پاڵی پێوە دەنێت. یەکێک لە دەستنووسەکانی ساڵی 1844 ئەوە دووپات

دەکاتەوە: کە حەز و ویستە مرۆییەکان ( ئارەزوو پێویستی گرنگی و بایەخی ئەنتۆلۆجییان) هەیە. پەردە هەڵماڵەر نین، بوونیان هەیە و ئەوانە بناغەی داهاتووەکانی داهاتوون. دوای ساڵی 1844و دەستورە بەناوبانگەکان یان بە تایبەتی لە ماوەی قۆناغی نووسینیان ( کە باس لە بەرامبەرگرتنی فەلسەفە و فیورباخی دەکات سەبارەت بە سروشت و لە فەلسەفەی هیگڵی سەبارەت بە مێژوو پێگەی سروشت روونە و چیتر نابێتە زەمینەی بەرهەمهێنانی-بوونەوەری مرۆیی- لەلایەن خۆیەوە، بەڵکو بەرهەمێکی دەرکەوتووە لەلایەن کوڕی پەسەندتری سروشتی دایک و تەنها دەبێتە بابەتی بەرهەمی پیشەسازی.

چەمکی بەرهەمهێنان روو دەکاتە سنووردانان لە کاتی گوێزانەوەی رووەو چەمکێکی هەرە ووردتر گەرچی مارکس ئەم گەڕانەوەیە بە هیچ جۆرێک باس ناکات ململانێ لەنێوان سیفەتی ماددی شت و سیفەتە سروشتیەکەی هەیە. سیمای مێژوویی بەرهەمهێنان زاڵ دەبێت ( کە لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی بە دانپیانان بە مافدارێتی یەکەمی ئابوری رامیاری کۆتایی دێت).

بەڵام مارکس هەرگیز ئەو پەتە نهێنییە ناپسێنێت کە « مرۆیی » بەرهەم و بەرهەمهێن دەبەستێت بە بنەڕەت ( اصلی ) و رەسەن ( اصیل ) کە لە سەرەتا و کۆتاییدا سیفەتی سروشتیە. پەیوەندیەکە کە روون دەبێتەوە، بەڵام لە ناو ناچێت، لە کاتێکدا هەڵە نییە بووترێت سروشت لای مارکس هەمدیس بە کۆتایی دەستنیشان دەکرێت: لە ناوچوونی لەو کاریگەرییە بەرهەمهێنەرەیدایە کە لە رێگای ئەم کاریگەرییەوە دەیگۆڕێ. دووایین مەودا کە مارکس لە گروندسیسەGrundsisse ، لە ساڵی 1857 وێنای دەکات تەواوکردنی بەرهەم بەدەستدەهێنێ و هاوکات سروشت لادەبات و خۆی

دەبێتە سروشت ( دژی سروشت، دژی سروشتی بوونەوەر کە لە خودی خۆیدا ڕێبازی بزاوتەکەی هەڵدەگرێت و خۆی دەجوڵێنێت: ئامێرییانە « دوا بەدوای ئەوە دەبینی سروشت دیار نامێنێت و پێویستە بەرهەم بهێنرێتەوە. ئەو بەرهەم بۆ مرۆڤی چەکدار بە تەکنیک دەگێرێتەوە کە بەهۆی دەست بەسەراگرتنیەوە رووخاندویەتی، ئایا لە خودی خۆیدا بەکاریهێناوە؟ ئایا لە دەوروبەری خۆیدایە؟ یەکێکیان ئەوی تریانی بەڕێوە بردووە. ئەو کۆتاییەی سروشتی پێدراو( سامانی سروشتی کە وەک بەخشیشێک دەستدەکەوێت)، کۆتاییەکی خۆکردەکیە بە جیاواز ئاماژە بۆ سەرەتای بە موڵکایەتیکردنی بوونەوەری مرۆیی بەهۆی بوونە پەسەندکراوەکەی دەکات.

**35-مەرگی هونەر**

مارکس گشت ئەم کۆتاییانە ئاشکرا دەکات و پێشبینی مەرگی هونەر ناکات، بەڵکو وای دەکەوێتە خەیاڵ کە وێنای بڵاوبوونەوەی کاریگەری جوانناسی وەک نموونەیەک لە کاریگەری ئەفرێنەر لە کۆمەڵێکی ئایندە دەکات هەموو کەسێک دەبێتە شاعیر، میوزیکزان، نووسەری شانۆیی و هتد .. بە دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە مارکس بە دڵنیاییەوە پێشبینیکاری رەتدەکاتەوە: پیاوانی ئایندە لە سەریانە هەستن بە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان.

مارکس خۆی ڕاڕا دەبێت لە نێوان تێڕوانینی ئاکاری ( ڕێزی هەمووان بۆ هەمووی یەکسان لە ئازادیەکانیان لە سنووری ئازادی ئەوانی دی )، تێڕوانینی جوانناسی کە پەسەندی دەکات و مارکس حەز لە ئاکار ناکات. هیگڵ کە پێشبینی مەرگی هوونەر دەکات مەرگێک کە بگونجێ لەگەڵ ئەو دەستکەوتانەی کە لە سیستەمی فەلسەفی- رامیاری تەواو دەکرێت. لە

هەموو سەردەمێک هوونەر ئەوە لە ڕێگەی ئاشکراکردنی مردنی دەردەبڕێت. هونەر موڵکی هەموو سەردەمێکە ( هوونەری کۆن، ڕۆژهەڵاتی و سەدەکانی ناوەراست و هتد) سنووورداری دەردەبڕێت. هوونەری ڕۆمانسی لە یەککاتدا دەربڕیی لە سنووورداری هونەرو سنورداری مرۆڤ دەکات. هاوتەباییەک لە نێوان هونەری مردن و مردنی هونەر هەیە: ئێڕامانی( تامل ) شیعری، درامی، داستان ئامێز لە مردن.

ڕۆمانسیەت مێژووی هونەر دەستەبەر دەکات لە کاتێکدا و لە ڕووییەکی دییەوە مێژوو بە گشتی لە دەوڵەتی نوێ و فەلسەفەکەی کە سیستەمی هیگڵی یە دەستەبەر دەکرێ. ئایا هیچ هەڵاتنێک لە دەست هەڵبژاردن نییە لەنێوان تیۆری هیگڵی کە کۆتایی هونەر بە کۆتایی مێژوو دەبەستێ و تیۆری مارکسی کە پێدەچێت پێداگری لەسەر مانەوەی هونەر بکات لەدوای کۆتایی هاتنی مێژوو و ئاکارو ڕامیاری و ئایدیۆلۆجیا؟ نیچە فێری کردین کە مەسەلەکە لەوە قووڵترە گەر شیعر بێت. کارەسات نەبێت و کارەسات بێ توندوتیژی نەبێ چۆن دەتوانرێت وێنای کاریگەری ئەفرێنەر و ڕێکەوتنێکی قایلکار بەدی بێت؟ ئایا شیعرو هونەری شانۆیی و مۆزیکی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو وتارانەی کە مارکس خوازیار بوو لە پێشەکیدا دایبنێت، ئەگەر داهێنانی هونەری نەمرێت، بێگومان ئەوە ڕووداوت بە گوێرەی داڕێژراوێک کە مارکس وێنەی کردووە، مرۆڤی پاش- مێژوویی و پاش - شۆڕش کە کاریگەری ئەفرێنەری بە سەربەستی و بە عەقڵ بڵاودەکاتەوە. هونەر خودی دەڕوخێنێ و لە خۆڵەمێشەکەی زیندوو دەبێتەوە. یەک شێوەیی ژیانی ڕۆژانە دەیکوژێت، بەڵام دووبارە دەژێنەوە، بۆ ئەوەی یەک شێوەیی ژیان بکوژێت. وەک هێزێکی ڕووخێنەر و ( هەڵوەشێنەر وەک هەندێک دەڵێن) خۆ ڕووخێنەر دەمێنێت. نەمرییەکەی ناتوانێت ڕێچکەیەکی هێمنانە بگرێتە بەر.

### 36.مارکس مرۆڤێکی مێژووییە؟

بەڵگەی تەواو هەیە بۆ توانای پێشکەشکردنی دەقی (رەخنەی بەرنامەی گۆتا)، ئەوەش وەسیەتنامەیەکی رامیاری مارکسە بەو سیفەتەی کە کارێکی بنەڕەتیە، بەڵام پێویستە ئەم جەختکاریە روونبکرێتەوە و شوێنەکەی دەستنیشان بکرێت. دەقی مارکس بەرامبەر خەڵکی ڕاڕا بڵاودەبێتەوە و مایەی گلەیی و گازندەیە. ( مێژوو ) ئەو مانایە وەرناگرێت کە پێشبینی پێوە کردبوو. بیرمەند و بیریار نەبوونەتە سەرکردەی سیاسی ناشبن. لەوساوە چوارچێوە مێژوویەکان ( دەوڵەت و نەتەوە ) راگەیاندراوە مارکس دەیەوێت بیانشکێنێت. ئەو بونیادانەی دەدرێنێ کە رووداوەکان بە هەڕەمەکی( عفوی) یاخود بە زۆرەملێ خۆیان پیادە دەکەن.

دەقی مارکس بە کارەساتبار کۆتایی دێت، بە وشەگەلێک کە دان بە پەککەوتوویی بیرمەند بە رووبەڕووی ئەم واقیعە رووخێنەرە دەنێت: رووداوەکان لەبەردەم داڕێژراوی عەقڵانی مێژوو راناوەستن. ئەم مێژووەی کە مارکس وێنای دەکات خۆی بەدرۆ دەخاتەوە. مارکس لە توانایدا نەبوو ئەوە بزانێت کە ئەم بەدرۆ خستنەوە بە داڕووخانی خودیی کۆتایی دێت. لەگەڵ ئەوەشدا کێ « پیاوی مێژووە « کە رێچکەی ڕووداوەکانی گۆڕی و دەزگاکانی بە ئاڕاستەی چاکسازییە وەسفکراوەکان برد بەوەی کە مێژووییە؟ ئەویش (فەردیناند لاسال) داهێنەری سۆشیالیستی نێودەوڵەتییە، رەچاوکەری هیگڵە و دۆزەرەوەی شوێنە لێکچووەکانی نێوان ( واقیع ) و ( عەقڵانی ) و نێوان شۆرش و رژێمی دەسەڵاتدار ( پاشماوەی بەهای گۆڕاو بۆ ( یاسای پۆڵایین ). لایەنگرانی بە ئاگایی و بێئاگایی توانیان لە دەوروبەری رێبازە شۆڕشگێڕەکانی چینی کرێکاری ئەوروپی و بەرەی چەپڕەو گێرەشێوێنی کۆبنەوە. ئایا فردیناند لاسال مێژووی درووست نەکرد بە دانانی سنورێک

بۆی لە ڕێگەی دیاریکردنی دەوڵەت؟ ئەو شایانی پێدانی نازناوی پیاوی مێژوو بوو، ئەو سەرکەوتنی بەدەستهێنا نەک مارکس.

## 37·مارکس چەپڕەوێکی پەڕگیرە؟

مارکس چەند دەستەواژەیەکی نامۆی بەکارهێنا. ڕووداوە مێژووییەکانی یان وەک دەگوترێت بە ڕستەی پەڕگیر دەتەنێت کە خێرا هەڵە مێژووییەکەی دەردەخات. ئەوانەی کە ئەم وشەو دەستەواژانەی وەک قسەکردن سروشیان لێوەرگرت، قبووڵیان کرد پتر لەوەی وەک چەمکگەلێک دانی پیابنێن. مارکس چی دەڵێ؟ کێشەکە لە درووستکردنی مێژوو و دروست نەکردنیدایە. کارلێکاری مێژوویی بوونی مرۆیی دەناسێنێت. ئەم کارلێکارییە کۆتاییەک بۆ هەموو شتێکی ئامادەبوو لە نەتەوە. دەوڵەت، سامان، بازاڕ، شتومەک، چینەکان و خێزان دادەنێت و هەموو تەواو دەبن لە کۆتاکانەوە بۆ نێو کۆتاکانی تر. چینی پرۆلیتاریا شتێکی نییە لە دەستی بداث لە کۆت و بەندەکەی زیاتر نیشتمانی نییە.

بەیاننامەی پارتی کۆمۆنیست ئەوە ڕادەگەیەنێت چۆن دەبێت سەرزەنشتیان بکەین، چونکە وازیان هێنا یاخود خیانەتیان کرد لەو ماڵ و موڵکەی کە هەیانە؟ یاساکانی ئابوری – ڕامیاری یاساکانی سروشتە. لەگەڵ ئەوەش ئابوری ڕامیاری لەناودەچێت لە دوای شۆڕشی ڕەها چییە؟ هیچ شتێک لەوەی کە لەوەوبەر هەبوو. چی شتێک سنوور دادەنێت و بوونیادی پەیڕەو کاری کۆمەڵایەتی دەکات؟ پشت بەچی ئەستور دەکات لەسەرجەم پەیوەندییەکانیدا پشت بەچی دەبەستێت؟ موڵکایەتی تایبەتی کە پڕۆلیتاریا پووچەڵی دەکات. چینی کرێکار مێژوو دادەنێت، مێژوویەکی رووکەش « مرۆڤ کوێرانە لە درووستکردنی هەڵوێستەکان « بە جۆرێک هەرگیز

نایەنگەیەنێتە ئەو شوێنەی کە نایانەوێت بیگەیەنێت. هەموو شتێک تەواو دەبێ وەک بڵێێ مارکس بەهۆی رستە پەرگیرەکانییەوە کاری کردبێتە سەر رێچکەی رووداوەکان. هەروەها شتێک روودەدات وەک بڵێی رووداوە بەناو مێژووییەکان بە لێشاو دابارییبێتە سەر ئەم هەڵوێست و زیادە رەوییانە و رێچکەی کردەکی گۆڕیبێ بێئەوەی لە ئاکامیا دەستی بەسەر گرتبێ. بەمجۆرە جەختکارییە پەڕگیرەکان مێژوویان هەیە پاشان پەیڕەوکاری لەناوی دەبات و رەنگی ون دەکات و لەگەڵ ئەوەش ئێمە بیری دەکەینەوە و لەو زیاتر لە هیچی دی بینارکەینەوە ئەوەی کە پێی دەڵێن مێژوو، ئایا پێویست نییە ئاماژە بۆ بەشی هەرە زۆری پێکهاتنەکان و بەدحاڵیبوون و تەمومژاوێتی کە بە لێدانێکی پەنجەی شارەزایانەی سیاسییەکان بە ئاراستەی ئەم و ئەو هەرگیز چارەسەر نەدەکرا ئەو سیاسییانەی کە درووستکەری رووداوەکان بوون و زۆری نەبرد بەسەریاندا تێپەڕین.

سەدەیەک بەسەر بڵاوکردنەوەی کتێبی (سەرمایە) تێپەری و پێدەچێت دۆخەکە زۆر نەدەگۆڕا» چەپـــــڕەوی توندڕەو» زیادە رەوی فۆرمەلە دەکرد و مەسەلە پەرگیرەکان مۆریان بە رووداوەکانەوە نابوو، بەڵام هەڵکشان داکشان هەروەها لە سوچێکەوە بەرەو شوێنێکی دی گوزەریان دەکرد و بە شێوازێکی دی کاریان دەکرد. مەسەلەکە « چەپڕەوی پەڕگیر» بەدرۆ ناخاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەوە داسەپاوییەکی نیشاندەدات تەنانەت ئەگەر بە تایبەتی تەواو دەستەبەر نەکرێت. دەشێت رستە و دەستەواژە پەڕگیرەکان راست نەبن لەگەڵ ئەوەش ماناو مەبەست و ووردەکارییانی تێدا بەدی دەکرێت. لەوانەشە بیرێکی زۆرتری ماناکان لەخۆ بگرێت. سیفەتی زانستییانە بۆ کارکردن ئەوەندە بەس نییە. سادەیی پیاوانی ئابوری زۆر گەورەیە ئەوانەی کە بڕوایان وایە خەڵکی خۆیان لەپێناو گەشەی ئابوری و

زانست و پلاندانان دەکوژن ئەوانە هەروەها پێویستیان بە هیواو حەوسەڵداری و نۆباوییەتە. ئایا مارکس چەپڕەوی توندڕەو بوو؟ بە باشتر تێدەگەین کە بۆچی لەڕووی دەرەوەی لەناوچوو و لە ناوەوەیشدا هەڵوەشێنراوە، ئەمە دووبابەتی کاتی هەنووکەیین.

**38. لە هیگڵەوە بۆ نیچە**

بیرکردنەوەی قووڵی نیچە و کارەکانی هاوکات لەگەڵ ئاوابوونی بیری مارکس ( 1867 ) دەستپێدەکات. نزیکەی چارەکە سەدەیەک بەسەر سەرەتا هەڵکشاوەکانی مارکس و کەمتر لە نیو سەدە بە سەر مردنی هیگڵەوە تێپەڕیبوو. بە تێروتەسەلی ئاماژە بۆ ئەوە نەکراوە کە ئایا خاڵی دەرکەوتنی نیچە لەگەڵ خاڵی دەرکەوتنی مارکس رەخنەی هیگڵی و بە شێوەیەکی تایبەتی هیگڵی چەپڕەو یەکدەگرنەوە؟ بەڵام لە کاتێکدا هەڵوێستی تیۆری بە شێوەیەکی قووڵ گۆڕانکاری بەسەردا هات. دژی هیگڵ و عەقڵانییەتە کۆکراوەکە. شۆبنهاوەر ویستی (دوولاییبوون)ێکی بنەڕەتی لە بوون و بوونی مرۆیی بخاتە ڕوو، گەر دوولاییبوون هەبووبێت، هەروەها نامۆبوون (اغتراب )یش هەبووە، بەڵام ئەم نامۆبوونە پێکهێنەرە بوون لە لایەکەوە تەکانە، ئیرادەیە، قووڵیەکی کوێرانەیە، سەرەتای زیندووە، لە لایەکی دیکەشەوە ئاگایی و روون ئاشکرایی و بیرکردنەوەیە.

## بەشی سێهەم
## ئاگادارکردنەوە

-1

ئەم کتێبە کاری فەیلەسوف نییە، هەرچەندە هەندێک تێڕوانینی فەلسەفی (هەروەها رەخنەی دوا بەدوای فەلسەفە (Meta philosophie)ی گرتۆتەخۆ. ئەمە کاری زانایەکی کۆمەڵناس نییە کە پێداگری لە سەر زانستی کۆمەڵناسی بکاتْ و کاری مێژوونووسی نییە لەبەر ئەوەی نووسەرەکەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامداوە بەرلەوەی رێگە بەخۆی بداتْ مێژوو وەک پرسیار ئاراستە بکاتْ.

ئایا ئەم کتێبە رێگەی ئەوە ناداتْ پۆلێن بکرێتْ؟ حەوسەڵەی ئەم وتەیە قورسیو ئاستەنگە! بەڵام بۆ هەر لە سەرەتاوە دانبەوەدا نەنێین کە ئەم کتێبە لە چوارچێوەی کاری زەینی بەدەرە هەروەک چۆن لە توێی بیری نەویو بۆ دەزگا رۆشنبیرییەکان دامەزرا؟ چاکتر وایە ئاگاداربین.

ئەوەتا ئاگادارکراینەوە. ئایا پێگەی ئەم کارە ناتوانرێ دیاریکرێ؟

بە هیچ شێوەیەک! دەکەوێتە سەر هێڵی بەرزی نێوان دوو سەرەو لێژە: فەلسەفەو مێژوو. سۆسیۆلۆژی لە گەڕاندا بۆ دەستەبەرکردنی. پێویستە ئەوە بێنینەوە یاد کە کارەکانی هیگڵاو مارکسو نیمچە کە دەبنە خاڵی دەرهاویشتن بۆ گەشتێکی ماندووکار بە گوێرەی دابەشکردنە بنبڕکەرەوەکان ناچنە بۆتەی چوارچێوە دیاریکراوەکانەوە. هیگڵا لە سەر بنەمای کەسێکی

ئینسیکلۆپیدی بیری دەکردەوەو کارەکانی مارکس ناتوانرێ لە توێی ئەم جۆرە دابەشکردنە پەنگبخواتː فەلسەفە، ئابوری رامیاری، مێژوو، کۆمەڵناسیو هتد، بەڵام سەبارەت بە نیچە ویستیان وەک شاعیر باسی لێوە بکەن و لە رووی فەلسەفی یاخود زانستیەوە فەرامۆشی بکەن و ئەوەش دەزانین کە ئەو دوایین فەیلەسووفی ئەوروپیە و لەگەڵا مارکس نەوەیەکیان دامەزراند کە ناتوانرێت پێناسە بکرێت نە لەرێگەی فەلسەفەی کلاسیکیو نە لەرێگەی زانستی پۆلێنکاریی شەوە.

ئایا لە ساڵی 1968 خوێندکارەکان بە گوێرەی رووەکانی دی کۆمەڵا و جیهانی ئەوسا دابەشکردنی کاری بەرواڵەت تەکنیکیان رەتنەکردەوە، کە لە راستیدا دابەشکردنێکی کۆمەڵایەتی بوو واتا بەهۆی بازاڕو داخوازییەکانی دیاریکرابوو تەنانەت لە بواری زەینیو عەقڵیشدا؟

ئاوێنەیەکی دووپاتنەکراو لە لێکهەڵوەشاندنەوەی تایبەتمەندیو ئینسکلۆپیدیایەکی ناتەواو تەنها جێگەی رەزامەندی سەرۆکی دەزگا فەرهەنگیەکانە. بیر لە ئەورووپاو فەڕەنسا و تەنها هۆشی (تاک یاخود بە کۆمەڵا) رەهەند گەلێکی دەپاراستو ئەم بیرو ئەم هۆش (الوعی)یە جیاواز بوو لە بیرو هۆشی وڵاتانی دیو بە تایبەتی لە بیری وەرگێڕاو بۆ رەهەندی ئەزموندار کە تەنها جەخت لە گواستنەوەی واقیع دەکات. سێ رەهەند کایەی فەلسەفیو کایەی مێژوویيو پراکتیکی پێشکەش دەکاتو شێوەی بیری ئەوروپیو ئاگایی ئاڵۆزی خۆی هەیە. دووکایەکەی یەکەم فەلسەفیو مێژوویی، ئامانجو هەڵگری کایەیەکی رەخنەیین .لەروانگەی ئێمەو ئەوروپیەکانەوە مەعریفە بێ تیۆریو (چەمکە قووڵکراوەکان)و رەخنە لە کاری تەواوبوو نیەو پەیڕەوکاری ناتوانرێ وێنابکرێو هەروەها ناشتوانرێت دەستەبەر بکرێت بەبێ گرێدان بەم بیرکردنەوەیە و ئەوەشی بڵاودەبێتەوە

پراکتیکی- رەخنەیە نەک پراگماتی و پۆزیتیڤیسمی (دۆخگەرایی). بەڵام ئەم رەوشە تا کەی بەردەوام دەبێت؟

چینی کرێکار لەمیان کارو ئاگایی بیری رەخنەیی و مێژوویی دەسنیشان کراوە و بە شێوازە بەهێز و جیانەکراوەکەی بەردەوام دەبێت؟

چینی کرێکار لەمیان کارەو ئاگایی بیری رەخنەیی و مێژوویی دەستنیشان کراوە و بەشێوازە بەهێزو جیانەکراوەکەی خاوەنی رەهەندی مێژوویی (گەڕانەوە بۆ شۆڕشەکان) و رەهەندی نەگەتیڤە، ئایا خاوەن ئاگایی چینایەتیە بە واتای ئاگایی خودی دابڕاو نەیار لەگەڵا ئاگایی خودی بۆ رژوایی بە سیفەتی بوونی وەکو چین؟

نەخێر بە تەواوی نا، چونکە خودی بۆرژوازیی بە سیفەتی بوونی وەکو چین؟

نەخێر بە تەواوی نا، چونکە خودی بۆرژوازیی ناتوانێت بە ئاسانی لە رابردوو و لە نەزعەی رەخنەییش رزگاری بێت بە ئەندازەی مانەوەی ئەو میراتەی کە هێشتا لە بۆتەی سروتی یادەوەرییەکان و رۆمانەکان و (ناوجەرگەی رۆشنبیری) نەکەوتۆتە خوار. لەمیان ئاگایی پرۆلیتاری و هەروەک لەمیان ئاگایی بۆ رژوازیدا جیاوازی لە بوونی پێداگری هەیە پتر لەو جیاوازییەی کە لە ماهیەت یان لە کایەکاندا (الابعاد-هەبێت، بەڵام لە سۆنگەی ئەم کەلتورە ئەوروپییەوە قەیران و هەڕەشەیەک هەیە لە دەوروبەری ئەم کایانەدا دەسوڕێنەوە و هەوڵی بچوککردنەوە و ساناکردنی دەرهاویشتەکانی ئەو هەڕەشەیە دەدەن.

تاکە خەمی گەشەی ئابوری رۆڵی ئایدۆلۆجیایەکی بەزێنەر دەگێڕێت هەروەک بەراییەتی بەخشراو دەگەڕێنەوە بۆ کایەی چەندایەتی تەنانەت لە داخوازییەکانی کرێکاران و روانینەکانیان. تەکنیک و پشتگیری کۆمەڵایەتی

بەهۆی گرنگیانەوە لەڕووی تەکنۆکراتی و بیرۆکراسیەتەوە پێکەوە گوشار دەخەنە سەر ئەو هۆکارانەی کە وەڕزییان دەکەن.

هەندێک جار وا گریمانە دەکرێت کە ئەم ناوەندە کۆمەڵایەتی و تەکنیکی و تەکنۆکراتیە لەسایەی وشەیەکدا- بوونیادی تەکنیکی ئەشێت رۆڵێکی مێژوویی بگێڕێت.

گەر کارەکە بەو جۆرە بێت ئەوا لە سەر ئەستۆی مێژوو تەواو دەکرێ و ئاگایی مێژوویی گرفت بۆ ئەم کەسانە درووست دەکات، چونکە بە شێوەیەکی تایبەت نامۆیە پێیان.

ئاگایی- ئاکرەو یاخود کۆمەڵایەتی لە ئەوروپا بێ بوونی چەند نیشانەیەک پەی پێنابرێ و وێنا ناکرێت و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دەگەڕێنەوە بۆ زەمەنی مێژوویی. کارەکە لە ناوچەیەکی جیهاندا چۆن لەم روانینە دوور دەبێت کە لە رووی کەلتووریەوە دوو هەزار ساڵا لە بیرەوەری و داستانە شۆڕشگێڕییەکانی لای خۆی هەڵگرتووە؟ ئەمەش دەوڵەمەندییەکی سەرکەوتووانەیە.

هەموو ئەوانەی لە فەڕەنسان دەزانن و هەستدەکەن کە عەقڵی فەلسەفی لەو هەستە رەخنەییە تەندروستەی کە دیکارت دیاریکرد زیاتر نزیک دەبێت وەک لە پاساوی دەوڵـەت و زەینی براگماتی، ئایا ئەو پاڵنەرانە کتوپڕ سەرساممان ناکەن کە لە هەریەک لە ئەڵمانیا و فەڕەنسادا وزەی بە بزووتنەوەی خوێندکاری بەخشی و رێگەی بۆ تێپەڕاندنی ئامانجە سنووردارەکان خۆشکرد بەوەی کە لەنێو کۆمەڵێکی بچوککراوەی پەراوێزکراودا پەنگ نەخوات و هەلی ئەوەی بۆ رەخساند کە تەواو کۆمەڵا رەتدەکاتەوە؟ بەڵێ، بەڵام بۆ ماوەی چەندێک؟

هێلی ئەمەریکی لە (ئایدیۆلۆجیای بەرهەمهێنان، ئەزمونگەری و

پوزیتیڤیزم و براگماتی) ئاگایی لەناودەبات و کاڵی دەکاتەوە و هەروەک بیریشی وا لێدەکات و هێزی ئایدیۆلۆجی دەوڵەت کە لە هەموو شوێنێکدا بەکاردەهێنرێت بەبێ چەواشەکردنی فەلسەفە و پەیکەرە یادگارە مێژووییەکان بەشداری داڕووخان دەکات. فەلسەفە و مێژوو کەوتنە نێو پلەی کەرەستە ئایدیۆلۆجیەکان و دووچاری تێکشان بوون.

ئەم گوشارەی سەر کایەکانی ئاگایی و مەعریفە و کەلتوور لەمەودوا بەبێ زیان تەواو ناکرێن. شەڕە دوکەڵێکی ئایدیۆلۆجییانەی چڕوپڕ بەسەر ئەو بوارانەی کە تووشی تێکشان بوون بڵاودەبێتەوە و مێژوو هەڵوەستەی دەکات لە ئاست بڵاوکردنەوەی مەسەلە ئاشکراکان و بۆ بەرژەوەندی ئۆپەراسیۆنە تاکنیکییەکان دەخرێتە گەڕ. لە کاتێکدا کە مێژووو مەعریفە دەبوو ئایدیۆلۆجیاکان لە پرۆژە بەراییەکان دووربخەنەوە. دەڕوانین مارکس خودی مێژوو بەرەو ئایدیۆلۆجیا دەگوازێتەوە، ئاخۆ ناڕوانن ئەو رادەیەی کە دووبارە مێژوو بنووسنەوە، زۆرجار لە رێگەی رووانینی ئێستا واتا لە رێگەی تێڕوانین لە ستایشکردنی دەسەڵاتێک یان دەسەڵاتێکی دی هەنووکە؟ بەڵام فەلسەفە بە هیچ جۆرێک لە دوورکەوتنەوەی ئایدیۆلۆجیادا سەرنەکەوت.

ئایا ئەمە بەڕاستی تموحی ئەو بوو؟ کە من ئەو فۆرمەلانەی کە لە رادەی دزێوکارییەکانیان بگەنە ئاست دزێوکاری ئەو فۆرمەلەیەی کە باس لە (کۆتایی ئایدۆلۆجیاکان دەکات) و مەبەستەکەیشی وەک دەستکەوتێک دەخاتە ڕوو. (بڕوانە دانییەل بێل D. Bell) لەمەڕ بەسایەتی بیرۆکە رامیارییەکانی پەنجاکان- کۆتایی ئایدیۆلۆجیا). لە راستیدا ئەوەی روویدا لیکدژیەتی، زانستە هەرە ووردکارەکان دەڕژێنە نێو ئایدۆلۆجیاکان بە ئەندازەی ئەوەی کە مەعریفە دابەشکراوەکان دەبنە هۆکاری درووستبوونی روونکردنەوەکان بەجۆرێک کە ووردەکاری لەمیانی مەعریفەیەکی بەش بەش کراو پێویستی

به روونکردنەوەی گشتی دەبێت و دواتریش پێویستی بە فەلسەفە یاخود وەهمێک دەبێت و خودی کردارەکە بەرەو ئایدیۆلۆجیا خۆی رادەگوێزێت: گوزارەیی- الخبریە- و پوزەیتیڤزمی لوجیکی و بوونیانگەریش ئایدۆلۆجیان، ئایدۆلۆجیایەک نین کە نەمابن، بەڵکو ئایدۆلۆجیای نوێ وتـازەن و سەردەکەونە ئاسۆ.

گوشار خستنەسەر ئاگایی مێژوویی و (جەخت دەکاتە سەر کایەی ووردبینانەی رۆشنبیری و مەعریفەی چوارچێوەی مێژوویی)، قەیران لە بیری مێژوویی درووست دەکات.

دەتوانین لەمیانەی نووسینی مێژوونووسان و ئەو مشتومڕانەی کە سەبارەت بە کەمکردنەوەی ئیشکالیەتی مێژوویی لە ماوەی سەدەیەک ئەنجامدراون، پەی بە ئاماژەگەلی ئەم قەیرانە بەرین.

هەرچەندێک ئەم ئیشکالیەتە بەرتەسکە، مێژوونووس ئەوەندە بڕوا بە تۆکمەیی کارەکەی و تێکەڵی مەعریفەکەی لەگەڵا ئایدۆلۆجیا دەکات و هەروەک سەلماندنەکانی ئەو قەیرانە لە کتێبە هاوچەرخە تایبەت بە ئیستمۆلۆجیاکاندا هەیە و مێژوو لەم بارەیە پشکێکی کەمی بەردەکەوێت کە بە پشکی خزمەتکار نەک پشکی شێر هەژمار دەکرێت و لە بۆچوونەکانیان دەگەنە رادەی رەتکردنەوەی رەوشە تیۆرییەکەی (رەوشی ئبیستمۆلۆجی)و ئەو پێگە سەنگینەی کە تاکو ئێستا لەمیانی رێکخراوی مەعریفی داخوازی دەکرێت.

سەیرورەی بێ گەڕانەوە رووداکانە گرژبوونەوەی مێژووگەری و مێژوو لە نـاوەوەو دەرەوە بە شێوەیەکی پراکتیکی و تیۆری و لە بەرژەوەندی ئەو سەیرورەیە چەند گۆڕاکارییەکی سەیرو ترسێنەر بەرپادەکات و کەرەستە گەلێک شوێنی مەبەستەکانی زانستی مێژوو و بەرتەمایی

مێتۆدوبیری ڕەخنەیی دەگرێتەوە و هەروەها بەرژەوەندی و مەبەستگەلێکی دیش شوێنیان دەگرێتەوە. بۆیە تیۆری پوخت و ئاشکراکراو لە ڕێگەی هێزێکی گەورەترەوە بە شێوەیەکی فریوبەرتر لە رابردوو بەکار دەهێنرێت و لەرووی راستیەوە دووچاری پیلان دەبێت. بیرۆکەکان خزمەت پێشکەش دەکـەن. خزمەتی کێ دەکەن و چۆن؟ ئایا برینین لە ستراتیژگەلی بە ئاگا؟ شێوەکانی پاوانخوازی و بیرۆکەکان بێگەردی خۆیان لەدەست دەدەن و دەبنە گرێکوێرەی مارەکان.پێویستە بە گوێرەی یاساکانی شیکردنەوەی رەخنەیی ئەم بەیەکداچوونە شیبکرێتەوە.

مەبەست چییە؟ ئایا ناڕەزایی دەربڕینە؟ ئایا لایەنگری رابردوویەتی مانای خۆی لە دەسدەدات و گەڕانەوە بۆ رابردوو کارێکی رێگە پێنەدراوە ئارەزووی گێڕانەوەی تایبەتمەندیەک و تایبەتمەندی ئاگایی و تایبەتمەندی نموونەی جیهانێکی پاک و شێلگیر تەنها بە لەدەسچوونی کات دانانرێت؟، بەڵکو لەسەر بنەمای مەترسی دادەمەزرێت و ناڕەزایی دەربڕین بە ناوی رابردووەوە ناتوانێت لەو بزووتنەوەیە بەرفراوانە رزگار بێت کە لە پێناوی پاکسازی رابردوو کاردەکات.

گەر قبووڵکردنی بێهودەیی و بینینی مەرگی مێژوو بەبێ هەستان بە بزاوتێک (گوێزانەوەی مێژووگەری بۆ ئایدۆلۆجیا بەندە بە پاکتاوکردنی) لە توانا نەبووبێت، پێویستە هەروەها بە شێوەیەکی تایبەت پێشبینی واتاو مەبەستگەلی نوێ بکرێت. پاکسازکردنی هەریەک لە مێژووگەری و مێژوو هەروەک فەلسەفە وەسفی دەکات کەلێنێک درووستدەکات کە ئەویش کەلێنی عەدەمیەتە. مەسەلەکەش تێپەڕاندنی عەدەمیەتە، چونکە مێژوو پەیمانەکانی نەهێنایەدی و ئەوانیش لە بازاڕی ئایدۆلۆجیای جیهانی فەرامۆش دەکرێن. پرەنسیپەکە لەڕووی تەکنیکیەوە دووانەییەکەی ئاسانە:

بەرگریکردنی مێژوو رووبەڕووی ئەوانەی لە ناوی دەبەن و هێرشکردنە سەری دژ بەوانەی داکۆکی لێدەکەن. لە رووی ستراتیژیەوە پێویستە نموونەیەکی نوێ بۆ ماقوڵێنی دیاری بکرێت. سەرەتا مێژوو پێش سەدە و نیوێک لە بۆنەی شکۆداری زانستێکی مەزن و مەعریفەیەکی باڵا دەردەکەوێت. کاتێک کە هیگڵا بە سەنگینیەوە رایگەیاند کە خودی مێژوو ویستی ببێتە زانستێکی سەراپاگیر بۆ واقیعێکی گشتگیر. بانگەشەی دا کە خۆی تێوەندگیر و سەردارە و دەتوانێت سەبارەت بە تەواوی مەسەلەکان حوکم دەربڕێت و بە جلوبەرگە پێچاوپێچە تووندوتۆڵەکەیەوە پەیکەری زەبەلاح هەڵگرێت و بەرزی بکاتەوە و مەشخەڵی ئاگر لە دەستێکی و بەوی دی شمشێر هەڵگرێت، دادپەروەری مێژووە و ئازادیش هەروەها مێژووە. مەعریفەت رزگارکەرە، مێژوو خودی خۆی دەناسێت بە سیفەتی ئەوەی ئاڵای ئازادیە.

لە جیهانی رۆژهەڵاتدا ئازادی بەدەر لە خەڵکانی دی دەبێتە موڵکی تاکە کەسێک. لە جیهانی کۆن هەندێک کەس ئازاد بوون. لە جیهانی نوێ هەموو کەسەکان ئازاد دەبن و زەمەن بەمجۆرە تێدەپەڕێت. وێناکردنێک دێتە پاڵی ئەم روانینە گەشبینە گرتنەبەری ئاسانە ئەویش: تیۆری گەشەکردنە کە ئەوەندی نەبرد، بووە. ئایدۆلۆجیەتیکی بڵاوەوەبوو کە بە گوێرەی باڵا لە نزمەوە پەیدا دەبێت وەکچۆن چاکترین لە خراپترین پەیدا دەبێت. لەو سەردەمە هەموو شتێک لە سایەی پێشکەوتندا پێشدەکەوت، بەو سیفەتەی بریتیە لە ئامادەکردن و بونیاتنان و گواستنەوە لە بچوکترین چاکە بەرەو باشترین دۆخ و ماقووڵی بەهۆی بەردەوامیەوە دەستنیشان دەکرا. ئیتر جیهان لەوساوە گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هات و مێژوو ( بەواتا بەرفراوانەکەی) لە رێگەی ترساندنە ئەفسانەییەکەی چنگێک زانستی بچوکی دانا کە بە گوێرەی

ئارەزوو بە زانستی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و هتد وەسف بکرێت.

ئەوەی رەوشەکە ئاڵۆز دەکات یەکێک لەم زانستە بچوکانە ناودەنێت مێژوو. لە دایکی دەچێت، بەڵام بە ئەندازەی باڵای ئەو ترۆقە ناکات. هەندێکجار جلوبەرگی دایکی لەبەر دەکات و هەندێک جاری تر سیحری تایبەتی خۆی دەنوێنێ و ئەمەش هەموو شتێک نییە. کێ ئەو رۆژەی لە بیر دەچێت؟ لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە جیاوە بووە کە سەرهەڵدەدات و بەکاوەخۆ هەموو بوارەکان داگیر دەکات بە دەستپێکردن لە بایۆلۆجی و فیزیا، زمانەوانی تازە بڵاوەبوو و جەخت لەسەر ئەم داگیرکارییە دەکات بەپێی( ئەوەی تر یووەکی یەکلایەنی بەربەرەکار لەگەڵ لایەنی پێشوو درووست دەکات کاتێکە ئەو سەردەمە پەسەندێتی بە لایەنی پەیوەستکار دەبەخشێت).

ئەوسا شێوەیەکی نوێی ماقوڵێتی دێتە پێش: بڕین و پێکهێنان. هەڵوەشاندن و دووبارە درووستکردنەوە و بەم شێوەیە کردەوە کە دیاری دەکرێت و واقیع ماقووڵ دەکات و جیابوونەوە جێگەی گواستنەوە دەگرێت و گیرسانەوە و هاوسەنگی جێگەی سەیرورە و بوونیاد و پێکهاتە جیابووەکان شوێنی گەیەنراوەکان دەگرێتەوە. ئەم شێوە هێڵکارییە مێژووییەی زەمەن لە ناماقوڵدا ئامانج دەپێکێت. کەوا بوو هۆکار گەلێکی تیۆری زەمەنی مێژوویی رووبەڕووی هەڕەشە و گوڕەشە دەکەنەوە و ئەم هەڕەشەیە تەنها لە سەر بنەمای فشاری ئایدیۆلۆجیاو دەزگاکان بۆ سەر بیری تیۆری دانامەزرێت ئێمە رەچاوی جۆرەها شێوەی هێرشکاری دەکەین دژی بنچینەی- مێژووگەری و هەروەک لە رووبەکی دیکەوە هەوڵێکی بە پەرۆش دەبینرێت بۆ بەرگریکردنی یاخود دووبارە گێڕانەوەی بۆ رێگرتن لە پەرتبوونی مێژوو و پاراستنی رەوتی کلاسیکی بیری مێژوویی.

. II

کۆتایی مێژوو؟ پێدەچێت ئەم دوشانە پشت بە جیاوازی و تەنانەت لێکدژی ناوەکی ببەستێت. بەردەوام رووداو گەلێک پەیدا دەبن و بەردەوام رووداوێـک روودەدات بۆیە زەمەن ناتوانێت کۆتایی پێبێت و مێژوو و زەمەن شانبەشانی یەکتری دەڕۆن. هەمان بیرۆکە و هەمان واقیع دەبنە هەڵگری ئەم دوو خشتەیە.

کەوابوو مێژوو کۆتایی نییە. ئەم پێودانگە بانگەشە پێدراوەی کە هەستی هاوبەش پێکیدەهێنێت پرسیارە بنەڕەتیەکە لێل دەکات لە سۆنگەی ئەو بینراوەی کە تەنها دەبێت بە نەبینراو.

1. وشەی (مێژوو) مانای پتر لە دوابەدوا یەکهاتنی رووداوەکان ناگەیەنێت و پەیوەندییەکی عەقڵی لە نێوانیاندا نییە و بەسەرهاتگەلێکی بێ زنجیرەیە. هەموو شتێک دەبێتە مێژوویی یاخود بەو شێوەیە دەردەکەوێت. چیرۆکنووس و مێژوونووس زیاتر شپرزە دەکات، بەڵام لای ئەوانەی کە تەنها چیرۆک دەنووسن گەلێ ئاسانترە، ئەی رووداو؟ لەنێوان چیرۆکی جۆراوجۆر و واقیعی جیهانی کەوانەکەی بەرفراوانتر دەبێت. کێ رووداوی وەسفکراو بەرووداوی مێژوویی دەگۆڕێت؟ بەپێی چی پێودانگێک؟ لە هەموو سائێکدا شتێک روودەدات و شتەکەش هەڵدەوەشێنەوە، لەوانەیە وەک دووکەڵا ئاسەوارێک جێبهێڵێت. لە کوێ؟ لە واقیع یاخود لە یادەوری؟ ئاسەوار و زنجیرەی ئاسەوارەکان مێژوو درووستناکەن.

2. کەوابوو دەتوانین مێژوو بەزەمەنی مێژوویی پێناسە بکەین. پێناسەیەکی ئەوتۆ لە هەمانکاتدا شاراوە و بەربڵاوە، بەڵام دەگەڕێنەوە بۆ ئەنجامی ئەنجام - تحصيل حاصل-. هەریەک لە ئێمە دەتوانێت ئێبینی چەند زەمەنێک بکات لە واقیع وەک زەمەنی فیزیایی و زەمەنی بایۆلۆجی و

زەمەنی کۆمەڵایەتی و زەمەنی بازنەیی و نووسراو. بە شێوەیەکی سروشتی زەمەنێک یان زەمەنێکی دی پێشکەش دەکەین و زەمەنی فیسیۆلۆجی یاخود زەمەنی رۆژانە بەڵگە نەویستێکی ئاساییە. ئایا پێویست نییە لەسەر ئەم بیرە تیۆرییە خۆی لەم بەڵگەنەویستیە (بداهە) رزگار بکات؟. بەڵام مێژوونووس زەمەنی مێژوویی بە گوێرەی نموونەیەک دروستدەکات کە دایدەڕێژێت و پێشکەشی دەکات. هەرچەندە ئەمە زەمەنێکی بنەڕەتی نییە لەگەڵا ئەوەشی بچوک دەبێتەوە بۆ ئەندێشە و لۆجیکێکی پەتی و رووت.

ئایا بڕیاری ئەوە بدەین کە مێژوو پێناسە ناکرێت؟ یاخود پێویستە قبووڵی واقعێک یان راستی پیشەیی مێژووگەری بکەین؟ یاخود پێویستە قبووڵی واقعێک یان راستی پیشەیی مێژووگەری بکەین؟ ئەوەی کە هێشتا پێیدەڵێین مێژووگەری ئەم جۆرە گریمانەیە بەردەوام لەتەک خۆی دەهێنێت و بە جارێک وەسفی واقیعی و وەسفی راستی مێژوو رەتدەکاتەوە و مێژووگەری وەک بابەتی مەعریفەی زانستی رەتدەکاتەوە. تەنانەت گەر رێخۆشکەر بێت بۆ چاو پیاخشانەوەیەکی گرنگی وێناکراوە مینۆدارە پەیوەستەکانی رابردوو.

مێژوو ناناسێنرێت تەنها لە رێگەی مەبەستەوە نەبێ و بەمجۆرە و بەگوێرەی ئەوە دەبێتە خاوەن ئاراستە و مەبەست. دەستەواژەی (کۆتایی مێژوو)، تەنها هەڵگری واتا نییە، بەڵکو مێژوو ناناسێت و لەم مانایە بەولاوە مانای دی هەڵناگرێت. بە تەنها مەبەست رێگە بەوێناکردنی سیفەتی مێژوویی دەدات و بەدەر لەوە مێژوو بوونی نابێ، بەڵکو ئاژاوەگێڕی پەیدا دەبێت و ئەمەش بەشێکی ئەم کتێبە دەیخاتە ڕوو.

گریمان ئێمە بە پێناسێکی لاهوتی مێژوومان ناساند بە سیفەتی ئەوەی جێگرەوە یان پاڵپشتکاری خواوەندێنیە، بەڵام هەر وەک کۆتایی:

دوایین حوکم (ڕۆژی قیامەت) و بەدەستهێنانی دادپەروەری و سەرکەوتنی ڕاستی پێناسەی دەکەین. ئەو ناعەقڵانیەتەی کە بۆ سەیرورە دەگێڕدرێتەوە، ناتوانرێت بیری لێبکرێتەوە تەنها لە ڕێگەی ئامادەکردنی بە کەمترین ڕادەی عەقڵانیەت نەبێت. بەڵام عەقڵانیەت بە واتا چڕوپڕەکەی بەجیا لە لاهوت و میتافیزیکا دەتوانین گرێی بدەین بەزەمەن ،هەروەها ئەو گریمانەی مەبەست و سنووری کۆتایی و ئامانج دەکات. عەقڵانیەت و مەبەستگەرایی لە مێژوودا تەواوکەری یەکدین و یەکتری دەناسێنن.

عەقڵانیەت گرێدانی ڕووداوەکـان و زنجیرەکردنیان دەگرێتەخۆ بەگوێرەی جۆرە هۆکارگەراییەکی بە ڕواڵەت یاخود کارا کە لە ڕووی عەقلانیەوە وێنا ناکرێت تەنها بە گوێرەی هۆکارێکی مەبەستگەرا نەبێت. مەبەستگەرایی گریمانەی ئەوە ناکات کە ئامانج جێگیر و وێناکراوە لە هەنووکەدا، بەڵکو زەمەنی سەیرورە تاکە ئاراستەیەکی کۆتاییانەی هەیە. ئاماری مەبەستەکان قابیلی وێناکردنە و ئالێرەوە سەر لە نوێ پەی بەرگریمانە گەورەکانی هیگڵی و مارکسیزم دەبەین. مانای مێژوو و ئاراستەکەی برینییە لە خوودی تەواوی عەقڵانیەت و لێکۆڵینەوە مرۆیی بەشێوەیەکی ووردبینانەتر. مێژوو لای هیگڵا بە پشکنینی فەلسەفە وەک سیستمێکی ڕامیاری دەناسرێت: بەو سیفەتەی تیۆری دەوڵەت و شەرعیەت دەبەخشێتە پەیڕەوکردن و پاساوی پێکهاتەی خۆی دەکات و سیفەت ڕەها نیمچە خواوەندییەکەی دەئەفرێنێت، بەڵام مارکس مێژوو لە چوارچێوەیەکی بەراییانە بە براکسیسی پیشەسازی و شۆڕشی پرۆلیتاری و دەسەڵاتی مرۆڤی کۆمەڵایەتی بە سەر سروشت لە ڕێگەی کۆمەڵی دوور لە چینایەتی و ئابوری فرەیی دەناسێنێت. بەڵام مێژوو ماوەی سەدەیەکە بە ئەندازەی توانای ڕاڤەکردن و تێگەیشتنی هیچکام لەم گریمانانە بە دەستناهێنێت. تەنانەت گریمانە پتر تەماوییەکان (بۆ نموونە

گریمانەی سانای پێشکەوتن)، یاخود پتر تایبەتمەند گریمانەی لێکۆڵینەوەی گشتی نەتەوەیەک لە سەرکەوتنیا بەسەر نەتەوەکانی دی) بە دەستناهێنێت و بەمجۆرە مەبەستە گریمانکراوەکان مانای خۆیان لەدەستداو یان خەریک بوو لە دەستی بدەن.

دۆزینەوەی دەرچەیەکی دی لە رێگەی گریمانەیەکی دی دەکەوێتە ئەستۆمان کە ئەویش: گریمانەی مەبەست (غـایـە)ە کە لەگەڵا ئەو مەبەستگەراییانەدا یەکناگرێت لەلایەن داهێنەرانی بیری مێژوویی لێیان روانراوە. ئالێرەوە خۆمان لە بەرامبەر بیری نیمچە دەبینین کە تەواوی واتای خۆی وەردەگرێت.

لە روانگەی هیگڵا و مارکس و بیرمەندەکانی دی مێژوو لە راستیدا دوا بەدوای مێژووی تیا رەچاو دەکرێت، بەڵام لە بۆنەی لە دایکبوونێکی نیمچە سروشتی تیا سەرهەڵدەدات، لە مێژوو لە دایک دەبێت وەک ئەوەی لە لانکەوە دەرچوبێت و لە مێژووە سەرهەڵدەدات وەک ئەوەی لە منداڵدانەوە دەرچووبێت. یەکەم کەسەکە وێنای گریمانەی شارستانیەتێکی جیاواز لە شارستانیەتەکەمان دەکات، چونکە لە رێگەی جیابوون لە مێژوو و مێژووگەری مێژوویی لە نێو رابردوو و مەعریفەکەیدا لەدایک دەبێت و وەک بارێکی گرانی بێسوودی باری یادەوەری تەنها نەزۆکی زیاتر دەخاتە سەر دەسکەوتووەکان و پاشان لەدایکبوونی ئەو شارستانیەتە پشت بە دابڕانی ریشەیی و جیابوونەوەی سەراپایی و نوێکردنەوەی رێگەکانی مەعریفەکەی و رەتکردنەوەی بیری مێژوویی دەبەستێت.

تاکو ئێستا هەرگیز بەدواداچوون سەبارەت بەم گریمانەیە و پەرەپێدانی و بەراوردکردنی لەگەڵا گریمانەکانی دی نەکراوە. ئەو مەبەسنگەرایی دەکاتە دیالیکتیک بۆ کۆتایی مێژوو؟ بەڵێ و نەخێر. نەخێر بە گوێرەی تێگەیشتنی

هیگڵا و مارکسی و گونجانی لیبڕاڵی و پێشکەوتنخواز. لەگەڵا ئەوەشی بەڵێ مێژوو تەواو یاخود تەواو دەبێت بە شێوەیەکی هاودژو کێشێکی قورستر لە مەعریفە و کولتوری مێژووی لەڕووی هەڵوەشاندنەوەیان. ئەو تەواو دەبێت و روو لە مەرگ دەکات و کارەکەشی زۆرە ملێی وێناکردنی دەرچوون لە مێژوو دەکات.

دەرچوون لە مێژوو تەواو کردنیەتی، بەڵام واتای هەڵوەسنەکردن لەم سنوورە و مانەوەی لەمیانی رووداوێکی سەلمێنراوی هەنووکەیی ناگەیەنێت. گریمانەی دەرچوون لە مێژوو کە لە بەشێکی دی ئەم کتێبە خراوەتەڕوو رووەو پابەندگەلێکی تێوری درێژ دەبێتەوە. ئەم دەرچوونە تێپەڕینێک هەڵدەگرێت پێویستە بە گوێرەی تێپەڕینی هیگڵی و مارکسی و هەروەها تێپەڕینی نیچەیی وێنا بکرێت. دەرچوون لە مێژوو لەرووی تێوریە و بە نەگەڕانەوە بۆی لە رێگەی تێروانینێکی دواوەکی ئەنجامدەدرێت، واتا دەبێت لە بۆتەی بیردا کۆکرێتەوە و مێژووگەری بۆ خۆی بگێڕێتەوە بەو سیفەتەی لەو ساتەوە دەبێتە ماددەیەکی دەستبەسەر گیراو و دواتر مێژوو بکرێتە قەبارەیەکی گەورە لەپێناو لەناوبردنی. لە پێناو پێکەوەنانی ئەو قەبارە مێژووییە (هەردوو لایەکە لە پێناو دەربڕینی تەنز ئامێزی دانراوە). مێژوونووسان کارەکانیان ئامادە دەکەن و تێدەکوشن بێئەوەی بزانن! دەرچوون لە مێژوو واتای تۆڕدانی خودی مێژووە شانبەشان نوێنەران و هەڵگرانی راستیە مێژووییەکان بۆ نێو زبڵدانە مێژووییە فرە بەناوبانگەکان!، بە دەربڕینێکی دی هەر کە مێژووگەری پێناسە دەکرێت، هاوکات رێگە ناگیرێت لە بەردەم وێناکردنی:

1. بەر لە مێژوو (وەسفکراو بە ئامادەیی یاخود نائامادەیی: دەوڵەت و نووسین و شمەک و رێکخستنی ئابووری و دابەشکردنی کار و..هتد)ە.

2. دوا بــەدوای مێژووی وەسفکراو هەروەها بە ئامادەگی و نائامادەیی خاوەنێتی بوونەوەری مرۆیی بە بوونی خۆی و ئامادەگی خودی خۆی ئەم نائامادەیی مێژووگەری و پاشکۆیەتی رابردوو و دەستنیشانکردن لەمیان تێپەڕیوەکان دوور دەخاتەوە.

لەمیانی درەچوون لە مێژوو وەک بینراوێک چۆن جیاوازی بەدی ناکرێت؟ هەندێک لە گەلان دەڕواننە ئەوەی بچنە نێو مێژووەوە، ئەگەرچی ئەشێت دووچـاری نائومێدی ببن، هەندێکی تر دەیانەوێت لە مێژوو دەربچن و ئەنجامدانی ئەو کارەیان لە توانادایە و لەوانەش تیادا بمێننەوە. جیاوازییەکان لە پەرەسەندن تەواوی بەهاکانیان لەخۆدەگرن لە قورسایی- هۆکاری مێژووی لەلایەک و توانای رزگاربوون، لە لایەکی دی. کرانەوەی دوا بەدوای مێژوویی و سەرکێشیەکەی بە شێوەیەکی نایەکسان لە جیهانی نوێدا بڵاودەبێتەوە کە لە سۆنگەی ئەم ئاسۆیە و ئەم بابەتە دەتوانرێت جیاوازیەکان وێناو شیبکرێنەوە. کارێکی مەحاڵا نییە دەرچوونی مێژوو لەنێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا جیاوازی هەبێت، چونکە مێژووی سیستەمی بەرهەمهێنانی ئاسیایی لە مێژووگەری رۆژئاوایی جیاواز دەبێتەوە. کەوابوو کە بەم ئاسانیە برینی نییە لە پاکتاوکردنی مێژوو هەروەک تیۆری ئەزمونگەری و بوونیانگەری پێشنیاری دەکات و درێژکردنەوەی ئەو مێژووەش نییە کە (هەڵگرانی راستیە مێژووییەکان- پێشنیاری دەکەن).

دەرچوون لە مێژوو بەنێو ئەم دوو تیۆرە بڕوا پێکراوە تێدەپەڕێت کە هەردووکیان لەلایەن خۆیانەوە وا پیشاندەدەن. ئایا بارودۆخەکە نابێتە هۆی زیاتر وروژاندنی دڵەڕاوکێی ئەو کەسانەی کە خاوەنی یەقینی مێژوویین و راپێچی نێو رامیاری دەکەن؟ هاوکات دەیگێڕنەوە بۆ خۆیان و بەبێ بوونی رەوای هەق سەبارەت بە رابردوو و ئایندەش بێگومان مافی بڕیاردان بە

خۆیان دەدەن، لە رابردوو دەڵێن (پێویست بوو) و لە ئایندەش دەڵێن (لەپێناو بەردەوامێتی مێژوو دەبێت) و ئەم بیانوانەش پاساوی هەموو جۆرە دڵڕەقیەک و شێوەکانی ستەمکاری دەدەن بەدەستەوە.

بیر لەم تەنگژەو لەو گیروگرفتانە دەرناچێت تەنها لە رێگەی دیاریکردنی میتۆدێک بۆ رەوشی کۆمەڵەکان سەبارەت بە یەکتری و کولتوور و شارستانیەتەکانیان نەبێت. میتۆدی بەراوردکاری بابەتی قووڵەوە بوو پێویستە دەرفەتی پەیبردنی جیاوازییەکان برەخسێنێت لەبری گێڕانەوەی سنووره وێناکراوەکان یان بۆ یەکێکیان یاخود گێڕانەوەی بۆ نموونەیەک، واتا بەراوردێکی سۆنگەی وێناکردنێکی تێگەیشتوانەی کاوەخۆ بێت بێ چوونیەکی و کورتکردنەوە.

هەر لەئێستا بۆمان قەدەغەیە ئەو ئامادەگیە گەورەیە فەرامۆش بکەین کە دەسەڵات بەسەر دیالیکتیک دەسەپێنی بە ئەندازەی ئەوەی راڤەی دەکات و ئەم دیالیکتیکە لە کەلەبەرێکدا ئەنجام دەدرێت کە پەیکەرێکی قەبارە گەورە دەوری دەدا و ئاماژەی بۆ دەکات و دیمەنەکە بە تێڕوانینێکی ساردوسڕەوە لە زەبەلاحە قاچ گلێنەکە: دەوڵەت بیر دەکاتەوە.

لەو ساتەوە پێویستە ئەوە بخرێتەوە یاد کە مارکس ئامادەباشی خۆی بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت راگەیاندو ئەوەشی لە روانگەیەوە لە یەکگرتنەوەی شۆڕشی تیۆریو پراکتیکی لەگەڵا رەخنەی ریشەیی لە دەوڵەت و ئەو کارەی کە بەرەو کۆتاییهاتنی دەیبات دەخرێتەڕوو.

بوونی درێژکراوەی دەوڵەتێک (بەهێزتر لە ماوەی بەر لەو شۆڕشەی کە خرایە پاڵا مارکس) و بوونی ئەم دەوڵەتە خاوەن مەعریفە بچوک و ئامادەگیو تواناکەمە لە نموونەی دەوڵەتی هیگڵییە کە وەک قوربانیدەرێکی نەمری دەردەکەوێت، چونکە نەمری سەر زەوی دەنوێنێت و ئەو رەوتە

جیاوازانە راڤە دەکات کە لە بیری هاوچەرخدا دەردەکەون.

ا.هیگڵیەتی نوێ (داوا لە جیهانی نوێ دەکات لێکۆڵینەوە لەمەڕ مێژووییەتی سیستمی هیگڵی بکرێت، واتا لێکۆڵینەوە لە مەعریفە و مێژوو و دەوڵەت لەسەر شێوەی پێناسەکردنی هێگڵا).

ب. نیچەیی نوێ (هەوڵا بۆ تێپەڕاندنی ئەو ئەشکەنجە و عەدەمیەتە دەدات کە بەهۆی فشاری گەورەی دەوڵەت بۆسەر کۆمەڵا سەری هەڵدا و هەروەها هەوڵی گەیشتن دوا بەدوای ئەم مێژووە خەماویە دەدات).

ج. مارکسیزمی نوێ (هەوڵ بۆ شیاندی مارکسیەت لەگەڵا مەرجە مێژووییەکان دەدات، یاخود بە شێوەیەکی لەبەرچاوگیراو وای دەبینێت و بەجۆرێک بیری مارکس ئاوەژوو دەکات و بانگەشەی خستنە پاڵیشی دەدات. وێنەیەکی نیمچە کامڵی ئەو هێزە ئایدیۆلۆجیانە هەندێک وردەکاری سەبارەت ئەو رێباز و رەنگاڵەییانەی کە لەنێو هەموو قۆتابخانەیەک، (بە ئەندازەی ئەوەی کارەکە پەیوەندی بە قووتابخانەکانەوە هەبێت) دەردەکەون.

ئەگەر لەمیانی ئەم خستنەڕووە خێرایەدا لە لایەکەوە روانینگەلێکمان خستنەسەر تیۆری ئەزمونگەری و رەوشی لۆجیکییانەی جیهان و لەلایەنی دیشەوە بۆ سەر بیری مێژوویی و ئاستەنگیەکانی ئەوا روانینێکی خێرا لەمەڕ دیمەنی تیۆری دەستگیر دەکەین.

.III

ئەم کتێبە پێکهاتووە لە تێڕوانینگەلێکی پچڕ پچڕ لەسەر بەردەوامیەتێکی قووڵا و ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات کە بە ئارەزووی خۆی لە رێگەی بیرکردنەوە یاخود ئەندێشەکاری ئەو بۆ شاییانە پڕ بکاتەوە کە کتێبەکە دایناون. ئەم سیفەتی داپچڕاوییەی کە خواستی نوسەری لەسەرە

هیچ بۆسەیەک نانێنەوە تەنانەت گەر خوازیاریش بێت وەک یاریکەرێک گیرەشێوێنی و خۆڕانەگری بخاتە ڕوو ئەوا لە پێناوی خستنەڕووی شێلگیرییەکی ئاستەنگی بەربڵاوە پتر لـەوەی کە پێمان وابێت بـەدەرە لە شێلگیری و ملکەچکردنە بۆ فشارەکان.

بەشی یەکەم: بیری مێژوویی- هیگڵ و مارکس- دەگێڕێتەوە و پاشان رەخنەگرتن لە نیچە دێت بەدوایاندا.

بەشی دووەم: لەبری پرسیاری (مێژوو چیە و لە کوێ درووست دەکرێت؟) ئەم پرسیارانە دادەنێت (کەوابوو مێژوو لە قۆناغە گەورەکانیدا چی بوو؟ بەر لە نوشوستییەکانی پێشبینی چیمان لێدەکرد؟ و کەی لێی دەرباز دەبین؟)،

بـەڵام بەشی سێهەم ئەم پرسیارانە دەکـات: (کۆتایی مێژوو چی دەگەیەنێت؟)، گەر ئەوە راستبێت کە دامەزرێنەرانی مێژوو بە کۆتایی ناساندوویانە، کەوابێت کاتی پەختکردنی رەوتی (مانا) یاخود مانای بێمانایی مێژوو تەنانەت مەبەست (یاخود کۆتاکەیشی) هاتووە! پێویستە لەسەر دوایین بەشی ئایدۆلۆجیا هاوچەرخەکانی تایبەت ئەم پرسیارە سەنتراڵیە کورت بکات و بە درۆی بخاتەوە. زۆربەی ئایدیۆلۆجیستەکان لە رێگەی راگواستنەوە لە دەوروبەری ئەم پرسیارەدا کۆدەبنەوە. هەندێکیان دەخوازن شوێنێک بۆ بەرژەوەندی خۆیان داگیر بکەن لە رێگەی ئەو راگوێزانەی کە سیما جیاکەرەوەکانی دەستیان بە دەرکەوتن کرد.

ئەمە بەشە مشتومڕکارە دەبێتە مادەیەک بۆ کتێبێکی دی و گەر گفتوگۆی لەمەڕ کرا، ئەوا بڵاودەکرێنەوە و چاوەڕوان دەبین. چەند هەل و دەرفەتێکی دیمان تیا خستە سەر، بەهۆی هێرشی پڕ لە کینە یان بەهۆی پیلانە بێدەنگەکانەوە لەگەڵا ئەوەش لە هەندێک مشتومڕکاری و بێدەنگی دوور ناکەوینەوە.

## بەشی دووەم

## مێژوو و مێژووگەری

### ١. هاودژییە مێژووییەکان:

ئەو مێژووگەرییەی کە سەرەتا هیگڵ و پاشان مارکس پێناسەی کرد لە هاودژییەکان بێبەش نییە، بە واتایەکی دی، تیۆری هاودژییەکان لە سەیرورە و سەیرورەی هاودژ لەرێگەی کۆنترۆڵکردنی هاودژییەکان ناگاتە فۆرمەلەکردن. گەر ئەو تیۆرییە بە شێوەیەکی لۆجیکی یەکانگیر بوایە بۆ ئەوەی ناوەڕۆکەکەی تەنها هاودژی بۆ نەخاتەڕوو، زۆرێک لە هاودژەکان لەناودەچوون.

1. ڕێژەیەک لەسەیرورە دیاری نەکراوە و هەر سات و هەر رەگەزێک لە راگواستن بەولا چیدی نییە. هەموو ساتێک لە کاتی خۆیدا سەرهەڵدەدات ناتوانرێ بانگەشەی مانەوەی بکرێت. رەگەزو ساتە دیالیکتیەکان هاودژییەکان، ململانێکان- تەنها بەهایەکی بێسنووری سۆنگەی ریز بەندێک شک دەبەن و دواتریش هیچ دابەشکردن و دیاریکردنێکی قۆناغە راستەقینە زانستییەکان، یاخود پراکتیکییەکان شک نابەن کە جگە لە خۆیان باڵاتر بن. دابەشکردن بۆ قۆناغە زەمەنییەکان کاتیە و شایەنی چاو پێخشانەوەیە. هیچ چەمک و تیۆری و سات و شێوە و بە (راستی)یەوەش لەخۆ ناگرێت و رووداو (الواقعە) ناتوانێت بانگەشەی هێچ شتێک بکات، بۆ نموونە شێوەی دەرکەوتوو و

رۆڵین و شێوەکانی فینۆمینۆلۆجیای هیگڵی بۆ ئەوەی بەرامبەرمان هەرسێ ڕۆڵە بچوکەکان لەسەر شانۆ بگێڕن و بڕۆن و ئەوانەش بووکی بیرۆکەکان بوون.

بەڵام قۆناغەکانی ململانێی چینەکان لای مارکس بەر لە پێگەیشتنی قۆناغی پیشەسازی ئەوە بوو کە سەرکار مافی مێژوویی خزمەتکار و ئەرستۆکراتیەت هی ڕەوەگەل- رعاع- و شار هی گوند بۆ خۆی قۆرخ نەکات، هەموو ململانێیەک لەدایک دەبێت و گەشە دەکات و بڵاودەبێتەوە پاشان لەناو دەچێت.

2. لەلایەکی ترەوە ڕەها پەسەندێتی زەمان و شوێن حەدەس و چەمک، تاک و دەوڵەت بە هیگڵا دەبەخشێت، بەڵام سەبارەت بە مارکس سروشت و شۆڕشی گشتگیرو چینی کرێکار و براکسیس بە شێوەیەکی دوا بەدوا یەک و هاوکات وەک رایەڵێکی جیاکار خزمەتگوزارییەکانی پێشکەشی دەکات و هەموو شتێک ڕوودەدات وەک بڵێی ڕێژەیی (مێژوویی) لە توانایدا نەبووە خۆی دەستنیشان بکات و بیر لەخۆی بکاتەوە و تەنها سەبارەت بە ڕەها (بابەت و گریمانەکراوی دوا بەدوایەک، جەختکردن و بەدرۆ خستنەوە) خۆی هەڵسەنگێنێت، ئەی لەمەڕ خاڵەکانی ڕاگواستن؟

گەر جەختیان لەسەر بکەینەوە لەناودەچن و دەڕژێن و لە گەیەندراوێکدا شی دەبنەوە (بڕوانە مارکس، گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان). بەرامبەر بەوەش گەر جەختمان لە سەر دابڕینکارییەکان کردەوە و خستمانەڕوو ئەوا دەبنە ڕەها (بڕوانە بوونیاتگەری).

کەوابوو دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین ئاخۆ مێژووگەری توانیویە لە پێناو دەستنیشانکردنی پێگەی خۆی دەستبەرداری سەرچاوەیەک بێت کە بانگەشەی ڕەهای فەلسەفی دەدات و دەیشارێتەوە، کاتێک کە بیرۆکە یان

عەقڵا نەبێت ئەوا سروشت ئەو رۆڵە دەگێرێت.

مێژوو لە روانگەی ئەم سەرەتا و سروشتێنی و رەچەڵەکدار و بە رەچەڵەکە بە شێوەیەکی ملکەچ دیاریدەکرێت و خۆی دەخاتە بەردەست و لە روانگەی مەبەستگەراییەوە بیر لە خۆی ناکاتەوە کە بریتیە لە دەستکەوتنی عەقڵگەرایی یاخود مرۆڤ. لە بنەڕەتدا ئەگەر لە روانگەی مارکس کۆتاکان (کۆتای ئایین، کۆتایی فەلسەفە، کۆتایی سیاسەت و دەوڵەت)، لە بنەڕەتدا بوونیان هەبووبێت ئەوا بەهۆی مێژوو رووی نەداوە بە سیفەتی ئەوەی کە مەعریفەیە، بەڵکو هەروەها بە شێوەیەکی تایبەتی بەهۆی مێژووگەرییەوە بوو بەو سیفەتەی کە پەیڕەوکردنی شۆڕشگێڕانەیە و بەسەر ئاییندا سەردەکەوێت و فەلسەفە دێنێتە دی.

بە دەستگیرۆیی عەقڵا گەرایی شوێنکەوتووی باڵاتر لە ناعەقڵگەرای ئایینی بە ئەندازەی ئەوەی کە سەر بە عەقڵگەرایی فەیلەسوفەکانە بە شێوەیەکی جەخت لێنەکراو پەیڕەوکاری شۆڕشگێڕانە هەڵدەمژرێت و ئایین و فەلسەفە و دەوڵەت لە کارلێکردنێکی یەکگرتوو و دەرچووی کارگەیەکدا، لە روانگەی مارکسەوە دەتوێنێتەوە وێڕای ئەوە بکەرە کە چینی کرێکارە. لەم روانگەیەوە مێژوو رەهایە لە رێگەی پەیوەستبوونی بە پێودانگی (شۆڕش) و هەر خۆشیی رەهایی بەخۆی دەبەخشێت.

2- مارکس و میتۆدی مێژوویی:

مارکس بە ڕوونی ئاماژەی بۆ رێچکەی بیری مێژوویی کرد. مێژوونوس لە سۆنگەی ئێستاوە دەست بە دەرکەوتن دەکات و لەو رێچکەیەش زیاتر ناتوانێت بگرێتە بەر. ئەو لە مەعریفەیەکی بەراییەوە دەستپێدەکات کە هێشتا لە تێبینیە راستەوخۆکان دانەبڕاوە و پێگەکەیشی لەمیانی بوارێکی کوێرانە،

خراپ دیاریکراوە. تەنانەت ئەگەر هەوڵی روونکردنەوەی ئەم مەعریفە لاسەنگەش بداتْ ئەوا لە هەنووکەوە رووداوەکانە رابردوو، پاشان دەگەڕێنەوە ئێستای لە سەرەتا شیکراوە و پێناسەکراو لەبری ئەوەی گشتگیرییەکی پەنهان ببەخشێتە شیکردنەوەکە.

ئەم پرەنسپیە میتۆدییە بەهایەکی گشتی هەیە. کەسی باڵق رێگە بۆ تێگەیشتنی منداڵا خۆشدەکاتْ، مارکس جەختْ لە سەر ئەوە دەکاتْ، پێویستە لە سەر مرۆڤیش مەیمون بناسێتْ. پێچەوانەکەی ئەنجام نادرێتْ هەروەک رێڕەوی پێکهاتەیی خێرا گریمانەی دەکاتْ، بۆچی؟ نەک تەنها لەبەر ئەوەی ئەو مرۆڤە جۆری دیاریکراوە و بەرجەستەکراوی زیرەکی جیهانیە و هەوڵی ناسینی مەیمون دەداتْ یان لەبەر ئەوەی باڵقە هەوڵی تێگەیشتنی مناڵا دەداتْ بە شێوەیەکی فرە قووڵتر، چونکە باڵقی لەمناڵەوە مرۆڤیش لە مەیمونەوە دەردەچێتْ، مەسەلەکەش زانینی چۆنیەتی بوونی مناڵەکە بە باڵق و دەکەوێتە سەر ئەو توانایەی کە لە مناڵیدا هەیبوو و چۆن مەیمون برێتی بوو لە ساتێکی ئەو مرۆڤەی کە لە سروشتْ پێکدەهێنرێتْ. نە مناڵا و نە مەیمونیش ناتوانن لەو سەیرورە گشتیە دوور بکەونە کە ساتەکانی پێکدەهێنن لە مێژووی (سروشتی، کۆمەڵایەتی، دەروونی). لای کەس باڵق بە شێوەیەکی بنەڕەتی شتێک لە مناڵیو لای مرۆڤیش شتێک لە مەیموون دەمێنێتەوە هەتا ئەو کاتەی رەوتەکە دەتوانێ بگەڕێتەوە ئێستا کە ئاکام لەرێگەی جیاوازییەکانیو پێکهاتە هەستْ پێکراوەکەیەوە دەرکی پێکرا. وەک چۆن کۆمەڵی بۆرژوایی لە روانگەی مارکس لە رێگەی گەڕانەوە بۆ کۆمەڵی دەرەبەگایەتی روونەدەکرێتەوە. ئابووری سەرمایەداری بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی کۆن و سەردەمی ناوەڕاستْ روون دەبێتەوە. پێویستە داهاتی خاوەندارێتی زەوی و رۆڵی لەسەر مایەداری شی بکرێتەوە بۆ تێگەیشتنی

ئەوەی کە داهاتی زەوی و سەرانە و باج و دەیەک و بێگاری و هەموو جۆرە داهاتەکانی دی چەند بدوەو چەند ئەبێت. کۆمەڵگەی بورژوایی ڕێکخەرێکی مێژووییانەی هەرە پێشکەوتووترین و جۆراوجۆرترین بەرهەمهێنانە. ئەو چین و توێژانەی کە نوێنەرایەتی لەمیانی پەیوەندییەکانی ئەم کۆمەڵە وەردەگرن و زامنی تێگەیشتنی پێکهاتەکانین، هاوکات بوارمان دەدات شارەزای بوونیادی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بین لە کۆمەڵگەکانی سەردەمە رابردووەکان.

ئەمە دەقێکی مینۆدی و تەنانەت ئیستمۆلۆجی زۆر ئاشکرایە بەڵام:-

1. لە نێو مێژوونووسەکاندا کێ لەم ڕێڕەوە گەیشتووە و دوای کەوتووە؟ کە من ئەو کەسانەی کە دەرکیان بە پەیوەندی نێوان مەعریفەی مێژووگەری و مێژووگەری مەعریفە و شیکردنەوەی گەڕانەوەیی (واتە گەڕانەوە بۆ دواوە) و پێشکەوتنی مێژوو کردووە.

2. زۆربەیان بەبێ ئاگادارییەوە قەڵەمبازیان بەرەو رابردوو هەڵنا، بێئەوەی بە هێواشی و لەسەرخۆ بگەڕێنەوە ئێستاو ئالێرەوە مەسەلەی بابەتمەندی سەرهەڵدەدات.

3. هەندێک لەو رووانــەی مێژوو کە مارکس ئاماژەی بۆ کرد فەرامۆشکرا. (بۆ نموونە ئەو مەسەلەیە کە دەڵێت بەربەرییەکان سنووریان بۆ گەندەڵی ڕۆما دانا دەرهاویشتەیەکی نوێیان بەخشی بۆ گۆڕینی جیهان.

4. ئەوانەی کە بە ئاگایی و نا ئاگاییەوە کەوتنە دوای ئاماژەکانی مارکس لێکۆڵینەوەیان لە ئەنثۆلۆجیا (زانستی نەتەوەکان) و ئەنثرۆپۆلۆجیا (زانستی رەگەزی مرۆیی) کرد بۆ ئاراستەکردنیان دژ بە مێژوو. بۆچی؟ بۆ ئەوە نییە، لەبەر ئەوەی مارکس وەک زانا و مێژوونووسێک ئارەزووی پووچەڵکردنەوەی مارکس وەک بیرمەندی پەیڕەوکردنی شۆڕشگێڕانە دەکات؟

جارێک لەو روانگەیەوە دەستپێکردن و دەرچوون لە ئێستا مێژوو بەرەو گۆڕینێکی گشتگیری جیهان دەباتْ و تیادا کۆتایی دێتْ و جارێک مێژوو دەگێڕێتەوە بۆ رابردوو لە پێناو روونکردنەوەی ئێستا. پەیوەندی لە نێوان ئەم دوو بۆچوونە نییە. لایەنە ئابورییەکە بە ئاستەنگیەوە هەمەگیر و گشتە قورسەکە دەنێتە سەرشان.

**3.مارکس و رێژەیی مێژوو:**

لە روانگەی مارکس سێ چەمکی دوا بەدوایەک بۆ مێژوو و مێژووگەری هەیە کە بەرامبەر قۆناغەکانی بیری هاوسەنگ دەوەستن. دەتوانین پوختەی دابەشکردنی زەمەنیانەی قۆناغەکانی بیروکارەکەی وەربگرین و ئەم کردارە مافی گەورەتری نییە بەسەر کردارەکانی دی دابەشکردنی کۆتایی.

1. ئەشێک بیرۆکەی شۆڕشی گشتگیر لە بیرۆکەی هیگڵا نزیک بێتەوە، بەڵام لەگەڵا پێداگری لەسەر رەوشی جیهانی هەڵگەڕاوە، جیهانێک فەلسەفەی هیگڵی تیا دەبێتە دەربڕینی دوایین و باڵا. لە دیدی مارکس ئەو رەوشەیە کە پەسەندێتی نامۆی دەداتێ لەوەی کە تەواو بە هەڵەدا چوویێتْ و پڕبێتْ لە راستییەکان، بەمەش دەسکەوتنی مێژوو لە دەوڵەتْ بە سیستمە فەلسەفی و رامیارییەکەوە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ پرۆژەیەکی شۆڕشگێڕانەی گشتگیر و بە قەڵەمبازێکی یەکلاکەرەوە چینی کرێکای تێدەپەڕێنێتْ و سەراپای کۆمەڵا لەگەڵا خۆی رادەپێچێتە نێو قووڵایی پێویستی (کوێرانە)و ئازادی( بەئاگاو خراوەگەڕ و شارەزا) و ئەویش هەموو شتێک (گشتگیری) لە ریشەوە دەگۆڕێتْ لە رێگەی دانانی کۆتایی بۆ هەموو نامۆییەکان.

2. بیرۆکەی گشتگیرانەی شۆڕش (بیرۆکەی شۆڕشی گشتگیر) بە سیفەتی مەحاڵا و تونراو پەردەی لەسەر هەڵدەماڵرێتْ. هەموو شتێک دەتوانرێتْ بە شێوەیەکی تێگەشتوانە (مفهومیانە) وێنا بکرێتْ. گەیشتن بە

هەموو شتێک لە توانادایە، بە تایبەتی ئێکرایی کۆتاکان. گریمانەی کاری بەرپایی (گشتگیر) ناتوانێت ماوەیەکی درێژ خایەن بەرگری بکات. رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەرجەکانی واقیع لە رێژەیی بەراییدا کۆتایی دێت و مەبەستەکان لە زەمەندا پلە پلە دابەش دەکات.

3. تیۆری ئەم زەمەنە وردکارانەیە. خستنەسەری سیفەتی رێژەیی بۆسەر ئامانجە شۆڕشگێڕییەکان لە رێگەی دەسکەوتەکانەوەیەو ئەوانیش رێژەیی دەبێو لە ماوەی چرکە ساتێک سیفاتەکانی خۆیمان بە شێوەیەکی باشتر دیاریدەکات و ئەوەش چرکەساتی گوێزانەوەیە- البرهه الانتقالیه- بڕوانە (رەخنە لە بەرنامەی گۆتا)، بەڵام تیۆری مێژوو بەرەو ستراتیجیەت رادەگوێزرێت بە ڕادەیەک هەڵوەستە لە هەمبەر بینینی پەیوەندی لەگەڵ مێژووگەری دەکەین کە دەشێت رەتیکاتەوە یاخود بیقۆزێتەوە، ئەوەی کە تەنها دەیزانین ئەوەیە کە تیۆری و ستراتیجیەت تێکەڵ نابن و هەروەک تیۆریش تێکەڵ بە پەیڕەوکردن نابێت، بەڵام لە یەکتریش دانابڕێن. ئایا ئەو تیۆرییەی ئەو گرتوویەتە بەر تیۆری سەرمایە: تیۆری بازاڕ و یاسا و بەها و شێوەی ئاڵوێر نییە؟ بەم جۆرە ئایا رێژەیی مێژوویی لە دوایین سنووریدا مێژووگەری رامێنراو بە سیفەتی رەها رەتناکاتەوە وەک زەمەنێک کە یادکەرەوە و یادلێکراو لە بەرگرەوە، لکێنەر و لکێنراو، دیاری کراو دیارکەر خۆی بێت دیاریکەری خوودی بێت؟

ئەوەی ماوەتەوە قووڵبوونەوەیە لەم چەمکە و مەسەلەیەی کە بە هەڵپەسێردراوی جێهێڵرا ئەویش: چرکەساتی گوێزانەوەیە. لێرەدا دەوێرین سیمایەکی دی بخەینە سەر سیماکانی ئەو چرکەساتەی کە مارکس ئاماژەی پێکرد و ئەویش دەرچەی مێژووە و ئەم چەمکە کرداری وەسفکردنی مێژووگەری بە سیفەتێکی رێژەیی لۆجیا دەستەبەر دەکات.

4. مێژوو و ئایدیۆلۆجیا: چەمکی ئایدیۆلۆجیا لای مارکس و ئەنگلز بە شێوەیەکی ریشەیی چەمکێکی شۆڕشگێڕانە بوو. بە شێوەیەکی روونتر ئایین و فەلسەفە و ئایدیۆلۆجیای بە لۆجیک مونوربەکراو و مافەکانی لە رەگەوە هەڵتەکاند. چی لە فەلسەفە مایەوە؟ هەست و پرۆژەیەکی یوتۆبیایی گوازراو و هاوکات دەسکەوتوو لە رێگەی پەیڕەوکردنی پیشەسازی (ئاراستەکراو لەلایەن پرۆلیتاریای پیشەسازی).

لە دوای رەخنەگرتن لە ئایدیۆلۆجیاکان چی شتێک لە ستاتیکا و هوونەر و سیستمە ئاکارییەکان توانای مانەوەی هەیە؟ هیچ شتێک، توانای رەخنەگرانە بە سیفەتی نەفیکار و روخێنەری چەمک و مێژووی پرۆلیتاریا لە روانگەی مارکس دەبوو لە سنوورێکدا نەوەستێ. توانای سەرکەوتنی بەسەر رابردوو پایەو پێگەیەکی بە تیۆریو پەیڕەوکردنی شۆڕشگێڕانە دەبەخشی. پاش تێپەڕبوونی سەدەیەک، گوێزانەوە لە مێژووی ئایدیۆلۆجیەکانەوە بەرەو مێژوو بە سیفەتی ئەوەی ئایدیۆلۆجیایە روویدا. مێژوو (بەواتا دوا نییەکەیەوە: مێژووگەری و مەعریفە) دەرکەوت و وەک بڵێی ئایدۆلۆجیای تیا رۆچووبێت هیچ جۆرە پێودانگێکی جیابوونەوەی پێشکەش نەکرد. گەر پێودانگێک هەبوو، بێ ئەوەش پێودانگیی لۆجیکیە: مەعریفە لە میانیەوە مل بۆ یاسای یەکانگیربوونی ژێرەکی کەچ دەکات و ئایدیۆلۆجیا یەکانگیر نابێت نە لەگەڵا خودو نە لە پەیوەندیکردنی لەگەڵا پەیڕەوکردندا.

مەعریفەی مێژوو و مێژووی مەعریفە یان بە شێوەیەکی دی: سۆسیۆلۆجیای مەعریفە و مەعریفەی سۆسیۆلۆجی بە رادەیەک بەیەکا دەچن کە جیاکردنەوەیان ئاستەنگ دەبێت و تەنانەت رێگە پێنەدراویش دەبێت. لەوانەیە رەخنەی ئایدیۆلۆجی مێژوو مێژووی ئەو ئایدیۆلۆجییانەی لەناو بردبێت کە هەرگیز بە سیفەتی مەعریفە درووست نەبوون، وێڕای ئەوەی

مارکس و ئەنگڵس ئاماژەیان کرد بۆ پرەنسیپ و چەمکە بنەڕەتییەکان و ڕێبازەکانی مێژووی ئایین و فەلسەفە و لۆجێک و مافەکان. بەرنامەی مارکس لە بۆتەی پەیماندا مایەوە و رزگاربوون دوای راگەیاندن نەکەوت نە لەسەر ئاستی تیۆری و نە لە بواری پراکتیکیدا.

5.جارێکی تر سەرمایە هیچ شتێکی نییە کە لە زەمەندا دەرکی پێنەکرابێت بە گوێرەی ریتمی زەمەنی: گەشەسەندن، پێشکەوتن، ئاوابوون. هیچ شتێکی تیادا نییە لە سەر شێوازی دینامیکی و ململانێداری پەیوەندییەکانی هێزو رەوش و بوونیادەکان تێنەگەیەنراو بێت. کۆمەڵێک هاودژ لەسەر بنەمای ئاستگەلی جۆراوجۆر و دەسەڵاتی ئابوری، بە تایبەتی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریش بە شێوازێکی مێژووییانە تێگەیەنرا.

گومانی تیادا نییە هەموو شتێک لە سەرمایە بەپێی مێژووگەری تێگەیەنرا تەنها پرەنسیپ نەبێت، کە ئەشێت بە شێوەیەکی بنەڕەتی: شێوەی بەهای ئاڵوگۆڕ بگرێتەوە. ئێمە دەزانین ئەم شێوەیە هەیە و ئەگەری ئامادەبوونیشی هەیە هەر لە ئاڵوگۆڕکردنی شمەک بەرامبەر شمەک تاکو بەخشین کە بریتین لە چەند شێوەیەکی سەرەتایی ئاڵوێر. درووست دەبێ و رووندەکرێتەوە و بە درێژایی مێژوو دادەرێژرێتەوە.

لە سۆنگەی باسەکەیدا ناتوانرێت قسە بکرێت تەنها لە بارەی ئەوەی کە لەگەڵ کارو بوونیادەکانیدا دەگونجێت وەک شێوەی لۆجیکی کە بوار بۆ پێکهاتەکان خۆش دەکات. ئەو بە شێوازی خۆی سەرهەڵنادا و پێناگات و بە کرداری پاکۆکردنی کۆمەڵایەتی (لەگەڵ بازرگانی)و زەینی (لەگەڵ زانستی ئابوری) ئازاد دەبێت، ئایا لەدوای سەرمایەداری گیانبازی مانەوە ناکات کاتێ کە سەرمایەداری بە هۆیەوە نەمێنێت؟ ئایا گەیەنراوێکی سەروو مێژوویی نانوێنێت بە شێوەیەکی جیاوازو پابەند بە پاکژییەکی رووالەتی نزیک لە لۆجیکەوە؟ ئەم گەیەنراوە تا چ رادەیەک درێژە

دەکێشێت؟ ئەوی تایبەتە بە دەسەڵاتی ئابوری لە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کە بەمجۆرە وەسفی دەکات و چارەنووساز دەبێت و سیمای شاراوەی پەیوەندییەکان (سیمایەک مەعریفە لە رێگەی رەتکردنەوەی دامەزراوەکان دیاری دەکات).

مارکس ئەنجامەکان روون ناکاتەوە و ئەم پلانەی خـوارەوە دەتوانرێت بگیرێتەبەر:

ا.چرکە ساتی یەکەم: رۆشنی، شەفافیەتی کۆمەڵیی (رۆشنیەکی رێژەیی). دەسەڵاتی پەیوەندیە راستەوخۆکان لە کۆمەڵگەی کۆن (سیستمی کۆیلایەتی) و ناوەڕاست (دەرەبەگەکان). ئەم کۆمەڵگانە لە سەر بنەمایەکی ئابوری دامـەزراون، بەڵام ئەم بنەمایە کۆی بنەڕەتی- ئاستی دیاریکراو واقیعی- لە پەیوەندییە کەسایەتیەکان و ململانێکانی ناوجەرگەی ئەم پەیوەندییانە و خەباتەکان لە پێناوی دەسەڵات و سامان (بەکارهێنانی زیادەی بەرهەمهێنراوی کەم)، حوکم ناکات و لەم بۆتەیەدا مێژوو لە داڕووخانی ئیمپراتۆریەتەکاندا بچوک دەبێتەوە.

ب.چرکەساتی دووەم: گەشەی ئابوری و کەڵەکەبوونی فرە لایەنەی (تەکنیکی، زانستی، هتد)و دابەشکردنی کاروباری یاسایی زۆر لە نێو کۆمەڵا و کۆنترۆڵکردنی سروشتی ماددی گرتەخۆ، بەڵام پەنهانی پەیوەندییە دوو لایەنییەکان و گرنگی شمەکەکان و دراو لە شێوەی گرێبەست و مۆرکراو نووسراوە پەیوەندیدارەکان گەشەی سەند، هەروەها بایەخێکی زیاد لە پێویست دەداتە ئەو ئابوریناسەی کە زۆر ناباتە رووداوەکانە پایەی یەکەم و پلەیەکی ئابوری و ستراتیجیەتی رامیاری نێو کۆمەڵی سەرمایەداری گەشە دەسێنێت. لەم بۆتەیەدا مێژووگەری بە شێوەیەکی کوێرانەو بێسۆز دیاریدەکرێت و بە خشکەیی کاری دەکات و پابەندی کەڵەکەبوون دەبێت و سەیرورەی کۆمەڵایەتی لەو قۆناغەدا دوولایەنەی:

مێژوو- کەڵەکەبوون وەردەگرێت، لە ڕێگەی کرداری بچوککردنەوەی تێوری و کردەکی و فەلسەفی و مێژوویی تایبەتمەندییەکان (جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە) روو لە چوونیەکی دەکات.

ج. چرکەساتی سێهەم: گێڕانەوەی ڕۆشنی بۆ کۆمەڵگەی نوێ، سۆشیالیستی یاخود کۆمۆنیستی و دەستبەسەراگرتنی ئابوری یەکە کۆمەڵناسی تێیدەگات و لە بەرامبەر مەعریفە بەهاکەی لە دەستداو یاخود چاکترە بوونترێێت بەهای خۆی لە ڕێگەی مەعریفە و ناوەڕۆک ئاکامە چاوەڕواننەکراوەکانی لە پێشترێتی خاوەنداری دەستدەکەوێت.

ئایا ئەم پلانە مێژووگەری دەگێڕێتەوە؟ ئایا بـەردەوام نەخشەیەکی مارکسیە؟ بۆچی (شەفافیەتی، ڕۆشنی) و نیشانەکانی بەنهانێتی، ڕۆشنی- پێشکەش دەکات؟ ئەگەر مارکس ئەوەی لە (سەرەتای سەرمایە) بکردایە کاتێ کە دەیڕوانیە رابردوو و توانراو، ئاخۆ لە سنووری بیرکردنەوە زانستیەکەی دەرنەدەچوو؟ ئایا لە بازنەی جیاوازییەکان ڕۆنەدەچووە ناو بازنەی واتاو نەرینەکان؟ ئەمە کارێکە لە بایەخی کەم نابێتەوە و لە ڕێگەی پردێکی بچووکەوە بیری مارکسی بە بیری نیمچەیی گرێ دەدات.

هەروەها دەشتوانرێ بوترێت:

ا. ئەو یاسای بەهایەی کە مارکس چەمکەکەی داڕشتووە دەبێتە هۆی ناسینی بازاڕ و کۆنترۆڵکردنی و هەروەها ناسینی جیهانی شمەک و پاشان کۆتاییهێنان بە دەسەڵات و تەشەنەکردنی سیمایەکی بنەڕەتی مێژووگەرییە.

ب. خودی یاسای بەها شانبەشان بازاڕ لە خۆشگوزەرانی داهاتوودا (مومکین)دا هەڵدەوەشێت و نامێنێت و بەمجۆرە مێژوویەک (مێژوویەکی گوومان لێنەکراو) کۆتایی دێت ئەگەر ڕەوشگەلێکی هەژاری نوێ سەرهەڵنەدا و تاریکی خۆی بەسەر ئاسۆدا بڵاونەکاتەوە کە ئەویش نەداری شوێن و زەمەن و هتد...

**6·سروشت و مێژوو:**

مارکس نەیدەتوانی بێ هەبوونی سەرچاوەیەک مێژووگەریو مێژوو پێناسە بکاتو وێناکردنی چەمکیانەی زەمەنی مێژوویی دەگۆڕێتە خەسڵەتێکی سروشتی یەو سیفەتەی بناغەیەکە وەک بێشکە و دایکی سەیرورە، یاخود منداڵدانی یاساکانی سەیرورەی دیالیکتیکی (لە دایکبوون، گەشەو پەرەسەندن، پێگەیشتن، نەمان و مردن- خەبات و ململانێ لە سەر ئاستە جۆراو جۆرەکان). مێژووگەری وادیاربوو پێویستی بە پێشنگیری ئیجابی هەبوو بەڵام کارکردن (پەیڕەوی شۆڕشگێڕانەی چینی کریکار) لە روانگەی مارکس پێویستیەکی سەرشانی بوو و دەشتوانرا تەنها لە رێگەی رەتکردنەوە دەستنیشان بکرێ. لە کردەوە بەناو فەلسەفیەکاندا چینی کرێکار وەک چینێکی گشتی و شۆڕشگێڕانەی گشتگیر دەردەکەوێ و کودەتایەکی گشتی دەخاتە ناو مێژووگەری (شانبەشان کۆتای مێژووگەری و خودی مێژووش)، چونکە رەتکەرەوەی هەبوو- مەوجود-(کۆمەڵگەی بۆرژوایی و سەرمایەداری)و پاکسازی رابردووە. بەڵام کاتێک کە مارکس بە شێوەیەکی رامیارییانە واتا ستراتیجیانە بیر دەکاتەوە ئەم بیرە پوختەی سەبارەت بە کاری شۆڕشگێڕانە (نەفی و پێداگرتن) تەواوکەر نابێت، کاری رامیاری مەرجی بەڵگەدار دەخوازێت و پرۆلیتاریاش پێویستی بە هاوپەیمان و بەرنامە و هۆکارەکانی نێوەگلان و هەلی سەرکەوتن هەیە (بڕوانە بەیاننامەی پارتی کۆمۆنیستی، 1848و هەروەها رەخنە لە بەرنامەکانی گۆتا1875).

هەروەها ئەو نایەکانگیرییەی کە دەدرێتە پاڵ تیۆری مارکس دەبێتە هۆی بێتوانایی لە دیاریکردنی چەمکی مێژوو بە شێوەیەکی سەرچڵ (پوختەی ئەو قسانەی کە دیاریدەکات) و دەشێت کەموکووڕی ئەم یەکانگیرییە واتایەکی قووڵ بەدەستبدات. ئەوەی کە زۆر ئاشکرایە ئەوەیە کە چینی

کرێکاری وڵاتە پیشەسازییەکان پێداگری لەسەر نەفی بکات، یاخود نەکات ناتوانێت ئەو پەیامی شۆڕشگێڕییە بەدەستبهێنێت کە مارکس لە سەر ئاستی چەمک دایڕشتووە. هەوڵیدا، بەڵام سەرنەکەوت. کاتێک کە جڵەوی حوکمی گرتەدەست، شتگەلێک یارمەتیدەری بوون، بە چی؟ بە ڕەوشە نەتەوەییەکان؟ بە چالاکییەکانی دی؟ بە هاوپەیمانی لەگەڵا جوتیارەکان؟ لەم سێ حاڵەتەدا کە هیچیان بە دوور نازانرێن پەنا دەبرێتە بەر ئەوەی کە سروشتیەو یارمەتی پرۆلیتاریای دا بێئەوەی بەربەست و تەنانەت شکستەکانی لێ دوورخاتەوە و شۆڕشەکان بوونە شۆڕشێکی کشتوکاڵی و جوتیاری.

ئایا ئەمە ئەوە ناسەلمێنێت کە پەراوێزکاری دراوەتە پاڵا سروشت لە روانگەی تیۆری مارکسی بۆ مێژوو ناوەڕۆکێکی مێژوویی هەبوو؟ مێژووی شۆڕشی پرۆلیتاری بە سیفەتێکی سروشتی تیا بەردەوام دەبێت و رۆدەچێتە نێویەوە. لە چاکترین رەچاوکار و شیکەرەوە کتێبی( جاک بیرک لە پێناوی ئیسلام)ە کە تیایدا رەچاوی ئەوە دەکرێت چینە هەرەکاراکان لە رووی سەربازیو رامیاری (دژ بەئیستعمار) نە کرێکارو نە ئەو جوتیارانەن کە لە موڵکەکانیان بێبەری کران، بەڵکو چینگەلێکی دی وابەستەن بە زەوییەکانیانەوە و هەڕەشە لێکراون پتر لەوەی شکستخوارد و بن ئەوانیش (جوتیارەکانی پێدەشتن لە تونس) و بەمجۆرە کە شۆڕش بەردەوام دەبێت، لە سەر رێگەکاندا تەکانی نوێ و پاساوی نوێ و ئامانجی نوێ سەرهەڵدەدەن. گەر کەسانی کشتوکاڵی و پیشەسازی توانای شۆڕش لەدەست بدەن ئەی گۆڕینی جیهان لە کوێوە هەناسەیەکی نوێ وەردەگرێت؟ وەڵام لە شێوە و پەیڕەوکارییەکانی شاردا.

بە دەربڕینێکی دی ئەمە داننانە بە رۆڵی سروشت لە مێژووگەری دیاریکراوی لای مارکس و لە هیچ شتێکدا مەسەلەکانی سەبارەت بە جوتیاران

بە شێوەیەکی یاسایی وەک چینێکی شۆڕشگێری لەخۆ ناگرێت و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت: گرنگیدان بە شیکردنەوە و دوورکەوتنەوە لە هەموو بەڵگەکارییەکان مەسەلەی ناوبراو و وابەستەی خودگەرایی (الڑائویە) دەکات کە خێرا دەخوازێت سەر لەنوێ بیر بکاتەوە و بەدوای مێژوودا بچێت.

### 7.0 کارگە و مێژوو:

کاتێک کە مارکس لە ساڵی 1844 دەستنووسە بەناو بانگەکانی نوسی بە ئەندازەی ئەوەی هیگڵیی، یاخود فیورباخیی بێت ئایا پابەندی سان سیمۆن نەبوو؟ بەڵام ئەم ئارەزووە گەورەیە بۆ پۆلێنکردنی زەمەنەکان و بڕگەدارکردنی پێکهاتەی بیرمەندێک کە هەوڵی یەکخستن و کۆکردنەوە و لکاندنی سیفەتگەلێکە لە پای چی؟ پیشەسازی لە هەرێمی رینان و ئەوروپای نوێ تا رادەیەک لەبەرچاوگیراو گرنگ بوو تەنانەت بیری مارکسی سەرقاڵ کرد. ئەو پەیڕەکارییە نوێیە وەک فەیلەسوفێک (واتا بە شێوەیەکی هیگڵیانە) دەخوێنێتەوە، چونکە وەک ئەو کتێبە گەورە جیهانیە لێی دەڕوانێ کە تیادا هیزو ووزەی مرۆییانە تۆمار دەکات بەمجۆرە سەر لەنوێ پەی بەسان سیمۆن دەباتو بەجۆرێک پشتگیری دەکات کە دەسکەوتەکانی لەگەڵا دەسکەوتە ئەنسرۆپۆلۆجییەکانی فیورباخ و جەختلێکراوەکانی ئەم فەیلەسوفە ماددیە لەمەڕ رەگەزی مرۆیی (لەمەڕ مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی و مرۆڤی رەگەزی) یەکدەگرنەوە.

مارکس لە پیشەسازیدا پەیڕەوکارییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بینی ئەو پەیڕەوکارییە نوێ و سەراپاگیرەی کە جیاوازییەکی ریشەیی لەگەڵا پەیڕەوکاری کشتوکاڵیدا هەیە و ئەو تەنها بەرهەمهێنان ناگرێتەخۆ، بەڵکو بەرهەمهێنان و پەیوەندییە نوێییەکانی بەرهەمهێنانیش لەگەڵا خۆی دێنێت

لە سەر بنەمای پێوەری کۆکردنەوەی نێگرا. کەوابوو ئەمەش گۆڕانکاری کاوە خۆی جیهانی سروشت و مرۆیی (کۆمەڵ)ە، لە چوارچێوە دیاریکراوەکەیدا ئەم هێزە ئازانەی پیشەسازی دەپارێزێت و دەیگێڕێتەوە بۆ دابەشکردنی کارو بەشبەشکردنی و رێکخستنی عەقڵانیانەی پرۆژە و دەسەڵاتە ناعەقڵانییەکانی بازاڕ. پیشەسازی لە خۆیدا شتی زۆرترو چاکتر دەگرێتەخۆ بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە چینی کرێکار دەیگرێتە ئەستۆ و ئەم جۆرە پیشەسازییە تەکاندراو و بەڕێوەبراوە پێشەنگی کۆمەڵ و مێژوو بەرەو رەوشێکی گونجاو دەکات.

مێژووی پیشەسازی کۆتایی بە مێژووی گشتی مرۆڤایەتی و مێژووی خۆی دەهێنێت لەدوای سەدە و نیوێک:

1. ئەوەی پرسیاری لەبارەوە ئاراستە دەکرێت ئەو ووزەیەیە کە مارکس گێڕایەوە بۆ پەیڕەوکردنی پیشەسازی (یان گەر بخوازین بڵێین بۆ ئەو پیشەسازییەی کە چیتر وەک بڵاوبوونەوەی جەمسەری ووزە مرۆییەکان دەرناکەوێت). پرسیاری تایبەت بە بەرهەمهێنان و بەرهەمداری گەلێ گرنگە، بەڵام سەرجەم پرسیارەکان ناگرێتەوە. بزاڤی بەرهەمداری لادان لە پاردۆکسی گشتی کۆمەڵ و مرۆڤ دروست دەکات و چارەسەی ئایدۆلۆجی دەسەپێنی، واتا چارەسەری خراپ.

2. پەیڕەوکاری پیشەسازی ووردکاری بەدیهێناو بچوک کرایەوە پێگەی دیاریکراوی تەنها لە پرۆژەدا دەبینرێت و عەقڵانیەتی سەردەمی پیشەسازی باڵا بەسەر تەواوی کۆمەڵ دەکێشێت و ئەنجامدانی توانا رێکخراوەکانی پرۆژەکە رۆحی کاراو دیاریکراوی پرۆژەکەیە و تۆکمەکارییە.

3. لە دەرەوەی پرۆژە و دابەشکردنی تەکنیکانەی پرۆژەکە بازاڕ دروست دەبێت کە شوێنی دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کارەو لەمڕووە و گۆڕەپانەوە ئەمڕۆ عەقڵانیەتی گشتی و نەخشەسازی دێتەناوە و لە رێگەی

ماهیەتەکەیەوە بە دەوڵەت پابەند دەبێت و ئەمە کارێکە مارکس چاوەڕێ و مەزەندەی نەدەکرد.

دابەشکردنی کاری هەرە پێشکەوتووی نێو پرۆژەکە پەی پێدەبرێت شانبەشان بەخشینی چەند تایبەتمەندییەکی باڵا بەوانەی کە بەناوی دەوڵەتەوە کاردەکەن لە پێناو رێکخستنی گشتی بازاڕ و پاشان کۆمەڵ، کەوابوو پەیڕەوکاری پیشەسازی نابێتە خاوەن ئەو رووە چاکانەی کە مارکس پێیدابوو و مێژوویی نەبوو وەک هیوای بۆ دەخواست.

ئەگەر لە پێناو بەدیهێنانی مێژوو کاری کردبێت ئەوا لە رێگەی تەواوکردن هەقیقەتی فەلسەفی و رامیاری پێکنەدەهات.

**8.زانستی دەوڵەت و زانست:**

مێژوو لە یۆنان لەگەڵ دەوڵەتدا لەدایک بوو. کاتێکە شار وەک دەوڵەتێک پێکهێنرا مێژوو لە توێی هەقایەت و زنجیرە رووداوەکـان و شیعری داستان ئامێز هەڵقوولا بۆ باسکردنی ئەو پێکهاتنە و گێڕانەوەی ململانێکانی دەوڵەتی شاری خاوەن دیموکراسیەتی سنووردار، بەڵام کارابوونی دەوڵەت دەبوو رووبەڕووی هەڕەشە بێت و دەستکەوتەکانیشی لە رێگەی دیموکراسیەتەوە بەدی بکات تاکو گووتار لە بارەی سەیرورەی مرۆڤایەتی بگاتە رادەی ئەو گووتارەی کە لە چوارچێوەی یادەوەری و ماقووڵیەتدا هەوڵی زامنکردنی خۆی دەدات.

لە سۆنگەی ئەو دەوڵەتی شارەدا مرۆڤ تەنها لە شێوەی هاوڵاتی بەدیدەهێنرێت، هاوڵاتی وێنەی رووی (مرۆڤ) دەکێشی و وەک بوونێکی مێژوویی لە خۆی دەگات و پەیوەندی بە چارەنووسی بە کۆمەڵا دەکات و دەگاتە ئاستی راگواستنی کۆی ئیرادە تاکڕەوەکان بۆ ئیرادە گشتییەکان.

دەوڵەتی ئەگریکی لەو سەردەمەدا خۆی لە ڕێگەی دیموکراسیەتەوە بەدیهێناو بۆ چەند ساڵێکیش فۆرمەلە تایبەتیەکەی درووست کرد، هەروەک هیرودوتس و توسیدید لەمبارەیەوە وتوویانە.

ئایا ئەو بارودۆخەی یۆنان بە شێوەیەک لە شێوەکان لەرەوشی بەڵگەداری واقیعی فەڕەنسی سەردەمی سان سیمون (شۆڕش و ئیمپراتۆرییەت) و واقیعی ئەڵمانی سەردەمی هیگڵا (خەباتی نیشتمانی دژ بە ناپلیۆن و ناکۆکی نێوان رۆحی جیهان ئەو کارەی کە هەڵگری واتاو ئایندە بوو) ناچێت؟ دواتریش مێژوو نابێتە خاوەن ئەو خەسڵەتە گشتگیرەی کە پێدەچێت شانبەشانی بڕوات و بەبێ ئەو پارچە پارچە بێت و تەنها بەهۆی ئەو پەیڕەوکردنە رامیارییە کۆمەکە بەرگری لە گێڕانەوەی بۆ ئاگاییەکی رووت و بوونی خوودییانەی وەک دەوڵەت بکات؟ مێژووگەری لە ئاگایی کاراو (کە خوودی پەیڕەوکردنە)، ئاگایی بەشداری لە عەقڵانیەت و سالاری رەوای دەوڵەت پەیوەندی بەدەوڵەتەوە دەکات.

ئەم تیۆرییەی (مێژوو و زانستی دەوڵەت)ە لەگەڵا بیری مارکس لەڕووی مەعریفەی رەخنەیی لە مێژوو و دەوڵەت دا دەگونجێت.

بە مەرجی دوورخستنەوەی بەشە رەخنەییەکەی لە خۆشبەختیاندا و ئەوەیشی مایەی بەدبەختیە کە تیۆریەکە راستەوخۆ بەرەو تەنگژە دەڕوات و زانستی دەوڵەت و زانست تێکەڵا دەکات، دەوڵەت پێویستی بە زانستە و کاربەدەستەکانیش خاوەنی ئەم زانستەن وەک خاوەنداری تایبەتی. شارەزاییەکانیشیان تایبەتن بە خۆیان و هەڵبژاردنیان لە ڕێگەی ئەو تاقیکردنەوە و پێشبرکێیانەدا ئەنجام دەدرێت کە بابەتەکانی باس لەم زانستە دەکەن. تەنانەت لە کۆمەڵە و دەستەی بیروکراتیدا جۆرێک لە خاوەندارێتی تایبەتی (بیروکراتی) بۆ دەزگاو زانستە بەدەزگاکراوەکان پێکدەهێنرێت، بەڵام

زانستی دەوڵەت کە تیادا دەوڵەت دەبێتە بابەتی زانستەکەی لەگەڵ ئەم مەعریفەیەدا یەکناگرێتەوە. ئەو ئەم زانستی دەوڵەتە بە شێوازێکی رەخنەیی دەناسێت و سیما بیرۆکراتیەکان جیادەکاتەوە. بەڵام لای مارکس مێژوو وەک دەرهاویشتەیەک لە کارلێکردنی شۆڕشگێڕانە دەبێتە مەعریفەیەکی کارای لەناوبردنی دەوڵەت. دەستەبەرکردنی مێژوو و کۆتاکەی بەهەرحاڵ یاوەری کۆتایی دەوڵەت دەکات.

گەر هیگڵیەت و هیگڵیەتی نوێ زانستی مێژوویی بە دەوڵەت گرێبدەن دانبەوە دەنرێت کە مێژوو لە ئایدێولۆجیا بەولاوە چیدی نییە. بە ئەندازەی بەردەوامبوونی درووست بوونی دەوڵەت و پێکهاتنی بە تەواو نایەتەدی بەهۆی ئەو رووکەشیەیی نێوان مەعریفە و عەقڵگەرایی کە دەوڵەت پیادەی دەکات و بۆیە مێژووش تەنها توانای ئەوەی دەبێت سیاسەت پێشکەش بکات و نمایشکردنی ئەو سیاسەتەش بۆ ئەو کەسانە نییە کە بڕیاریان بەدەستە، بەڵکو بۆ ئەوانەیە کە ملکەچی بڕیارەکانن و دەکەونە ژێر کاریگەرییانەوە. ئەو ئەم لێکدژییە حەشاردەدات و رۆڵی ئایدیۆلۆجیاش لێرەدا دەردەکەوێت.

**9.لە دایکبوونی مێژوو( لە فەڕەنسا):**

رەوشـی مێژوو وەک زانست ناتوانرێت بچوێنرێت بە رەوشی زانستێکی بەشبەش یاخود زانستێکی دی. سەرەتا وەک زانستێکی تایبەتمەند دەرکەوت و لە شێوەی فۆرمەلەی پەیڕەوکارییەکی (بەشبەش، جوزئی) رووەو ئاسۆی تیۆری زانست باڵا دەکات و دواجار حەز دەکات بۆ خۆی ببێتە زانستێکی گشتی و زانستی زانستەکان و جەمسەری مەعریفە و نموونەی مەعریفی، بۆ نموونە لە بواری زمانەوانی یاخود ئابوری رامیاریدا

گومانی تێدا نییە مێژوو بە سیفەتە گشتگیرییەکەی وەک زانستێکی گشتگیری (واقیع یاخود عەقڵگەرایی فیکری) و زانستێک بۆ سروشت و کۆمەڵ و بیر لە یەککاتدا سەری هەڵدا. پاشان و تەنها دواتر کارە تایبەتمەندییەکانی لە ڕێگەی پێشبڕکێ یاخود یەکگرتن لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی تر گواستەوە بۆ پایەی زانستێکی بەشیی (جوزئی)، گەرچی پابەندی پەیڕەوکاری بوو، بەڵام خۆی پەیڕەوکاری گشتی و شۆڕش بوو. پاشان بە سیفەتی ئەوەی زانستێکی بەشیە هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ پەیڕەو کاری پچڕاند، تەنها لەگەڵ پەیڕەوکاری پەروەردەیی و دەزگایی و ڕاگەیاندندا نەبێت و ئەم کارە لە ئەڵمانیا لەگەڵ هیگڵدا روون و ئاشکرایە، بەڵام ئاشکراییەکەی لە فەڕەنسا و سان سیمۆن کەمتر نییە.

سان سیمۆن دواتر وەک کۆمەڵناس و دامەزرێنەری زانستی کۆمەڵناسی پۆلێن کراو ئەم بڕیارە ستەمکارانە بوو، چونکە سان سیمۆن میرانگری ئینسکلۆپیدسینەکان بوو و پێشبینی ئەو وێناکارییە سەراپایی و گشتگیرە دەکات کە مێژووی بە شێوەیەکی چڕوپڕ پێدەبەخشێت.

بە پۆلێنکردنی سان سیمۆن لە نێو زانایانی کۆمەڵناسی و تەنانەت بە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی تەکنۆکراتیەتی نوێ گەیشتنە ڕادەی لە بیرکردنەوەی داهێنانەکەی کە: لە بیرچوونەوەی چینەکانو ململانێی چینەکان بوو.

ئەم نەوەیەی دەرەبەگەکان وەک خۆی دەڵێت نەوەی کارولنجیەکانەو زانیاری لەمەڕ ڕووداوە کۆنەکان هەبوو. بە گوێرەی سەرچاوەی ڕووداوە دوایەکهاتووەکانی مێژوو (حولیات). مێژووی فەڕەنسا لەمیان ململانێی درێژخایەنی نێوان هەردوو نەژادی گالۆرۆمان و فرانکۆییەکاندا کوورت دەکرێتەوە. سەبارەت بەم تیۆرییە فەرمی و یان نیمچە فەرمیەی سایەی

سیستمی کۆن مشتوومڕێکی بێکۆتا سەرهەڵئەداث. کێ شتی تازەی هێناو مەسەلەی ئازادی وروژاند؟ ئایا فرانکۆییەکان بوون کە لەدوای لەناوبردنی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی و سەرکوتکردنی دەوڵـەت کە لەگەڵا هاتنیاندا سەرکەوتنی چینەکانیان راگەیاند؟ یاخود پێچەوانەی ئەوە ئەو گالۆ-رۆمانانە بوون کە یاسای نووسراویان لە مافی هەڵبژاردن و چەمکی پەیمان (مفهوم العقد) و یاسا شارەوانییەکان و رێککەوتننامەی نێوان گوند و شارەکانیان لەگەڵا خۆیاند هێنا؟ سان سیمۆنی دەرەبەگ لە وەڵامی ئەم پرسیارە لایەنی (بەربەر) دەگرێث و هەروەها لەم رووەوە دەڵێ: ئەوە نەژادەکان نین کە سەدە گەلێکە دژ بە یەکتر دەجەنگن، بەڵکو چینەکانن.

مێژووی فەڕەنسا لەمیانی ململانێی نێوان ئەو چینانە دامەزراوە: دەرەبەگەکان لەلایەکەوە وەک میرانگر و سەرکەوتوو و لەلایەکی دی چینی سێهەمی جوتیاران و بۆ رژواکان کە لایەنگری گالۆ- رومان بوون. ئەم براوانەی جەنگ یاساو ئازادییان لەگەڵا خۆیاندا هێناو لە پاش شۆڕش (پەیمان) و ئەو پەیوەندییە گرێبەستیانانەیان هێنایەکایەوە کە لە سەر بنەمای خاوەندارێتی و پرۆژەی ئازاد دامەزرابوون. مارکس و ئەنگڵس ئەم مەسەلەیەیان بە ئەو پەڕی پارێزییەوە قبووڵکرد و لەروانگەیانەوە (بەربەرەکان) مەسەلەی چینایەتی لەناوچوو یان ژیانەوە و تازەکاریان تێدا کرد نەک لەبەر ئەوەی سەرۆکەکانیان بوونە دەرەبەگ، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە توێی تایەفە و کۆمەڵگەلێکدا ژیانێکی سەرەتایی دەژیان.

سان سیمۆن شانبەشان بیرۆکەی ململانێی چینەکان وەک هیگڵا گشتێکی مێژوویی دادەنێث و پاشان ئۆگستین تیری دێث و مێژووی چینی سێهەم دەنووسێث. زانستە تایبەتمەندەکانی واقعی مرۆیی لە زانستی کۆمەڵناسیو مێژووی فەڕەنسا و شوێنانی دی لە مێژووی گشتگیر و هەڵوەشاندنەکانی

لادەداتْ. سان سیمۆن لە بەرفراوانی وێناکارییەکانی هیگڵا نزیکدەکەوێتەوەو لەوانەی پێشکەشیان دەکاتْ دووردەکەوێتەوە. دوونیابینی مێژوو لە فەڕەنسا لە دەوڵەتەوە هەڵناقوولێتْ بە پێچەوانەوە، بەڵکو رەخنەگرتنی دەگرێتەخۆ و بەمەش سان سیمۆن مزگێنی بە مارکس دەداتْ و پەیوەندی بە رەوتی مەزنی بیری فەڕەنسی دەکاتْ و زانستی کۆمەڵناسی تێکەڵا بە مێژوویەک دادەهێنێتْ کە بە جۆرێک بێتە رەخنەی چەپڕەوانەی کۆمەڵگەی بۆ رژوایی‌و سەرمایەداری.

**10·مەرجەکانی مێژوگەری:**

لە پێناو بوونی مێژوو هەر دزەیەکی دیاریکراو هەڵگری واتایەکە، ئایا کۆکردنەوەی مەرجگەلێکی پێویستْ (ئەگەر کاملێش نەبێتْ) و مەرجگەلێک بتوانرێتْ راڤەبکرێتْ بەهۆی چەمکگەلێکی وەرگیراو لە فەلسەفە، بەڵام ملکەچ نەبوو بۆ میتۆدێکی فەلسەفی پێویستْ نییە؟ کە وابوو لێرەدا مەبەستمان مەرجەکانی مێژوو نییە، بەڵکو مەرجەکانی مێژووگەرییە.

ا. پێویستی خوودی (بکەر). دەشێک ئەم چەمکە وەک شێوازێک لەو چەمکانە دەرکەوێتْ کە لە ریزبەندی فەلسەفی و سەرچاوە تیۆرییەکان جیادەبێتەوە بۆ ئەوەی واتایەکی دی ببەخشێتْ و لەڕووی مێژووگەرییەوە واتایەکی دوولایەنە دەگرێتەخۆ: کارلێککەری و جەمسەر یاخود مەڵبەندی کار کە بەردەوامی لەمیانی مەعریفە و عەقڵدا هەیە و ووزەیەکی دەستپێشخەرە دەتوانێتْ ئامراز و هۆکارەکانی کار رووەو مەبەستْ ئاراستە بکاتْ و پرۆژە و بەرنامەکان (تاکتیک و ستراتیجیەتْ) دابڕێژێتْ. ئەو رۆحە رەهایەی کە هیگڵا پێناسەی کرد ئەم دوو خەسڵەتە بە شێوەیەکی دەرکەوتوو لەخۆ دەگرێتْ:

سەرچاوەی کار، بکەر- عەقڵگەرایی و مەزەندەکاری. هەروەها مەسەلەکە لای هیگڵا دەوڵەتە کە بەرجەستەکاری زەمینی و کۆمەڵایەتی رۆح- بیرە و لای مارکس چینەکە بە شێوەیەکی باشتر لە کۆمەڵا یاخود گرووپێک یان گەل یان نەتەوەیەک دەست بەسەر ئەم ووزە چەند جار کراوەدا دەگرێت و بکەری مێژوویی لێدرووست دەکات.

ئیتر لەو کاتەوە دابەش دەبێتە سەر سیستمی بڕیار وپاشان تاکتیک و ستراتیج و گوێڕایەڵی و خواستەکان، لەکوێ و کێ بەوە هەڵدەستێت؟

دەوڵەت؟ گریمانەیەکی قایلکەرە بۆ ئەوانەی کە خاوەن ئارەزووی رەزامەندین، بەڵام دەوڵەت هەڵوەستە دەکاتو خۆی وا دەردەخات بەدوایدا دەچێت و چاودێری دەکات. کێ (مرۆڤ)؟ وازی لێ بێنن و قسەی لە سەر مەکەن. ئەی چینی کریکار؟ ئەوانیش بێ هیواییان چاند. مرۆڤ هەستدەکات پێویستی بە گەڕانە بە دوای خود لە شوێنێکی دی. لای گەلان و نەتەوەکان؟ ئەوسا دەبنە خاوەن خود گەلێک و چەمکەکە لەناو دەچێت.

بۆ لەبەر ئەوەی بیرمەندەکان رەخنەگرانە دەڕوانـن؟ خوێندکاران لەبەر ئەوەی لە دوای بیرمەندەکان رەخنەگرانە دەڕوانن؟ خوێندکاران لەبەر ئەوەی لەدوای رەخنە دەستبەکار دەبن؟ رەخنە لە جیهانی سێهەم لە بری وڵاتە پیشەسازییەکان؟ ئەو بارستاییە مێژووییەی کە گرامشی مەزەندەی کرد و هاوپەیمانی ئەو چینی کرێکارەیەکە پێشەوایەتی دەکات و دەیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە؟

مرۆڤ دەپرسێت ئەم بارستاییە بەچی دەبێتە خود و بارستایی. بەچی دەبێتە مێژووگەری کە بە شێوازێکی رامیارییانە دەستەبەر دەکرێت. هەموو ئەم گریمانە و گریمانە کاندیدکراوەکانیش دووچاری نسکۆ بوون. ئاستەنگیەکانی- خود لە سۆنگەی مێژوویەوە سەرهەڵدەدات و لە بەردەمیدا نابێتە بەربەست،

بەڵام ئەگەر (خود) هەڵاتی ئەوا نامۆیی لە گەڵیا هەڵدێت و هاوکات نامۆیی (الاغتراب) و مێژووگەری و نامەی کارو مێژووش هەڵدەتەکێنن و دواجار خود پێویستە سەرلەنوێ دووبارە بنیاتنرێتەوە؟ بەڵێ، لە کوێ؟ چۆن؟

ب. پێویستە بابەتێک هەبێت. نەک بابەتمەندی (بخرێتە سەر یاخود نەخرێت)، بەڵکو ناوەڕۆک یاخود ناوەڕۆکگەلێک. بابەتێک لە پێناوی (خود) بێت: بۆ نموونە داسەپاوی (حتمیە)، یاخود داسەپاو گەلێک خود دەیخاتەڕوو و بەگوێرەی ویست و خواستی خۆی ئاراستەی دەکات و دەیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، ئەمە چی داسەپاوییەکە؟ ئابوری؟

لەوانەیە، بەڵام ئایا ئێمە بەرەو ئاسۆی ئابوریگەری و بەرهەمگەری هەنگاو نانێین، واتا بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە زوو یان درەنگ ئەو کۆمەڵە رامیارییەی کە وەک خود کاردەکات، رەتیدەکاتەوە هەروەک لە یەکێتی سۆڤیەت روویدا، (رەوتێکی پێچەوانەی پێشبینیەکەی مارکسە؟). هیچ گریمانەیەک ناتوانرێ دووربخرێتەوە، بەڵام هیچیشیان نە لە رابردوو نە لە ئێستادا بابەتێکی دیاریکراوی دانسقە نین. خود خۆی ڕاڕاو و پوچ و نادیارە.

ج. لە کۆتاییدا پێویستە یادەوەری لە ئارادا بێت. یادەوەری لە رابردوودا واقیعی و کەموکوڕی هەبوو: تۆمارکردن و نووسینەکان بوون. ئەو یادەوەریە کەموکوڕە، سەرەتا رێگەی بۆ داهێنانی یادەوەرییەکی باشتر چۆڵکرد کە ئەویش یادەوری مێژوونوس بوو، بەڵام ئەمڕۆ چی روودەدات؟ یادەوەری (ژاکرە) چاک لە ئارادایە ئەگەرچی یادەوری مێژوونووسی نییە. ئایا یادەوەری ژمێریار (حاسوب) دووبارەیی لە زەمەندا ناگۆڕێت؟ بێگومان. یادەوەری هەیە کاری کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی رابردوو دەگرێتە ئەستۆ بەبێ ئەوەی قورسایی بخاتە سەر مێشکی مرۆیی. یادەوەری هەیە زەمەن

ڕەنده‌کانه‌وه و له خود جیای ده‌کات و بێسوودی ده‌کات. ئاسه‌واری ده‌مێنی و له‌و خوده‌وه ده‌ستپێده‌کات که ده‌بێته بابه‌ت و بوونێکی هه‌ڵکه‌وتوو و هه‌ڕه‌شه‌کار له‌خۆ ده‌گرێت. یاده‌وه‌ری ڕه‌ها له‌گه‌ڵ مێژووگه‌ریدا ناگونجێت، چونکه جێگه‌ی ده‌گرێته‌وه. مێژووی ڕه‌ها له دوایین سنووردا له‌گه‌ڵ زه‌مه‌ن و ڕووداو و کرده‌وه و ستراتیجییه‌کاندا یه‌کده‌گرێته‌وه و له یاده‌وه‌ری ڕه‌ها تۆمار ده‌کرێت. ڕه‌های نوێی (ته‌کنه‌لۆجی) کرۆکی له خۆگیراوی ڕێژه‌یی (ئه‌و یاده‌وه‌رییه ڕێژه‌ییه‌ی که له‌میان نزیککاریه پێویستییه‌کانی مه‌عریفه به‌دوای خۆیدا ده‌گه‌ڕێت) ده‌ڕووخێنی که له‌سه‌ر بنه‌مای مه‌رج دامه‌زرابوو.

**11. بنه‌ماکانی مێژووگه‌ری:**

گومانی تێدا نییه مارکس مێژووی به شێوه‌یه‌کی تۆکمه و بوونیاتنه‌رانه‌تر دابه‌ش کرده سه‌ر کاته‌کان و شانبه‌شان تیۆری شێوه‌کانی به‌رهه‌مهێنان پێشکه‌شی کرد هه‌ر لێره‌شه‌وه ئاسته‌نگیه‌کان سه‌ریان هه‌ڵدا، یاخود چاکتره بڵێین ده‌ستیان پێکرد. ئه‌م شێوانه‌ی به‌رهه‌مهێنان که له‌ڕووی چه‌مکه‌وه وێناکراون به سیفه‌تی قه‌واره و کۆمه‌ڵبوونیان یه‌کتریان گرت، چۆن بیان لکێنینه په‌یوه‌ندیه به‌رده‌وام گۆڕاوه‌کانی به‌رهه‌مهێنان، هه‌روه‌ک سه‌باره‌ت ڕه‌وشه جیاوازه‌که‌ی و جیاواز له ڕووه لۆجیکیه‌که‌ی و په‌یوه‌ندیه خاوه‌ندارێتیه‌کانی (له مافی ڕواڵه‌تی هێمادار و فۆرمه‌له‌کراو به شێوه‌یه‌کی ڕواڵه‌تی)، چۆن له به‌رهه‌مێکه‌وه بۆ به‌رهه‌مێکی دی ده‌گوازرێته‌وه؟

ئه‌و بیره‌ی که جه‌خت ده‌خاته سه‌ر یه‌کانگیری ناوه‌کی شێوه‌یه‌کی به‌رهه‌مهێنان گواستنه‌وه له شێوه‌یه‌ک به‌رهه‌مهێنان بۆ شێوه‌یه‌کی دی ته‌ماوی ده‌کات (به‌رامبه‌ر به‌وه‌ش جۆرێک له په‌یوه‌ندی بێبڕوایی درووستده‌کات)، نێینیه‌ک هه‌یه که هه‌رگیز زیاده‌ڕۆیی له پێویستی دووپاتکردنه‌وه‌ی ناکه‌ین ئه‌وه‌یه که:

گەیەنراو جیا دەکاتەوە و جیاوەبوو دەگەیەنێت لە بۆتەی بزاڤێک لە قۆناغی پێشووەوە بەم قۆناغی پیشەسازییەدا تێدەپەڕێت و زیاد لە جارێک پەی بەم قۆناغانە دەبەین.

**12٠مێژوو وەک سەرچاوەیەک:**

مێژوو تەنها ریزبەندی بۆ هەموو پێشنیارە خراوە رووەکانی میانی زەمەنێک و هەموو بڵاوکردنەوەیەک و پێشوازیکردنی هەموو پەیامەکانی نەخستەڕوو.

ئەو دەیویست ببێتە سەرچاوەیەکی دیارو ئەم سەرچاوەیە پێشینەیەک بوو گەیاندن و پەیام و کۆکردنەوەی نیشانەکانی لە سەر تۆمار دەکرا. باسی لە خۆی دەکرد و دەیویست بۆ خۆی سیستمی سیستمەکان دابنێت (ئەم سیفەتە لای هیگڵا شانبەشانی فەلسەفە دانرابوو)، کەوابوو پێشینەیەکی رۆشنو روونکراوەبوو بەشیکردنەوەیەکی قووڵتر لە شیکردنەوەکانی دیو بە نمایشکردنێکی بەرفراوانتر لە هەموو نووسینەکانی تر. لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەرچاوەکان کەوتنە بانگەشەکردن بۆ شوێنی درک پێکراوو وێناکراو (شوێنی بینراوی باو)ی زەمەنی ژییەنراو لە هێڵی ئاسۆوە بەرەو هەماهەنگی- نسق-و لە شارەوە بۆ مێژوو. سەبارەت بە بانگەشەی مێژوو بە سیفەتی ئەوەی سەرچاوەو نیمچە بێدەنگیەک کەوتە ئاراوەو لە راستیدا مێژووی مێژوونووسەکان هەوڵیان بۆ شاردنەوەی بارودۆخەکەدا لە رێگەی بێدەنگ بوون لەسەر ئەم واقیعە مێژووییە یەکلاکەرەوەیەی (کە لە راستیدا بێدەنگ بوو) لە پێناو مانەوەیدا. لەم خاڵەدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەستیاربووو، بە تایبەتی بە هێرشی نێوان زمانەوانەکان کە پێیان وابوو پیشەگەری دەتوانێت واز لە سەرچاوەگەری (مرجعیە) دەرەکی بهێنێت و ئەرکی سەرچاوەگەری دەتوانرێت بە سیفەتی بەشی ناوەوەی زمان وێنا

بکرێت و ئەم کارەش ئاستەنگەلێکی دی وەک (پەیوەندی دوابەدوای زمان بە زمان) دێنێتە ئاراوە. بانگەشەی مێژوو وەک سیستمێکی سەرچاوەگەری ناتوانرێت بەبێ جێهێشتنی ئاسەوار لە سەر ئاکارو کلتور بمێنێتەوە و ئەوەش لەنێو زەمەندا دەکرێت لەو کاتەی کە مێژووگەری دەبێتە کلتوری و گوتاری و گوتار ئامێز.

**13-ئەفسانەیەکی رۆژئاوایی: پەلەیی مێژوو:**

خێرا رۆیشتنی مێژوو ئـەو ئاوێتە تەماوییەی ئایدولۆجیا و چەواشەکارییەیە کە کاژێرەکانی سەرکەوتنی دەناسێنێت. ئەو بەخێرایی دەیڕوانیە رەوتی ئەو گەندەڵیە ئایدیۆلۆجیەی کە لە هەڵبژاردەوە کەوتە نێو رۆژنامەگەری و لەوێشەوە روویکردە زۆر بڵێیە برودمیەکانی سەرۆک خێزان و رامیارەکان کە لەلایەن خۆیانەوە دەستبەرداری بوون. کۆماری لویس فیلیپ چیتر بانگەشەی خێراکردنی مێژووی نەدا، بەڵکو زیاتر خوازیاری هەڵوەستە پێکردنی شێوازە گۆلاو ئاساکەی بوو. ئەم ئەفسانەیە چی حەشار دەدات؟ بڕوابوونی رەهاو دڵنیا بە گەیشتن بە ئامانجێک کە دەتوانرێت پێی بگات و لێنزیکبوونەوەی بە خێراییەکی لە رادەبەدەر. چی ئامانجێک؟ ئەفسانەکە باسی ناکات. ئەوەی راستی بێت ئەرکی نیشاندانی رەنگ و راگەیاندنی دەکەوێتە سەر سەرکردەکان.

هەموو شتێک لە گۆڕاندا بوو، هەموو شتێک بێئەوەی بێتە مایەی وەڕسکارییەکی گەورەی خەڵکەکە کە بەرەزامەندی و ناڕەزامەندی لە شێوەی مانگادا گەلێکی قەڵە و یان ریوەڵە لەمیانی مێژووی خێرا تێپەڕبوو بە خۆشی ژیانیان دەبردە سەر. خۆشی ئەوەی مرۆڤ نەیەڵێت بێتە هاوسەردەمی خۆی و تەنانەت هاوسەردەمی ئەوەی بەجێی دەهێڵێت و خۆشی بە بەرەو

پێشەوە چوون (کارکردن لەپێناو پێشخستنی مێژوو). ئەوانەی کە بەمجۆرە خۆیان دەردەبڕی دەیانزانی خێراکردن ئامانجیان و ڕەوتی تایبەت بە خۆیانە (ستالین)؟

پەلەکردن کارێکی تا ڕادەیەک زیادەڕۆ بوو. (هیتلەر)؟ خێراکەرێکی شێت بوو (چەرچڵ)؟ بانگەشەکاری میانڕەوی بوو کە دەبوو بکرایە.

گەر یەکێک لەوانە بیوتایە: (هەموو شتێک بەرادەیەک وەها خێرا دەگۆڕێت کە کاتی خۆگونجاندن بەدەستەوە نامێنێت، پێویستە خۆگونجاندن بـەردەوام بێت و مەشقکردن دووبـارە بکرێتەوە، ئائەوەیە مێژوو..)، وەڵامیان دایەوە: (هەموو شتێکی گۆڕاو مێژوو نییە. تەنانەت ئەگەر هاتوو وا پێویست کرا بڕگە و کەرتەکانتان بگونجێنن و مەشقەکانتان دووبارە بکەنەوەو هتد..

ئەم گۆڕانکارییانە و ڕاگوێزانکارییەکان تێکەڵ مەکەن. بە وردی بڕوانن ئاخۆ ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کە پێیان دەوترا پەیوەندی (گرێبەستیەکان) گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە؟ ئایا دەوڵەت ئاکام گۆڕا بۆ خواوەند؟ بەڵام ئەوەی تایبەتە بە پەیوەندی نێوان چینەکان واقیعێکە مایەی ستایشێکی کەمترە بە بەراورد لەگەڵا جیابوونە ئاسۆییەکان و بە شێوەیەکی بەرفراوانتر بە گوێرەی ڕێکخستنە شاقوڵییەکان.

ئایا ئـەم واقیعە نابێتە هـۆی زیاتر مەترسیدار کـردنـی؟ ئەم گۆڕانکارییانەی کە ڕەچاوی دەکەن بوونیادەکانی وەک خۆیان دەهێڵن، ئایا ئەمە حەقیقەتێکی بوونیادگەرانە نییە؟

بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر یەکێکیان پێی وتـن: (هیچ شتێک ناجوڵێتەوە، ئەوەی شتەکان دەردەخات سروشتی مرۆیی و ڕۆحی مرۆییو خۆڕاگری زەینی و کۆمەڵایەتیەتی)، وەڵامی بەنەوە (بەڵام نەخێر، نەخێر!

مەحاڵی بوونێک خۆی ئاشکرا دەکات بە جۆرێک کە وشە بەکارهێنراوەکانی وەکو (گواستنەوە) و (گۆڕان) سست و لاواز دەبن!.

**14.مێژووی هاوچەرخ:**

پێناسەی ئەو دڵەڕاوکێیەی کە دەبێتە مایەی گاڵتەجاری مێژووی هاوچەرخ لە میانی زانستی مێژووی فەرمی دا دەناسین و ئەم قۆناغە لەساڵی1789 دەست پێدەکات. مێژوونووسی لە سەرەتای ئەم بەروارەوە تەنها لە ڕێگەی سەرەپەنجەکانیەوە رۆدەچێتە توێی بوارەکەی و گۆڕەپانی مینرێژکراو هیچ زامنیەک و ئارامیەکی پێنابەخشێت و لە هەموو شوێنەکاندا بۆسەی رامیاری نراوەتەوە و باشترین گۆڕەپان لە دەوروبـەری مێژووی سەدەی هەژدەیەمدا هەڵوەستە دەکات.

چۆن مێژووی هاوچەرخ بە شێوەیەکی بنەڕەتی رامیاری نەبێت؟ ئایا هەڵناسێت بە شیکردنەوەی ئەم لێکدژیە نوێیەی: رەتکردنەوەی دەوڵەت، یاخود لە خاچدانی دەوڵـەت؟ پێناسەکەی بە جۆرێک تەواو دەبێت بە مەرجێک ئەو تخوبی سێهەمە (گەندەڵی دەوڵەت)، کە مارکس پێشبینی نەکرد وێنابکرێت و ئەوانەش کەلێن گەلێکن هەرەشە لە تۆکمەیی ئەو بونیادە دەکەن کە سیاسەتمەدارەکان کار لەسەر شوێنە چاککراوەکەی دەکەن.

بیری مارکسی لەمەڕ دەوڵەت بەمجۆرە برینیە لە شێوازی مێژووی نزیک سووڕاوە بە دەوری مێژووگەری و هەروەک هیگڵا و مارکس وایان دەبینی کە لە توانادایە بابەت و پارادۆکسی بەرفراوانی بیرێک بخرێتەڕوو لە کاتێکدا وەها دەردەکەوێت. لە روویەکی ترەوە بەر لە هەموو شتێک زۆر لە خۆی بکات بۆ خەریکبوون سەبارەت بە زانستگەرایی (علمیە) کە لە خویێدا ئاڵۆزی درووست دەکات.

**15.له مێژووی دەزگایی و(له توێی فەلسەفەدا):**

هیگڵا فەلسەفەی پاڵنایه نێو هەڵدێری سەپێنراو و هەڵدێری ئاوابوون و مەرگ له ڕێگەی ڕووخاندنی خودییەوە و وتی ئەوە هاتە دەست و بە شێوەیەکی گشتی ئەنجامدراو بە ناوی دەوڵەتەوە شێوەی فەرمی پێبەخشی و وەک خزمەتگوزارییەکی گشتی ئاشکرای کرد. فەیلەسوف نووسینگەی هەیە و بڕوانامەی هاوڵاتیبوون و ڕەوشت بەرزی و ژیان داب و نەریتە چاکەکان دەبەخشێت، ئەمە چی گاڵتەجارییەکی مێژووە.

وڵاتە سۆشیالیستەکان له سایەی مارکس و له ڕێگەی هێنانەدی بەرنامەی هیگڵا فەلسەفەی خۆیان دامەزراند و فەلسەفەی فەرمی بەهای دراوی خۆی و فەلسەفەی زەمەنەکانی ونکرد که له میانیدا دەسەڵاتە گشتیەکان و ئایین و دەوڵەت فەیلەسوفیان دەچەوساندەوە. گووتاری فەلسەفی بە هۆی ماهیەتەکەیەوە بووە دەزگاییەکی دیاریکراوو ئامانجەکانی تەنها بریتی بوو له لێدانەکانی کاژێری دەوڵەت! لەفلانە کاژێری دیاریکراو باڵندەی کات بۆ پیاهەڵدان و ستایشکردنی دەسەڵات دەردەچێ. لەوڵاتە سەرمایەدارەکان بە پێچەوانەوە یەکانگیرییەکی کەمتر لەئارادایە و ڕێککەوتنی لیبڕاڵی یەکبینە نییە، بەڵام دڵگیرەو حەز له نێوەندگیری میراتو داخوازییەکانو بیری تیۆری و مەعریفەی زانستیو فەلسەفەی ڕەخنەیی (شانبەشان ڕەخنەی فەلسەفی)و فەلسەفەی دوورەوەخراو دەکات و ڕێککەوتنەکە هەندێ جار گۆڕاوە و سەرکوتکار و مەراییکەرەو هەندێ جاریش پەراوێز بۆ ئازادییەکان جێدەهێڵێ. بەمجۆرە فەلسەفە ڕووەو ئایدلۆجیاتەکانی پێدرا ئایا له سۆنگەی مێژووەوە کارەکان بەرەو هەمان ئاراستە ناڕۆن؟ ئەو مێژووەی که هێگڵا بە شێوەیەکی تۆکمە بنیاتی نا زۆر خێرا بووە مێژوویەکی دەزگایی.

مێژوو لە هەموو ئاستەکانیەوە چووە نێو بواری فێربوونو خێرا ئەو دەسەڵاتانەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن دەسەڵاتی رۆشنبیری رێگەکانی خوێندنی بڵاوکردەوەو ئەزمون و تاقیکردنەوە و پلەونمرەکانی دانا بەمجۆرە مێژوو دارێژراو بە چاودێرییەوە پاکتاوکرا. ئەوان خەمبارن چوونکە مێژوو زانستی نییە، بەڵکو (ئایکۆنیە، بتانەیە) (نیچە) واتە نموونەیی‌و گووتار ئامێزیشە. ئایا کارەکە دەبێ بەدەر لەوە لە چوارچێوەیەکی دەزگاییدا بێت؟ سەبارەت بە مێژووی ژێر دەستەکراو تەنها لە سەر بنەمای کۆمەڵێک کردەوەی پاڵەوانی لە پێناو خزمەتکردنی پەیڕەو دیسپلینی) (نیشتمان، کار، خێزان) دادەمەزرێت و لە پاش هەندێک لاسەنگی- میتۆدی زانستی دژ بە مێژووی ملکەچ ناچێتە نێو خەباتەوەو پتر لەوەش پەیوەندی پێوەکردو بووە پاساو هێنەرەوەی واتە بووە داپۆشەری ئایدیۆلۆجی-زانستی و دامەزرێنەری واقیعی گواستنەوە بە شێوەیەکی تەندروست لە تێبینیە بەدیهێنەرەکانەوە بەرەو دەرئەنجامەکان و داشتنی رووداو گەلێکی بێ هاوتا، بەڵام چۆن! تەنها هەڵبژاردنی رووداوەکان و راگەیاندنی بەڵگە نەویستیەکان؟ کێ گرووپەکان درووست دەکات و لە سەر بنەمای چی پێودانگێک دایاندەمەزرێنێت؟ نیچە بە شێوەیەکی بنبەست‌و دەنگێکی بەهێز وتی: ئاینی رابردوو خزمەتکارەو پێویستە خزمەت بکات چوونکە ئەو کەسانەی کە دەژین و کار دەکەن، بە دوای وانەکاندا دەگەڕێن، بەڵام ئەوانە کێن؟ لە بەرژەوەندی کە لە پێناو چی ئامانجێک؟ نیچە ئەو مێژووەی کە گوازرایەوە بۆکلتور تۆمارکرد لە بەر ئەوەی نەیتوانی بگاتە ئاستی ئەو مێژووە دەزگاییەی کە لە سەردەمی نیچە هێشتا لە سەرەتادا بوو .پێویستە دوورتر بڕۆین و بە تایبەتی لەوە بگەین لە پێناو چیدا نیچەییەتی خرایە لاو خۆیشی شێوێنرا! بە ناوی مێژووی دەزگایی و بە بزووتێکی ساناى ئەم چوارچێوەیە زیاتر لە مێژوونوسێک خستنەڕووی

هەندێک پرسیار ڕەتدەکەنەوە. بۆ نموونە پرسیاری مێژووگەری پرسیارێکی ڕەتکراوەیە؟ (با فەیلەسووفەکان گەر ڕەزامەندن گفتوگۆی لەبارەوە بکەن! لە ڕوانگەی منەوە کارێکی بێبایەخە).

ئەی سەبارەت بە مێژوو؟ شارەزاییم هەیە، چونکە ئەوە پیشەی منە و خۆم درووستی دەکەم.

**16.شۆڕشو مێژووگەری:**

بە گوێرەی دۆزی هیگڵ و مارکسیانە، ئەمانەی خوارەوە بە شێوەیەکی هاوکات و بێ شایستەبوون بە جیاکردنەوەی لە ئارادان:

1.پەیڕەوکردنی مێژووگەری داهێنەری مێژووە، چونکە ڕەگەزەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سیاسی کۆدەکاتەوەو لە کاتی کۆکردنەوەیدا دەیگوازێتەوە و تیشک دەخاتە سەر رابردوو لە ڕێگەی گەڕانەوەو پاکتاوکردنی و ڕێگە بە تێگەیشتن و گەڕانەوەی ئەو شتانە دەدات کە دەگەڕێنەوە سەری.

2.پەیڕەوکردنی شۆڕشگێرانە خاڵی گەیشتن و لوتکەی پەیڕەوکردنی رامیاریە و دەست و بردە لە کۆکردنەوەو نوێکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی کە لە ڕوانگەی هیگڵا بەرەو دەوڵەتبوونی تەواو دەڕوات و لە ڕوانگەی مارکس بەرەو کۆمەڵگەیەکی بەدەر لە چینەکان دەڕوات و لە ڕوانگەی هەردوو فەیلەسوفەوە بەرەو کۆتایی مێژوو دەڕوات.

شۆڕشی فەڕەنسی هەموو ئەوروپای هەژاند پاشان ناپلیۆن، ئەم خواوەندە دووڕووە هات و بووە لایەنگری شۆڕشو بەدواداچوو لە گۆڕنەر و ستەمکار و چەوسێنەر و پارێزگاری هەموو ئەوانەی کە سوودیان لە بارودۆخەکە بینی و قسەکەر بە ناوی کەسانی چالاک و پیاوانی بانقەو گەنجینەکان، بەڵام هەروەها بووە تێکشێنەری خاوەندارییە دەرەبەگیەکان

و رزگارکەری کیشوەری ئەوروپا دژ بە ئینگلتەرا کە خەریکبوو بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و زامنکاری گواستنەوەی شۆڕشگێڕانەی شانشینی، واتا گوێزانەوە بۆ یەکەم چاکسازی کشتوکاڵی و هەروەها سەرنوسەری یاسای مەدەنی و چەندین شتی تر بوو.

بەڵام سەبارەت بە پەیڕەوکردنی مێژووگەری چی روویـدا؟ گۆتە لە چوارچێوەی درامیانەدا بەرجەستەی کردو تەواوی کارەکەی بە قۆناغی شۆڕشگێڕانە گرێدا. ئایا دەکرا فاوست (فاوستی دووەم بە شێوەیەکی روونتر لە فاوستی یەکەم) وێنا بکرێت بەبێ ئەو بەرکەوتە دووبارەبووانەی بیری رەخنەیی و رەخنە لە رێگەی نیوەندگیری چەکەوە؟ رۆمانی پەروەردەیی بەبێ مێژووگەری؟. گەر (کانت) بە مامۆستای ئاکاری شۆڕشی فەرەنسی دانرێت ئەوا هیگڵا فەیلەسوفی بوو هەروەک مارکس پێداگری و جەختی لە سەر ئەوە کردەوە.

ئەم ئەڵمانیە ( لە رووی بالاییبوون بەرەو زمان و چەمک) وێنای کاری فەرەنسییەکانی وەک رۆپسبیر و ناپلیۆنی دەکرد، هاوکات سان سیمۆن لە رێگەیەکی دیکەوە گەیشتە هەمان بەرفراوانی وێناکردن و بەردەوامی سەیرورەی ئاشکرا کرد.

بەلزاک کۆتایی شۆڕش لە بۆتەی وێنەگەلی رۆمان ئامێز هەر لە نشووستـ هێنان و دیسیپلین و ئەو گێرەشێوێنیە بەرجەستە دەکات کە ئەنجامەکانی یاسای لێدەکەوێتەوە.

بەڵام سلبی چی دەگەیەنێت؟ لای گۆتە مفیستوفلیس و لای هیگڵا کرداری دەقی ئاماژە پێکراو وەک خۆی و لای بەلزاک فوترانە. باشە چیە گەر هێمای شۆڕش حەشاردراو یاخود هەڵکەوتووی درووسنکەری رووداوەکان نەبێت؟ ئاماژە پێکراو بەشداری لەم کارە چەمکیە گەورە

و ناچەمکیە و خەیاڵ ئامێزو واقیعی و درامی و پاشان رۆمانئامێزە دەکات. ئەو بریتیە لە مێژووگەری ناسراو بە شۆڕشی ناوەکی (شۆڕشی دیموکراسی بۆ رژوایی) و ئەو ووزە داهێنەرە لە نزیکەی دەوروبەری سەدەی نۆزدەیەم کۆتایی دێت و لەوێوە رەتکردنەوەی نیمچەییانە و دەروازە بەرفراوانەکانی مێژوو دەستپێدەکات.

**17-سەبارەت بە سەردەمە مێژووییەکان (مێژوو وتاک، مێژوو و رۆمان):**

ئایا لەمیانی سەردەمی مێژوویی هەموو تاکێک و کۆمەڵێک هەست بە مێژوویەتی ناکات و حەزیش ناکات وابێت؟ مێژوو لەسەر سەرمانەوە رووناداتن، بەڵام هەمووان بەشداری تیا دەکەین؟ لەوانەیە مەسەلەی مەجازی (بەشداریکردن)، بێواتا بێت تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە مرۆڤ بەشداری میژوو دەکات یاخود رەتیدەکاتەوە.

لە سۆنگەی ئەو هەڵوێستەدا تاک دەبێتە خاوەن مێژوو و خۆیشی دەبێتە مێژوو. ئەو تەنها بە وردبوونەوە لە مێژوو قایل نابێت، بەڵکو پرسیاری ئەوە دەکات ئاخۆ بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بە ئاگایی یاخود بەبێ ئاگاییەوە بەشداری تیادا کردووە.

با بیر لەو قۆناغی شۆڕشگێڕانەیە بکەینەوە کە لە نزیکەی (1750) (چرکەکانی رەخنە) دەستی پێکرد و پاش سەدەیەک واتە (1850) کۆتایی دێت کە رەخنە لەرێگەی چەکەوە ئەرکە کاتیەکەی تەواوکرد. هەروەها ئەو سەردەمە قۆناغی گەورەی رۆمان بوو کە وەک نموونەیەکی رەسەن چیرۆکی تاکی دەگێڕایەوە و نموونەی ئەو چیرۆکانەش: (ساڵانی فێربوونی ویلهیلم میستەر) بوو، بەڵام رۆمانەکانی ستاندال کە هەروەها

چیرۆکی ژیانی بە تەواوی دەگێڕایەوە لە سایەی ئەم گرووپە، یاخود چاکترە بووترێت ئەم سەردەمە پۆلین ناکرێت.

سیمای مێژوویی دەگشتێنرێت، بەڵام ئەو سیما پارادۆکسیەی بەسەرا زاڵا دەبێت کە لۆکاش لە توێی کتێبەکەیدا (تیۆری رۆمان) تیشکی دەخاتە سەر.

پاڵەوان بابڵێین نابێتە بوونێکی تاکی پارۆدۆکسیانە بەرامبەر بەخۆیو خەڵکی، چونکە پەیمانی ئایندەی دراوەتێ. هەر لە منداڵیەوە توانای ئاشکرا دەکات و بەدوای خۆیدا دەگەڕێو لە نێوەندی شوێنی لە دایکبوون دەردەچێت و فێری ئەو شتانە دەبێ کە هۆزە بنچینەییەکەی یاخود خێزانەکەی ناتوانن فێری بکەن. ئەو بـەردەوام لە چالاکیدایە و لەبەر ئەوەی پێدراوی خۆیو ملکەچی قەدەر نییە مێژووی خۆی بەرهەم دەهێنێ لەچوارچێوەی مێژوویەکی گشتی بەرجەستەکراو لەمیان سەرکێشیو وەهمو درۆو دەلەسەو ئەو چەواشەکارییانەی کە مێژوو هەوڵی پاکتاوکردنی دەدات و تاکیش لە رێگەی ناساندنی رەسەنایەتیەکەی پەنا دەباتە بەر جەختکردنەوەی خودی خۆی. ئەم تاکە جیاوازە لە باوکی لەگەڵا ئەوەش بەرەو کامڵی و پێگەیشتنی ئەو هەنگاودەنێت. گومان لە باوکایەتی ناکات و رەوشی کەسی باڵق و بەراییەکانی ژیانی ناخاتە بۆتەی پرسیار کردنەوە. ئەو لە بارودۆخی منداڵیەوە بە شێوەیەکی تەندروست روو لە کامڵی و ئاسوودەیی و گەشەسەندنی گشتی دەکات. ئەو وەک (دەسپێکردنی رۆماننوس) دەست بە دانانی هێڵا و نەخشە گشتیەکانی مێژووگەری لەسەر ئاستی تاک دەکات و وەک باڵقێک پێگەییوی جۆرو کۆمەڵگە و خودی مرۆیی تێگەیشتراو لەلایەن زەمەنی مێژووییوە دەنوێنێت هەروەک لاسایی باوکی دەکات و بە دوای ئەوو مناڵی مێژووشدا دەچێ و لە رێگەی پێشکەشکردنی

بەشدارییەکانی لاسایی دەکاتەوە و مێژووی تاکخوازانەی بە ئاراستەی مێژوو دەڕوات و هەموو ئاڕاستەکانیش پێکەوە دەڕۆن.

**18.سەیرورە چیە؟**

گەر ئێمە ئەم پرسیارە بە راشکاوییەوە بکەین (ئەو پرسیارەی کە ئایدیۆلۆجستییەکان رەتیدەکەن و پرسیارێکی قبوولا نەکراوە، چونکە ئایدیۆلۆجیەتەکانیان دەهەژێنێت)، خێرا کودەتای نا ئاسایی رەوشی تیۆری ماوەی سەدەیەک دەبینین. لە روانگەی هیگلا و مارکس بەبێ هیچ نارەزاییەکی توانراو مێژوو بە شێوەیەکی روون لە رێگەی پێگەیشتن (پێگەیشتنی جۆرو کۆمەڵاو بیر) دیاریدەکریێو بەرەو کامڵبوون هەنگاو دەنێت. بەمجۆرە مێژوو لە روانگەیانەوە بە کۆتایی هاتنی دەستنیشان دەکرێ: حاڵەتی باڵقبوون بۆ مرۆڤ وەک جۆر واتە جۆری مرۆییو جۆری بیرو جۆری کۆمەڵگەو هتد.. تۆزقاڵێک گومان بەرامبەر ئەوەی تایبەتە بە پێگەیەنەر و بەها باڵاکەی نییە وێڕای بوونی سیفەتێکی پەنهانی ئەم چەمکە کە هاوکات سیفەتی سروشتی و مێژوویی هەیە. پەیوەندی نێوان زەمەنی تاک و زەمەنی مێژوویی پێویستە بەرەو ئاستی چەمک بەرزبێتەوە.

دامەزرێنەرانی بیری مێژوویی جیاکاریان لە نێوانیاندا نەدەکرد و پێیان وابوو تێکەڵ بە یەکترین و لەمیانی یەکترییەوە گونجاندنێکی لە پێشینەیان هەیە. جۆرو کۆمەڵا و بیرو دەوڵەت (لە روانگەی هیگلا) وەکو تاک بەرەو ساتە بەرزەکان رێچکە دەگرنەبەر لە رووی:

پێگەیشتن و فامکردنەوە و کامڵبوون. ئەمڕۆ وەڵامەکە پێچەوانەیە و بە شێوەیەکی هەڕەمەکیە، واتا وەک دەبڕینێک بۆ ناکامڵی بوونی مێژوو چۆن دەکرێت هەبێت ئەگەر کامڵبوون لە ئارادا بێت؟ کامڵبوون چییە؟ گەر

کۆتایی ئەو بوونە نەبێ کە مێژووی هەبوو و لێی تەواو بوو و چاکەی بەسەرەوە بوو؟ ئەم وەڵامە گاڵتە ئامێزە لەلایەن نیچەوە درکێنراو ئەو یەکەم کەس بوو کە بوێرانە ناکامڵی مرۆڤ و کۆمەڵگەو کلتووری راگەیاند وە هەروەها وتی کارەکە بەمجۆرە باشەو هەروەها گریمانەی کرد: دەشێ رەگەزی مرۆیی رەگەزێکی شکستخواردوو بێ بە شێوەیەکی کووشندە و ئەوسا دەبێت تێپەڕێنرێت و دەسەڵات بە سەریدا بسەپێنرێت و هەواڵەی رابردوو بکرێتەوە.

ئەم گریمانە نیمچەییە بە شێوەیەکی بوێرانە لە لایەن (گومبرد فیتز) ی کەسیش لە توێ تیۆری ناوبراو (نیوتینیک، neo–tenique بولک)و جۆرج لا باسادو رونیە لورو لە توێی دەروونناسی کۆمەڵایەتی خرایەوە روو، بەڵام دووبارە پارادۆکسی ناکامڵبوونی چی سەر لە نوێ سەرهەڵدایەوە؟ منالیو هەرزەکاری دەبنە نموونە گەل؟ گەر قایل بین بە وەی کامڵی (فامکردنەوە– ژیری) ئەفسانەیەکی رووتە، بەڵام کامڵیەتی بێکاردانەوە (مردن) خۆی لە سەریا دەنوێنێت و وێنای ناکامڵیەکی دوولایەنە دەکات: لە بوونی، بوونێکی بێکۆتا و بێسنوور و ئایندەی بێسنوور و ئەرکی رەها کۆتایی لەناوبەر مەسەلەیەکی فەلسەفی دێرین سەرهەڵئەداتەوە: بەڵێ. ئەگەر لێرە ماینەوەو نەخێر ئەگەر لە رێگەی دوورکەوتنەوە لە زیندووکردنەوەی ئایدۆلۆجیا مانایەکی دیمان دۆزییەوە.

### 19·کەڵەکە بوون و مێژووگەری:

ئایا دەتوانرێت مێژوو بەو زانستگەراییە بەرفراوانە کەڵەکە بووە ببەسترێت کە بەسەردەمی نوێ کۆتایی دێت؟ ئایا دەتوانین بەرەو پێشەوە بچین تاکو رادەی پێناسەکردنی مێژووگەری بەم سەیرورەیە؟ بە دڵنیاییەوە.

ئەم مەسەلەیە لەملاولادا سەرهەڵدەداتْ، ئەگەرچی هیچ کەسێک سیفەتی مێتۆدییانەی پێنابەخشێتْ. دەتوانێک پەیوەندی هەندێک لە مارکسیەکان بەخۆیەوە گرێ بداتْ و پەیوەندی خۆیشی بە مارکسەوە رابگەیەنێتْ. بەشی هەرەزۆری مێژووگەری کێبی (سەرمایە) تایبەتە بە واتای وورد و دیاریکراوی کەڵەکەبوونی بەرایی و دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەم بەشەو بەرەو پێگەو پلەی تیۆری گشتی بەرزی بکەینەوە لەگەڵا بەهەند وەرگرتنی رۆڵی دەوڵەتْ لە کردارەکە وەک رۆڵێکی رەنگاوڕەنگ بە گوێرەی وڵاتْ و بە شێوەیەکی زۆر زۆر بایەخدارتر لەبەرچاوگرتنی مەسەلە کەڵەکە بووە سۆشیالیستیەکان ئەنجام بدرێتْ و ئەم کارەش نەک تەنها بە رواڵەتْ، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرجەستەکراو مێژووگەری دەگێڕێتەوە. کرداری کەڵەکەبوون دەبێتە ئەو تەوەرەی مەعریفەی تایبەتمەندیە نەتەوەیی و ناوخۆییەکان و شێوە جۆراوجۆرەکانی ئەم کردارە لە، دەوروبەری (زانستی دانیشتوان، کلتورو شارشتانیەتی مادی، شمەک، بەرهەمەکانو رێکخستنی بەرهەمهێنانو گۆڕانکارییەکانی بازاڕو هتد خۆی رێکدەخاتْ. ژمارەیەکی زۆر لەدیاردە ئابووری و ئایدۆلۆجی و رامیاری و کۆمەڵایەتییەکان بە دەوروبـەری ئەم تـەوەرە مەڵبەندییە گرێ دەدرێـن. ئایا بەر لە مێژوو دەتوانرێ بە شێوەیەکی روون وێنا بکرێتْ؟ زۆربەی کۆمەڵگەکان رێچکەی کەڵەکە بوونیان گرتەبەرو وورییایی خۆیان نواند بەرامبەر بە دەوڵەمەندی خاوەن بەرژەوەندییەکان لە رێگەی ناچارکردنیان بەخەرجکردنی ماڵەکانیان بۆ ستایشکردنی کارە داهێنەرانەکانو دامودەزگاو خۆپیشاندانە کاتیو بۆنەو جەژنەکان.

ئەو کۆمەڵگانەی کە بە (بەرایییەکان) ناوزەدکرابوون بە شێوەیەکی بێ ئاگایانە ناڕەزامەند بوون لە کەڵەکە بوونی ساتەکانی جەژنو جەنگو

بەفیڕۆدان. ماوەتەوە لەوە بگەین کە چۆن ئەورووپای رۆژئاوا کۆتایی بۆ ئەم کارە قەدەغەکراوە هەزار ساڵیە دانا؟ لە وانە بە دەستێپکردنی لە کەڵەکە بوونی مەعریفەو تەکنیککارییەکانی نێو شاری ئەگریکی و شارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست؟ یاخود بەگیانێکی ئابوورییانەی فرە کۆنو کاری ئاگاییانەو هەروەها نا ئاگاییانە؟ یان بەکاری کلتووری؟ پێویستە هەموو گریمانەکان وێنا بکرێت یاخود کۆمەڵێک گریمانەی دی پێشنیار بکرێت. مارکسیە فەرمیەکان بە رێبازێکی ئەزموونگەرییانە گەشەی هێزی بەرهەمهێنان لە بری سەنگی پێشکەوتن و عەقڵگەرایی دەگرنەبەر تەنانەت گەر نەشگەنە کۆتایی ئەو مەسەلەیەی کەسیفەتی فەرمی مارکس وەردەگرێت لە ئاوێتەکردنی کەڵەکەبوون و مێژوو.

لە سۆنگەی هەنگاونان بەرەو کۆتای ئەم مەسەلەیە کرداری درووستکردنەوە (تصنیع) بە ئاوەژووکردنەوە و ئاوەژووکارییەکانی دووچاری رەوشێکی مێژوویی دەبێت لە:

روانینە هاودژەکان بۆ ئازادی و فراوانخوازی و دەوڵەمەندبوون و چێژ بینی لەگەڵ ماکە بەراییەکانی زەمەنی سەرمایەداری بازرگانی وەک: چەتەگەریو گەڕان بە دوای زێڕو شانبەشان ئەنجامەکانی لە ئیمپریالیمیدا. ئایا ئەم کردارە بەردەوام نابێتە هۆکارێکی وروژێنەری مێژوو و داهێنەری ئەو رووداوانەی کە ئاسەوار گەلێک بە جێدەهێڵن؟ ئایا ناپلیۆن پیاوی خەباتکەر تاکوو مردن دژ بە ئینگلستانی (بەربەستی کیشوەر) نەبوو بە ئەندازەی ئەوەی کە پاڵەوانی خەبات تاکوو مردن دژ بە دەرەبەگ بێت؟ بەڵێ، بەڵام ئایا شۆڕشەکان دەکەونە سەر ئەستۆی ئەو کاولکارییەی کە دروستکردنەوە نوێی کردەوە؟ ئایا پێداگری لە سەر کەڵەکە بوونی سامانەکان بکەین یان کەڵەکە بوونی زانیارییەکان؟ ئایا ناگەینە خاڵی سەر زەنشتکردنی واقیع و بارودۆخی

هەنووکەیی وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان؟ گریمانەکە هەرگیز بێگەردو بێ بایەخ نەبوو ئایا ناچێتە بۆتەی ئیستراتیجیەتێک کە رەنگ و سیفەتێکی زانستی لەخۆ گرتبێ؟ چی ستراتیجیەتێک؟ وەڵامدانەوەی ئاسانە.

مەسەلەی گەشەی دەستنیشانەکراو کە دەڵێ بەرهەم و بەرهەمداری دەتوانرێت و پێویستە لە سەریان بەبێ دەستنیشانکردن گەشە بکەن. ئەم مەسەلە بە رواڵەت زانستیە مەسەلەیەکی ئایدۆلۆجیە و هەروەک لەسەر هەمان شێوازی لیبراڵی هەردوو سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم دەڕوات. لە خزمەتی کێدایە؟ وڵاتە هەرە درووستکەرەکان خزمەتی ستراتیجیەکانیان دەکەن. وڵاتە بێهێزەکان و کەمتر پێشکەوتووەکان لە خولگەکانیان دەمێننەوە و هەمان ئەو ئامانجانەیان بۆ پێشنیار دەکەن کە لە گەیشتنیان رێگری دەکرێن. مەسەلەکە فریوبەرە بە ئەندازەی ئەوەی کە لەمیان دیاریکردنی گەشە و پێداویستیەکان و ئامانجە ئابوورییەکان گوومانی کەمتر لەهاودژییەکەی ناکرێ بۆیە پێشوەخت دەبێ بەدوای رێگەی لیدوورکەوتنەوە بگەڕێین.

**20.وەهمی مێژوویی:**

مارکسییەکان لە وەهمدا ژیان و خۆراکیان پێدەبەخشی. ئەوان لە بیریان چوو یاخود بێدەنگبوون بەرامبەر لاسەنگی و نەبوونی بڕوای تەواو سەبارەت بە تێڕوانینی مارکسی بۆ مێژوو. لە دەوروبەری 1844–1845 مارکس مێژووگەری تێکەڵا بەرهەم دەکات بە واتا گشتی و فەلسەفیە ماوەکەی هیگڵا کە بریتیە لە بەرهەمهێنان بۆ خوودی خۆی و داهێنانی تایبەتی خۆی کە مارکسی لە دەسەڵاتی خاوەندارێتی و خواوەندێتی بیرۆکە رزگاری کرد. لەم ریزبەندەوە مادییەتی مێژوویی واتایەکی درەوشەدار و ناوردکار دەگرێتەخۆ و پاشان مارکس ڕاڕادەبێت و مافە تایبەتیەکانی مێژووگەری دەکێشێتەوە.

رستە و دەستەواژەگەلێکی سەرنجڕاکێش دەسپێدەکات بە: (مێژوو لەوە زیاتر) و لە کارلێککەری مرۆڤی بەدواداچووی مەبەستەکانی زیاتر چیدی نییە. مرۆڤ بریتیە لە (کۆمەڵا، الحشد) لە مێژوو و بە مێژوو لەسەر شانۆی مێژوو کۆمەڵە کەسەکان تێکەڵا یەکدی دەبن و کاردەکەن. مێژوو هیچ شتێک درووست ناکات. ئەو زیاتر ئەو مرۆڤی زیندوو واقیعیەیە کە کار دەکات و تێدەکۆشی (بڕوانە کتێبی خێزانی پیرۆز)، بەڵام لە روانگەی کتێبی ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی- مێژوو بە تەنها بریتیە لە دوا بەدوا یەکهاتنی نەوەکان و دەبوو پابەندییەکی تەواوی بە مادییەتی مێژوویی هەبوایە، هەروەها لاسەنگە لەنێوان گشتگیرە پووچەکان و بەراوردکردن (نزیککردنەوەی ئەم و ئەو لە کۆمەڵگەکان یاخود سیستمە رامیارییەکان)، یاخود ئەوان ئەوە رادەگەیەنن کە لەمیانی سەیرورەوە شتی نوێ دەردەکەوێت و لە سۆنگەی ئەم تازەگەرییانەوە تواناو بەهرە مرۆییەکان پەییان پێدەبرێت و ئەمەش بەڵگەیەکی دوورە رۆنییە بە راستی. ئایا ئەمە نزیک نییە لەوەی کە هیگڵا وتوویەتی؟ لەم حاڵەتەدا माددییەتی مێژوویی لە هیگڵیزم جیاواز نابێت تەنها لەوەدا نەبێ کە ئەو ئاوەژووی دەکات و کۆتایی بووەکان رادەگەیەنێت، لە روانگەی هیگڵا مێژوو دەسەڵات بە دەوڵەت دەدات.

کاتێک کە پێداگری لەسەر کارو کرێکار و چینی کرێکار (نەک بە سیفەتی ئەوەی هێزێکی سالبە، بەڵکو وەک هێزێکی پۆزەتیڤی رامیاری و بەرهەمهێنان بە واتای وورد دەکات، ئەوسا بە بـەراورد لەگەڵا ئەم زانستە تایبەتمەندە بەدوای تاوتوێکردنی مێووە هەڵوەشاندنەوەی هێماکانی دەگەڕێن. لە بری دانان بە نەمانی بڕوایی رەهاو بەدواداچوونی بنیاتنانی تیۆرییەک بۆ مێژوو یان لە بارەی مێژوو زۆربەی مارکسییەکان کەوتنە نێو بڕوا پێبوونەوە ولاسەنگیەکانی مادییەتی مێژوویی لەناوچوو و لەرێگەی

تویێژاڵێکی فەلسەفی قەرەبوو و قایل کرا.

ماددییەتی دیالیکتیکی بە سیفەتی ئەوەی کە سیستمێکی فەلسەفی بوو یاساکانی سەیرورەی داڕشت لە ڕێگەی جێگیربوون لەسەر سەیرورە و لە نێو باڵابوون (التعالی)، (باڵابوونی دەزگای فەلسەفی و دەوڵەت) بێئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لۆجێک و گرفتەکانی (یەکانگیری گوتە)و بۆ پارادۆکسیزمی مێژوو. ئەو کارەی کە هەمووانی قایل دەکرد: خودی دەسەڵاتە سیاسی و دەزگاییەکان و فەیلەسوفەکان بوو و دەسەڵاتە متمانە دارەکانیان بە دوو جۆر پشتگیری لێدەکرا: وەهمی مێژوویی (ئەو مێژووی کە پشتگیری و پاڵپشتی پێدەبەخشین) و پشتگیری دەزگایی (ئەو دەسەڵاتە رامیارییەی کە وەک سەنگی راستی بوونیانئنرابوو).

## بەشی چوارەم

### ج

### 21·مێژووگەری:

ئـەم وشەیە شانبەشان ڕەنگەڵەییەکی کەمتر بەبیر گرامشی دەبەستریێنەوە، ئایا ووشەیە هەڵەیە؟ بەڵێ، چونکە مێژووگەری زۆری مێژوونوسەکان کورتبیننترن لە مێژووگەری کرامشی. تیۆری گرامشی خودی خۆی وەک تیۆرییەکی رامیاری ئاشکرا دەکات.

لە دەوروبەری ساڵی (1925) گرامشی بەدوای چارەسەرکردنی گرفتە رامیارییەکانی ئەوروپا دەگەڕا لە ڕێگەی گرنگیدان بە ئەزمونی سۆڤیەتی، بەڵام بێئەوەی ئەم نموونەیە بە شێوازێکی وروژاو و هەڵچوانە بگرێتە بەر. با لایەنێک لە مەرجەکانی ئیتاڵیا و ئەو گرفتە مێژووییە تایبەتییانەی ئیتاڵیا بخەینەلاوە کە لە روانگەی پێوانەکانی گرامشیەوە (بە شێوەیەکی تایبەت لە میانی پەیوەندییەکی باکووری نیمچە دوورگەکە بە باشوورەکەیەوە).

سەبارەت بە گرامشی ئەزمونی ئیتاڵیا بەرامبەر بە گرنگی و گەورەیی مێژوویی ئەزموونی سۆڤیەتی کارێکی شاراوە نەبوو و وایدەڕوانی کە کاری سیاسی و ستراتیژیەتی سیاسی ناتوانێت ئاڵۆزییەکانی هەموو کۆمەڵێک و ئایدۆلۆجیا و پەیوەندی چینەکان بە یەکترییەوە (شانبەشان لایەنە ئایدۆلۆجیەکانی) و میراتەکانی (بە میراتی ئاینیشەوە) و شتی

تر فەرامۆش بکاتْ. گرامشی هەوڵی بۆ پێشبینی کردن و ئامادەکردنی مەجەکان دەداتْ کە چینی کرێکار دەتوانێتْ دەسەڵاتی خۆی بە سەریاندا پیادە بکاتْ. بەم دەستەواژەیە دەتوانێتْ دەسەڵاتی خۆی بە سەریاندا پیادە بکاتْ.

بەم دەستەواژەیە بیرمەندی مارکسی ئاماژە بۆ بەرجەستەکردنێکی سەیری دیکتاتۆریەتی برۆلیتاریا دەکاتْ و توانای دەسەڵاتی چینێک بۆ راکێشانی چینەکانی دی و بەشێک لە چینەکان لە پێناو بونیادنانی کۆمەڵێک بە هەموو خەسڵەتە لەخۆگرتووەکانی وەک: کلتوور، گوزاتنەوەی مەعریفە، پەروەردە، قوتابخانە و زانکۆ، هونەر و داهێنانە هونەرییەکانی و ئاکار لە پێناو پیادەکردنی دەسەڵاتی چینی کرێکار دەبێتْ مەرجی پێویستْ لە ئارادا بێتْ گەرچی کەموکوڕیشی هەبێتْ: پارتی تەیارکراو بە تیۆری و بەردەوام سەرقاڵی بە گەڕان بەدوای ئاستی عەقڵی. بە کورتی گرامشی بۆ پەیبردن لێکۆڵینەوەی ئەنجام دەدا، یاخود پتر لە پێناو داهێنانی خودی مێژوویی و رامیاری: بیرمەندی بەکۆمەڵ و (ئێمە)ی رێکخەری گرووپە کۆمەڵایەتیەکانی دی لەرێگەی رزگارکردنیان لە ئاسۆ سنووردارەکانی بۆرژازییەتْ. خوودی مێژوویی لە راوانگەی گرامشی دەوڵەتْ نەبوو و هەروەها چیتر میر نەبوو. لەمەسەلەی پێکهاتەی قەبارەی مێژوویی دەکۆڵایەوە واتە سیستمی ئەو رێککەوتنە رامیاریانەی کە لە دەوروبەری پرۆلیتاریا دەسوڕێنەوە و قەبارەی مێژوویی بە واتای وورد هی ئەم دوو ووشەیە: بەستنی رێککەوتننامەی بەهێز و دامەزراو لەسەر بنەمای مێژوو، واتا سەر بە چینەکان و بونیادی چینەکانی کۆمەڵ.

1. دەتوانرێتْ گرامشی بەخودگەرا تۆمەتبار بکرێتْ، لە روانگەیەوە ئایدیۆلۆجیا لە مەعریفە جیاناکرێتەوە و هـەردووک لەنێو فەلسەفە

و فەلسەفەگەرایی مێژووکراودا یەکدەگرێت، هەر بیرێک لە ئامرازی بیرمەندێکی بە کۆمەڵ بەولا جیدی نییە و برینیە لە سات و نیوەنگیری خودی مێژوویی و رامیاری.

2.لەگەڵ ئەمەش ئەم تۆمەتبارکردنە رەوا نییە، چونکە لەوەدا پەی بە هەوڵێکی سەرنجڕاکێش و نائومێد دەبرێت لە وێناکردنی رۆڵی دەسەڵاتدارانەی پارتی چینی کرێکار لە تویی مەرجەکانی ئەوروپای رۆژئاوا.

3.ئەو هەوڵە دەکەوێتە نێوان شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ستالینیەت و لەم بەرواره پڕۆتادارتر و واتادارتر دەبێت، واتاردارتر لە هەوڵی جۆرج لۆکاش کە هۆشیارییەکی چینایەتی رووت درووست دەکات و هەوڵەکە شکست دەهێنێت و ستالینیەت شکست و رسواکردنەکەی دەگرێتەخۆ.

کارەکە لایەنگری حوکمێک دەکات کە چەندین جار فۆرمەلە کراوە. ستالینیەت مێژوو دادەخات گەر داخستن لە ئارادا بێت و ئەو لەیەککاتدا مێژووییەتی و مێژووگەرایی کۆتایی پێدەهێنێت.

4.بە ئەندازەی ئەوەی کە ئەمرۆ دەتوانرێت رێککەوتنە سیاسیەکان وێنا بکرێت، مەسەلە پەیوەندی بە بەشەکانی چینەکانی (رۆشنبیر و خوێندکار و کرێکارانی کارگە نوێیەکان و لاوانی کرێکارو هند) هەیە. ئایا ئەمە هێشتا قەبارەی مێژووگەری پێکدەهێنێ؟ ئەو رێککەوتنامانە چۆن بەرێز بەندێک دیاریناکرێت؟ ئایا ئەمە لەراستیدا (خودی بەکۆمەڵ نییە)؟

**22· مێژوو و بزووتنەوەی دیالیکتیکی:**

با وادابنێین هێز گەلی واقیعی و ماددی و یاخود کۆمەڵایەتی- رامیاری لە بۆتەی پەیوەندییەکی دیاریکراو هەڵوێستێکدان و رووبەڕووی یەکدی دەبنەوە، ململانێ بە چەند قۆناغێکی شاراوە و ئەگەریی و پاشان و راگەیاندراو سەخت تێدەپەڕێت و لەوێوە دەگەینە رادەی خەباتکردن،

یەکێک لەو هێزانە دەباتەوە و یەکێکی دی شکست دەهێنێت و هەڵوێست دەگۆڕێت بۆ ڕوودانی شتێک یان شتێکی ڕوودراو یاخود ڕووداوگەلێکی دوا بەدوایەک و ئاکامەکانی دەردەکەوێت بۆ ئەوانەی بەشێکن لە مەسەلەکە.

ئایا ئەم جۆرە بزووتنەوە دیالیکتیکیە (ململانێیاویە) دەتوانێت بەبێ گفتوگۆ خۆی بە (مێژووگەری) وەسفبکات، گەر بزووتنەوەی دیالیکتیکی مێژوو و مێژووگەری هێنابێتە ئارا، ئەوا ڕێچکە پێچەوانەکەی (کە لە چەمکی مێژوو دەستپێدەکات و لە بزووتنەوەی دیالیکتیکی کۆتایی دێت)، نابێتە خاوەن هیچ بەڵگەیەک. ئەوەی ڕاستی بێت پێناسەی مێژووگەری بە بوونی تیۆری گشتی بزووتنەوەی دیالیکتیکی دانرا کە لە بنەڕەتدا تیۆرێکی فەلسەفیە (هێگڵ)، بەڵام لە فەلسەفەی مێتۆدی جیادەبێتەوە بۆ ئەوەی بە لۆجیکی گشتی خۆی گرێبدات، ئەم خستنەڕووەی هیگڵ سەبارەت بەم دۆزە و ڕاستکردنەوەی بە شێوەیەکی قووڵ لەلایەن ڕەخنەی مارکسیەوە بۆچی لای خۆمان نەپارێزێت؟ بۆچی مێژوو مێژووگەری پێناسە نەکەین بە دەسپێکردن لە لۆجێکی گشتی و لۆجیکی دیالیکتیکی و بەردەوامبوون لە تیۆری هاودژە دیالیکتیەکان؟ گریمانەیەکی هەڵخەڵەتێنەرە.

ئەستەنگەکانیش ئەمانەن:-

1) لە کاتی وەستاندنی ڕووبەڕووبوونەوەی کێ دەست بەشەڕەکە دەکاتەوە؟ کێ بەربەرەکانیەکە دەردەبڕێت و کێش وەڵامی دەداتەوە؟ لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە لە مێژوو ڕوون نەبۆتەوە. لەدوای سەرهەڵدانی ڕووداوەکـە چۆن پەیامی دروستکەرانی مێژوو، یاخود جێگرەکانیان بخوێنینەوە؟ پاشان بە شێوەیەکی تایبەت کێ سەرکەوتوو دەبێت و بۆچی؟ بە گوێرەی تێڕوانینی هیگل ئەو سەرکەوتووەی کە خەبات تا مردن پەسەند دەکـات، سەرکەتوو دەبێت بێ هیچ بەهەند وەرگرتنێکی چەندایەتی

(سامانەکان و پەیوەندی هێزە واقیعییەکان)، چونکە خەباتی تاکو مردنی پەسەند کرد. ئایا ئەمە راستە؟ لە روانگەی مارکس کاتێکە تاکو مردن پەسەند دەکات، بەڵام وا دێنە سەر مارکس کە گریمانەی هۆکار گەلێکی پۆزەتیڤانەتر بۆ کارو ئامرازگەل و مەبەسنگەلێکی دی بۆ چینی کرێکار بکات.

نیچە لە ئاکامدا بەدوای ئەو فەزیلەتە دەگەڕێت کە خزمەتی لایەنی سەرکەوتوو دەکات (بۆ نموونە فەزیلەتێک کە هەڵگری ئازارەکانی خەبات بێت)، بەڵام ئەو پرەنسیپ و بیروباوەڕانە چین کە پشتگیری لێدەکەن؟

2. کەوابوو پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی دیالیکتیکی و عەقڵگەرایی لەڕووی خەبات تاکو مردن تەمومژاوی دەمێنێتەوە. عەقڵگەرایی بزووتنەوەی دیالیکتیکی گریمان ئەوە دەکات کە هاودژییەکان رووبەڕووی ئاڵۆزی و پەنهانی دەبنەوە، (واتا بوونی گرفتێک یاخود چەند گرفتێکی بەیەکداچووی دیارینەکراو) و چارەسەر لەمیان خەباتەکە دەردەکەوێت لە نوێی ململانێکەوە دەردەچێت و ئەم چارەسەر کردنە بەردەوام سنوور پێدراوەکانی ململانێکە لە رێگەی چارەسەرکردنی گرفتەکە، یاخود کۆمەڵە گرفتەکەوە دەبەزێنێت؟ گەر مێژووگەری لەڕووی دیالیکتیکیەوە سنووری بۆ دانرابێت، ئەشێت رۆژێک وا روویدا کە بزووتنەوەی دیالیکتیکی ببێتە هەڵگری پرەنسیپە دیاریکراوەکانی مێژووگەری.

**23. ناوچەرگەی هیگڵیزم:**

سەبارەت بەو پرسیارە سادەیە: (مێژووگەری و مێژوو چییە؟ و کێ دروستیان دەکات؟ هیگڵ وەڵامێکی سادەی دایەوە، بەڵام دەمامکی کارێکی نەیان و وێنەی کارەساتاوی مێژوو خەبات تاکو مردن بەسەر روویدا دادەپۆشێت. لەو روانگەیەوە فەلسەفە خۆی مێژوو درووست دەکات (و دواجاریش فەیلەسوف). گومانی تیادا نییە فەیلەسووف بەشێوەیەکی

راستەوخۆ بەشداری ناکاتْ و بکەری راستەوخۆ (بکەر ئەرکی چالاک کردن دەگرێتە ئەستۆ) و ئەوسەریش نییە (نووسەر ئەو کەسەیە کە لەبارەی رووداوەکـان دەنووسێتْ)، بەڵام لەپشتیانەوە خۆی دەشارێتەوە. ئایا کردەوەی فەلسەفی لەگەڵ ئەوەی کار لە رووداوەکـان دەکاتْ جێبەجێ ناکرێتْ؟ یەکەمیان لەخۆگرە و دووەمیان تاوتوێ دەکاتْ.

گەر فەیلەسوف هەمیشە یەکەمینی قسەکەرەکاتْ نەبێ و هەندێ جار لەدوای شەڕەکان بگاتە جێ لەگەڵ ئەوەشی ئەو قسەکەرو دەربڕی دەسکەوتە و خەوشی هۆکارەکان دەردەخاتْ و ئەوی لە توانادایە ئاشکرای دەکـاتْ. هەر ئەویش سیما گەورەکانی ئەو واقیعەی کە بەم شێوەیە پێکهێنراوە دەخاتەڕوو، بەڵام ووردکارییەکانی جێبەجێکردن و وەهم و هەلسەکانی دی کەسانی دی پێی هەڵدەستن. هیگڵ کارە پرۆپووچ و ناشیرین و جیاکارییەکانی دەستنیشان نەکرد. هیگڵ رۆحی جیهان وا پێناسە دەکاتْ کە لە مرۆڤێکدا بەرجەستە دەبێتْ کە جلوبەرگی لە بەرەو خاوەن پێداویستی فیزیۆلۆجی و پێداویستیەکانی ترە و خاڵی لاوازیشی تیا بەدی دەکرێتْ.

رووی دوو لایەنەی رۆحی جیهان لە هیچ شتێکی قورساییەکانی مێژوو و دواکەوتنی تا ئەو شوێنەی کە رێنمایی دەکاتْ لاناداتْ. هەرچەندە پاڵەوانێک بەرامبەر خزمەتکارەکەی نەبێتْ ئەوا فەیلەسوف ناکەوێتە نێو هەڵەی دزێوەکانی مێژوو بەرێتْ و هەرچەندە پاڵەوانێک بەرامبەر خزمەتکارەکەی نەبێتْ ئەوا فەیلەسوف ناکەوێتە نێو هەڵەی دزێوی ئەوتۆ وەک ئەوەی چالاکی دەکاتْ و کایە دوورەکانی پێ دەبینێتْ.

ساویلکەیی فەلسەفیە! مارکس لە نوێی بەیانیامەکەیدا دەڵێتْ: مێژوو فەلسەفەی درووستکرد نەک پێوانەکەی. عەقڵی فەلسەفی کار دەکاتْ و

عەقڵی کردەکی روون دەکاتەوە (ئەو عەقڵەی کە پیادەکاری کۆمەڵایەتی و بە تایبەتی پیادەکاری پیشەسازی پێکدەهێنێت) و لەبناغەی ئەم عەقڵەدا بەرهەمهێنانی کارەکان و بەرهەمهێنانی (مرۆیی) و جیهانەکەی لە رێگەی کارکردنی پێوانە لەنێو کۆمەڵدا، واتا بەرتەسکەکەی بریتیە لە بەرهەمهێنانی بەروبوومەکانی بە یارمەتی تەکنیکارییەکان و زانستەکان. بەڵێ، بەڵام پرسیار سەبارەت کۆتایی بەخراوە روسی دەمێنێتەوە بەڵام ئاکامی ئەوەش ناگەتە چارەسەر. کۆتایی کێ و چی؟ کۆتایی فەلسەفە بەبێ مێژوو؟ یاخود بەدواداچوونی مێژوو بەبێ فەلسەفە؟ یان هەردووک پێکەوە یان بە هاودژی؟ دوای سەدەیەک پارادۆکسەکە بەم شێوەیە فۆرمەلە دەکرێت.

**24. مێژوونوسین:**

ئایا مێژوویی نووسراوە؟ با دان بەوەدا بنێین و بەدوای گریمانەی نووسراودا بچین؟ ئەوی شایستەی نووسینە و پارێزراوە لە پێناوی نووسینەوەیدا و ئەوەی کراوە بۆئەوەی بە نووسراوی بمێنێتەوە. بزووتنەوەیە. کاری گرنگ هەڵسوکەوتی کەسانی گرنگە، بەڵام قسە لە هەوادا پەرتوبڵاو دەبێتەوە و تەنها شتێکی تێپەڕیووە و پاشان وا قسە دەکەین خواستەکانمان بلێتەوە. کەوابوو پێویستە سەیری ئەوە بکرێت کە: نووسراو بریتیە لە تۆمارکردنی ئەوەی کە شایستەی تۆمارکردنە (ئەو کردەوانەی کە شایەتی تۆمارکردنی) نوسراو و تۆمارکراو و دەسەڵات هاوشان یەکدی دەڕۆن. پێویستە لایەنی هەڵخەلەتێنەری نووسراومان بەیاد نەچێت، هەروەها ماقووڵیە وەهمیەکەی و راشکاویە شێوێنراوەکەی و سیحری دەربڕینەکەیشی کە لە ڕێگەی نووسینەوە ئەنجام دەدرێت. هەر لەسۆنگەی نووسینەوە خوێنەر رابردوو لە شێوەی تابلۆیەکی تەواوکراو شانبەشانی کراتێکراوییەکی تەنز ئامێز دەبینێت، بەڵام

هاوکات پەرۆشی درووستکردنەوەی دەبێت. دواتریش مێژوو مێژووەری بە سیفەتی دوو سیستمی گومانلێکراو و وەهمە مێژووییەکانی نووسین تەنها لە ڕێگەی شافافیەتی وەهمی ناڕۆک بەڕێوە، بەڵکو بە گوێرەی دووبارەبوونەوەش (دووبارەبوونەوەی زەمەن و دووبارەبوونەوەی گەڕانەوە لە پێشەوە بەرەودوا) ئەنجام دەدرێن.

بە کورتیەکەی کامڵبوونی ئەو لە ڕێگەی خۆحەشاردان لەبەشی دواوەو نێوجەرگەی بەڵگەنامەدا دەستەبەر ئەکرێت. بڕوانامەی مێژوویی ناوبراو و بەمجۆرە سیفەتە بینراوە (لە ڕێگەی وەهم پتر لە فریودان) بکوژی زەمەنە. ئەو ئایدۆلۆجییایەی کە دەسەڵاتی یاسا و هێزی خۆ لەمیان نووسینەوە وەردەگرێت و بۆ خۆڕاگری و یەکانگیری پەنا دەباتە بەر دووبارەبوونەوەی ئەوا لە توێی مێژوو و بەهۆیەوە دادەمەزرێت.

**25· دەنووسێت و درووست دەکات:**

لەوانەیە مێژوونوسی پیشەکار پێی وابێت لە بۆتەی مێژووی دامەزراو بە نووسینەکەی مێژوو کاتێکە هەڵیدەبژێری و رووناکی دەخاتەسەر و پیشەکارەکان رەزامەندیان لە بـارەوە دەردەبـڕن، بەڵام بەگوێرەی چی پیودانگێک؟ بە گوێرەی ئەو پێودانگە میتۆدی و زانستییانەی کە دایانڕژتووە نووسەری ژیاننامە پاڵەوان درووست دەکات، یاخود دەیڕوخێنێت. تۆمارکەری رووداو درووست دەکات، یاخود لەناوی دەبات. کاری مێژوویی لە تۆمارکراو نووسراو لەلایەن مێژوونوسەوە پەی پێدەبرێت.

دابەشکردنی کاری زەینی دیاری کراو نووسین لەسەر نووسین. ئایا ئەمە نموونەیەکی جوانی ئەم دەسەڵاتی نووسینە و ئەو دەسەڵات نییە کە وا تێبینی دەکەین جارێک بە هۆیەوە پیرۆزبایی لەخۆمان دەکەین و جارێک

بە پارێزییەوە حوکمی لەسەر دەدەین و بە دەگمەنیش بۆ هەنگاونان تاکو کۆتایی حوکم بەسەر رەخنە ریشەییەکەی دەدەین؟ گومانی تیادا نییە مێژوو (زانستی مێژوو) سەیرکراو بە سیفەتی پیشەیەکی رێکخراو و دەمەزراو لەسەر گۆڕەپانێکی پەرژینکراو (بە بەربەست تەڵەزگە) درووست دەکرێت. کەوابوو زانست دەیەوێت دەستبەرداری فەلسەفە بێت، بەڵام خاڵی لاواز لێرەدا بەدیدەکرێت. ئەو کەلێنەی (کە هیچ قوفڵێک ناتوانێت بە رەوانی داینێت) لە شوورەکەدا کراوەتەوە. لە رێگەی کرداری ئاوەژوو کردنەوەیەکی سەیر کۆمەڵێک مێژوونوسی لە رێگەی دانان بە زانستەکانیان فەلسەفەی (توینبی و شبنگلەر و هتد) جیادەکەنەوە، واتە ئایدۆلۆجیایەک جیادەکەنەوە کە دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی مشتومڕی نوێ لای مێژوونوسان، چونکە فەیلەسوفان ئەو فەلسەفەیە کەمێک لاواز دەبینن و خودی خۆپیشیان لە مێژووی فەلسەفەدا بە ئاستەنگی بەریەکدی دەکەون و وابەستەی دەبن و تیادا بەرجەستە دەبن لەژێر کاریگەری هیگڵ، بەڵام چیتر دەرک بەبوونی پەیوەندی نێوان مێژووی فەلسەفە و فەلسەفەی مێژوو ناکەن.

بەمجۆرە توانای خودی مێژوو سنووردار دەبێت. ئەو دەخوازێت سیحراوی بێت، بەڵام سیحر زیاتر پابەندی قسەکردنە و نووسراویش سیحر دەکوژێت (بۆ ئەوەی لە جیاتی ستەمکاری شت درووست بکات)، بەمجۆرە کار لەمیان نووسین دەبێتە کار لە میانەی کارو قسە و دوا بەدوای یەک و بێکۆتا بەردەوام دەبێت.

**26. گەورە پیاوان**

گەورە پیاوان بەهۆی درووستکردنیان بۆ مێژوو و هەندێکجار بەهۆی نووسینەوەی و داهێنان بە شێوازی تایبەتی خۆیان (هەرکەسە و

خاوەن شێوازی فرە تایبەتی خۆیەتی) زەنگی مێژوویان لێدا ئەمە بوو بڕوای هێگڵ و ئەم ووتەیەشی سەبارەت نابلیۆن دەربڕی کاتێکە لە سیانزەی تشرینی یەکەمی (1806) ئاماژەی بۆ کرد. لە ڕێگەی ووشەگەلێکی ئیچەییانە دەتوانرێت مێژوو داڕووخانی خۆی بەهۆی گەورە پیاوانی مێژووەوە دەستەبەر دەکات (تەنانەت گەر مێژوونوسە گەورەکانیش خۆیان گێل بکەن لەمەڕ ئەم کرداری لەناوبردنە) گەورەترین ئەوانە کێیە؟

ستالین لەگەڵ ئەوەشی گەر کەسێکی نـەوەی دواتـر بفەرموێ بەنووسینی مێژووی داڕووخانی خوودی مێژوو ئەوا هیتلەر و مۆسۆلینی پتر لە چەرچڵ و جەنەڕاڵ دیگۆل لەم کارە بە دوور ناگرێت. ئەم لیستەناوە بەس نییە و گریمانەی ئەوە ناکات کە خودی کارگە مێژووییەکان بریتیە لە گەورە پیاوانی مێژوو و خاوەن بەهرەی جیاواز و چالاکی جوداو ئەوانەی کە شارەزایی سەرکەوتن و شکستە جیاوازەکان بوومە مێژووگەرییان بەدەستهێنا، ستالین نسکۆی مێژوویی شۆڕشی خستەگەڕ لەگەڵ هاتنی جەنگی جیهانی دووەم و ماوەی دوای ئەو.

کارێکی گەورەیی بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێهێشت: ئەو روسیایەی بۆ جێهێشت کە مێژووییانە بیر لە خودی بڕوانێت کاتێکە (جگە لە چەند رۆشنبیرێک) هۆشیارییەکی دزێەی بە ئەنقەست داڕێژراوی متمانەدار یاخود زیادەڕۆ لە متمانەدارییەکەی بڵاودەبێنەوە کە بە دەستەواژەیەکی مارکسی فۆرمەلەکراوە و رقی لە هەموو راستگۆیی و حەقیقەتێک دەبێتەوە و ویستی ئەو ئیرادەی هێزەی پێوە مۆرکراوە کە نیچەی نەفرەتلێکراو دیاریکردووە.

لێکدژییەکی گەورەیە: هیچ لەم مێژوو شوێنەرانەی کە مێژوویان رووخاند، مێژووش بەوان رووخا خاوەنی هیچ زانیارییەک نەبوون لەمەڕ مێژوو. هەر هەموویان بڕوایان بە بەخت بە پیتۆڵی و نەمری پەیام و

بیرو نەمری نیشتمانەکەیان هەبوو. ئەوان وەک کەسانی سۆفی و سۆزدار و نیشتمانپەروەر تا دوایین رادە سەیری مێژوویان دەکرد، ئایا ئەوانە ئایدۆلۆجیت بوون؟ تەنانەت ئەوەشی نەبوون. ئەوان کۆمەڵێک ئەزمونکاری میکانیلی بوون کە هەواداری پێشڕەوی دەکردن. بۆیە مێژوویان لە کاتی درووستکردنیا بەدۆرخستنەوە و پارچە پاشماوەکەیان جێهێشت و ئێمە لێشیان لەسەر پاشماوە رووخاوەکەی بەجێهێشت.

زانایانی کۆمەڵناسی بۆ ئاماژەکردن بەم پیاوانەی دەوڵەت ناوێکیان دۆزییەوە و بە پیاوانی کاریزما وەسفیانی کردن و جوانی دەربڕینی پەیوەندیداری ئەم ناوە کەموکوڕی راڤەکاری حەشار دەدات. مرۆڤی وەسفکراو بە کاریزما دەزانێ چۆن دەوڵەت لە خودیا ئاوێتە بکات لە رێگەی شاردنەوەی خودی خۆی لەنێو دەوڵەتدا و هەروەها ئەوەشی دەزانێت کە چۆن مێژوو بەکاردەهێنێت لە رێگەی بەرپەرچدانەوەی، واتا لە رێگەی پاڵنان رووەو لەناوچوونی .

**27. مێژوو و زانستی کۆمەڵناسی:**

پلە یەکەمی مێژوو و سەرداریەکەی کە مارکس لەدوای هێگڵ هەوڵی ئاشکراکردنی دەدات توانای مانەوەی بەردەوامی نامێنێت. ئەوسا دەگرزترێ زانستەکانی واقعی مرۆیی یاخود کۆمەڵایەتی سەرئاو کەوت و خۆی دۆزییەوەو بوارو شێوازو بابەتەکانی دیاریکرد. لەراستیدا سەرداریەتی مێژووی رەها لە هیگڵەوە تاکوو مارکس لەگێڕانەوەیەکی یاسایی بواری مەعریفە بەولاوە چیدی نییە. مێژووی هیگڵی دەسەڵاتی لەگەڵ لۆجیک و زانستی سروشت و خێزانی پیرۆز یاخود سیانەی پیرۆزی فەلسەفەی رەها دابەش کردو پاشان لای مارکس ململانێ لەنێوان مێژوو بەسیفەتی رێنمایی کەرو ئابوری رامیاری وەک زانست

و رامیاری وەک ستراتیجیەک هەبوو و زانستەکانی دی لەپێناو ئەم ململانێیە پێشکەوتنی خۆیان بەدەستهێنا.

گەر بە ووردی لە زانستی کۆمەڵناسی بڕوانین دەبینین شانبەشان مێژوو پێگەی و شوێنی خۆی دەگرێت و لە دەوروبەری هەمان سەردەم وەک رەخنەیەکی چەپڕەو لەدایکبوو لەو کۆمەڵەی کە لەناوجەرگەی مێژووەوە سەریهەڵدا، (بڕوانە فۆرێ و سان سیمۆن). سەرەڕای ئەوەش ئەم زانستەی کە خوازیار بوو ببێتە زانستێکی بەشی بڕیاردراو، هەرگیز نەیتوانی بەراستی رەوشی تیۆری و کۆمەڵایەتی خۆی دەربخات و جیابوونەوە لە مێژوو پاڵی بە زانای کۆمەڵناسی دەڵێت وێناکردنی ئەو مێژووە قبووڵ بکات کە زانستی کۆمەڵناسی رەتدەکردەوە. نە زانستی کۆمەڵناسی و نەش مێژوو رەوشی ئەپستمۆلۆجییان دەستەبەر کرد.

زانستی کۆمەڵناسی دەیتوانی بێتەچی لە زانستی رەتکراو و رەتکەرەوە بەولا، واتا ئەو زەمینەیەی کە هەموو هاودژییەکانی کۆمەڵ و ئاکامیش رەوشی کۆتایی خۆی خۆی تیا دەردەبڕێت و ئاشکرا دەکات؟ پەیوەندی دیالیکتیکی نێوان مێژوو و زانستی کۆمەڵناسی -جۆرج گۆرفیتش) ناتوانێ پێکبێت چونکە بزووتنەوەی دیالیکتیکی ئەوەندەی یەکگرتنی تیا بێت ئەوەندەشی ململانێ دەگرێتەخۆ. تەنها ئاسۆیەک دەمێنێت ئەویش تێهەڵکێشانی زانستی کۆمەڵناسیە بۆ نێو مێژوو و بە مێژووکردنی کۆمەڵناسیە. گەر کۆتاییەک بۆ مێژوو، هەروەها بۆ ئەو زانستە کۆمەڵناسیەی کە چڕییەتی مێژوو و هەندێک زەمەنی دوور دەخاتەوە ئەوسا بە شێوەیەکی ساویلکە دەست بەسەر بابەتەکەیدا دەگرێت گەر رێگە بەم قسەیە بدرێت، بۆچی نا؟ ئەوسا دەبینە خاوەن زانستێکی کۆمەڵناسی مێژوویی و دەروونناسی و ئابووریی و هتد.. ئەم جۆرە رێککەوتنە کۆتایی بۆ ئیشکالیەتی مێژوو دادەنێت.

ئایا ئەمە بەپێی دیاریکردنی رەوشە ئیسپستمۆلۆجیەکەی مەبەستی (ئەو کارەیە کە هەلی وێناکردنێکی چاکتر بۆ رەوشی زانستە بەشییەکانی دی دەڕەخسێنێ)؟ نەخێر. ئەوە برینیە لە خستەڕووی گرفتی نێو رێکخراویچکی ئاوتوێ نەکار و جۆرە کانتیزمێکی نوێیە کە تیایدا ئاگایی لەمیان ووتەکانەوە دیاریدەکرێت و ئەو ئیشکالیەتەی تر تایبەت دەبێت بەشێک لە خودیدا-رەتدەکرێتەوە. مەعریفە و رەوشی تۆری بەدەسپێکردن لە کۆمەڵێک گووتەی فەلسەفی و زانستی (ماتماتیک، فیزیکی، مێژوویی و کۆمەڵایەتی و هتد) وێنا دەکراو ئەم کارەش جەختی لەسەر بارودۆخی هەنووکەیی (le statut quo) دەکرد کە برینی بوو لە دابەشکردنی کارو پاشان وەک دەزگایەک کەوتەگەڕ.

**28. رەخنەگرتن لەمێژوو:**

بیری رەخنەیی زیاتر دەکاتە سەر رەخنە لە خوێندنی مێژوو بەو سیفەتەی گووتەی پلە دووە و یەکەمیان هەڵدەستێت بە دەسنیشانکردنی ووتەی مێژوونوسەکان سەبارەت بە کاری مێژوویی ئێستاو یاخود نادیار. بێگومان کارێکی ئاستەنگ نییە ئەوە بخەینە روو کە ئەو مێژووەی لە خوێندنی سەرەتاییەوە تاکو زانکۆ فێر دەکرا لەسەر بنەمای گووتاری ئایدیۆلۆجی و زانستی پەندو هونەری گووتاربێژی دامەزرابوو بە درێژایی:

1.هێڵی مرۆڤانەی کلاسیکی، شانبەشان پاڵەوانەکانی و پەڵەوانانی سەردەمە خۆشەکان و ئەو سەردەمانەی کە بایەخیان کەمتر بوو دەڕۆیشت و مێژوونوسی وانەکانی شکت و سەردەمی داڕووخانەکانی دەسنیشان دەکرد.

2.ئاکاری مەدەنی ئاکاری چینە ناوەڕاستەکانی سەردەمی عەلمانیەت-لاهوت بوو کە لە سەرچاوەی نیشتمانپەروەری ریشەیی چەپ و ریشەیی

نەتەوەیی راستڕەوی فەڕەنسا هەڵقوڵابوو و مێژوونوس لە میانیەوە قۆناغەکانی لەدایکبوون و گەنجی پێگەیشتن و ژیری فەڕەنسا دەخاتەڕوو. کەوابوو جۆرێک لە بەردەوامی پلاندارێژراو بۆ بۆنەکان و هێڵێکی ئەندامیەتی زیادەڕۆیی شیاو (لە ڕێگەی تێپەروون بەسەر شێوازەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی و هەروەها بەسەر دابڕیکارییەکان)، دەخاتەڕوو.

3 .ئینسیکلۆپیدیایی، لە ڕێگەی بەستنەوەی بەشداری زانستەکانی دی بەدیمەنی پانۆڕامایی مێژوو. مێژوونوس لەلایەکەوە دەست بۆ سەردەمی گریک و رۆمانەکان دەبات (کە وەک میراث بۆ فەڕەنسا جێماون) و لەلایەکی ترەوە دەست بۆ جیهانی هاوچەرخ دەبات کە فەڕەنسا تیادا رۆڵێکی دیارو گەورە دەگێڕێت.

ئاشکرایە کە ئەم مەعریفە دەزگا ئامێزە ئەو مەعریفە تایبەتەی بە زەمەن (بە سەیرورە) لەخۆ ناگرێ کە نە بەروارەکان فریای دەکەون و نەشی تۆمارکردنی رووداوەکان و رۆمانەکان و بەردەوامی دەسنووسەکان و ئەندامیەتی زیادەڕۆ و زەمەنە جیاکراوەکان بە دابڕینگەلێکی رەها. ئەم تێبینیانە جەخت لەسەر رووی ئایدیۆلۆجیانەی ووتەی مێژوویی دەکەن، بەڵام کێشەی سەرەکی: (مێژوو و مێژووگەری چیە؟) چارەسەر ناکەن و بیروباوەڕی میتۆدیانە بۆ دیاریکردنی بیری مێژوویی لەخۆ ناگرن. پەروەردەیەکی رەتکراوی لەم جۆرە بێگومان لە ئەنجامی ناتەواوی ئەو پەروەردەیە کە لە رابردوودا وێنا دەکراو یاخود خەون بوو بە دەسپێکردن لە مەعریفەی گەورەی رێڕەوی هێنایە کایەی (مایۆتیک)ی ئاوێنە بوو لەگەڵ مێژوو. وهیچ رەخنەیەکی بەشی نییە باس لەم ناتەواویە بکات.

## 29. مێژوو وەک گرفتێک:

کێ مەسەلەی نوێی، مێژوو و مێژووگەری بە شێوەیەکی بەڵگەدارو کردەی خستەڕوو؟ شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەبوو لەمیان تێڕوانینە مارکسی و لینینیەکانەوە بە شێوەیەکی تیۆری و کردەی ئەو مێژووگەرییە بهێنێتەدی کە مارکس پێناسەی کردبوو. بەڵام شۆڕشی (1917) بە تەواوی ئەم وێناکردنەی بە دۆرخستنەوە و جیهانی سەرمایەداری هەژاند، بەڵام نەیڕوخاند.

بۆچی ئەڵمانیای نەگرتەوە کە وڵاتێکی فرەپیشەساز و چینی کرێکاری بەهێزتر و خاوەن رێکخراوێکی باشی پێشڕەوە شۆڕشگێڕەکان بوو کەچی لە وڵاتێکی کەمتر پیشەساز و پێشەکەوتوو سەریهەڵدا؟ بۆ وەش شۆڕشی (1917) ئەنجامگەلێکی روون و ئاشکرای لێکەوتەوە وەک: ستالینیزم و سەقامگیرکردنی دەوڵـەت و پێکهێنانی رامیاری رەها کە رووداوێکی سەردەمی ستراتیجی بوو و بێئەوەی ئەو دەروازە فیکرییە لەبیر بکەین کە وابەستەیی خۆی بۆ مارکس رادەگەیەنێت و ئاراستە و خواستی فەلسەفەی بەربڵاو شانبەشان زایـادەڕەوی زانستی و تەکنیکی و ئابوری و فشاری توندتر و کاڵفامتری ووردکار لە پێناو شاردنەوەی بەکارهێنانی مارکسیەت و پێچەوانەکردنی ئەو کەسانە دەدات کە رەتی دەکەنەوە، یاخود ئەگەری ئەوەی هەیە کە رۆژێ لە رۆژان رەتی بکەنەوە و مرۆڤ بۆ یەکەمجار ویستی لە پێداویستیەوە بەرەو ئازادی قەڵمباز بدات و بۆ دووایین جار، بەڵام ئایا بەراستە بۆ دوایین جار بە ئاگاییەوە مێژووی خۆیان درووست بکەن. مێژووی خۆیان بەشێوەیەکی نابینایانە درووستکرد، چونکە کردەوەوە و رووداوەکان ئاکامی لەبەرچاو نەگیراو یان هەیە و سەرپێچی لە مەبەست بکەن.

مێژووی خۆیان بە شێوەیەکی نابینایانە دروست کرد، چونکە کردەوە و ڕووداوەکان ئاکامی لەبەرچاو نەگیراویان هەیە و سەرپێچی لە مەبەست و ئامانجەکان دەکەن. لە سۆنگەی ئەم شوپرلە داهێنانە بەرفراوانە نشووست هێنان (گەر بخوازین زیاتر دەسڕۆیشتوو بین و بڵێین نیمچە نشووستهێنان) واتایەکی گەورەو گران لەخۆ دەگرێ. کەوا بوو مێژوو لەم ڕۆژانەماندا چییە؟ جیهان دابەش دەکاتە سەر: سۆشیالیستی و سەرمایەداری نوێی جیهانی سێهەم و ستراتیجگەلێک ڕووبەرووی یەکتر دەوەستن.

پێویستە لەسەر مێژووی جیهانی جیهان درووست بکات و ئەم جیهانە بە شێوەیەکی جیهانی دەرناکەوێت تەنها لە ڕێگەی دابەشبوون و ڕووبەڕووبوونەوە نەبێت. چینی گشتگیر (گە لە ڕوانگەی مارکس پرۆلیتارییە) ناتوانرێت بە شێوەیەکی جیهانی یەکخرێت. کەوابوو ئەو جیهانێتی- العالمیە- درووست ناکات. ئایا ئەم جیهانێتیە دژ بە مێژوو ناهینرێتە دی (ئەم ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو بەبێ مێژووەکان دێنەدی، بەڵکو بەبێ یەکگرتن و عەقڵگەرایی مێژوویی دەبێت). ستراتیجیەتەکانی مێژووگەری لە ریشەوە دەردەهێنن و پەیوەندی نێوان ستراتیجیەت و مێژوو پەنهان دەمێنێ، بەڵام بێگومان مێژوودەکاتە پارادۆکس. گێڕانەوەی گەمە ستراتیجیەکان ئاستەنگن بەتایبەتی کاتێک کە هاوبەشەکان زیاتر لە دووان پێکدەهێنن. پێکهاتەی ڕواڵەتی و پشکی ئەوەی پێشبینی نەکراوە (بە سیفەتی بوونی بەو جۆرە دەکرێت مەزندە بکرێت)، گەلێک گەورەیە.

**30. کایە کوێرانەکانی مێژوو:**

ئێمە قسە لەسەر ئـەو لایەنە پەنهان و تاریکانە ناکەین کە مێژوونووسەکان بەجێی دەهێڵن یاخود گرنگی پێدەدەن و مێژوو لەدەرەوەی ئەم هۆڵانەدا بەری چاوی دەگرێ و تاکوو ئێستاش بەری چاو دەگرێت. ئەو یان بەجۆرێک تیشک دەخاتە سەر ڕووداوێک کە سیحراوییەتی بەچاو

ببەخشێت یاحود رووداوەکـە دەشارێتەوەو وونی دەکـات. بۆ نموونە چوختەیەک لەراڤە کردنێکی گەشەسەندوو یان لەراڤەیەکی ئاراستەداری ئەندامیانەی وەرگیراو لەفەلسەفە (یان لەزانستەکانی دی کە خوودی ئەویش لەسەرچاوەی ئاراستەی فەلسەفی و لەوانەش بایۆلۆجی هەڵگوزیووە) وەردەگرێ بۆ ئەوەی بەئابوورییەوە بەند کرێ و بانگەشەی گرنگی دیاردەو هۆکارەکانی ئابووری بدات. ئەمە دۆزێکە بەشێوەیەکی هەڵەخرایە ژێر چاودێری مارکسەوە، چونکە ئابورییەتی (الاقتصادویە) ناتوانرێت دیاریبکرێت، تەنها لە رێگەی وەسفکردنی ئەو چاوپیاخشاندنەی کە دووچاری لاوازی بووە و برێتیە لە دەربڕینێکی یەک لایەنەی مادییەتی مێژوویی و هەروەها ئادیۆلۆجیەتیچکی تەواوکارانەی ئاراستەیەکی فەلسەفی تووندڕەوە.

لە ئەنجامی ئەوانەدا مێژووی مێژوونوسەکان چەشنی جوگرافی ناسەکان پڕە لە زانیاری وورد سەبارەت بە درووستکردنی کارگە و گەشەسەندنی و سامانەکان و هەڵی وەگەڕخستنیان و هەروەها سەبارەت بازاڕی نەتەوەیی و جیهانی. هەمیشە بەبێ گەڕانەوە بۆ ماوەی کۆتایی ئەم کاروبارانە بیری مێژوونوسی مارکسی (دانییل گیران)ی خاوەن ئاراستەی گێرەشێوێنی دەبوو لە پێناو روونکردنەوەی سیاسەتی شۆڕشی فەڕەنسی ببەستزایەتەوە بە رەوشی ئابوری و بازاڕی جیهانی و شۆڕشی پیشەسازی ئینگلتەرە. لەمیانەی ئەم نووسینانە کە زۆربەی کەڕەت نووسینگەلی دانسقەبوون گرفتەکانی درووستکردنەوە بوونە مایەی گرنگیدانی مێژوونوسەکان.

کەوابوو کایەی کوێرانە دەکەوێتە کوێ لە کاتێکدا ئەو رەهەندەی کە ماوەیەکی درێژخایەن کە ماوەیەکی درێژخایەن لە سێبەردا پەراوێز کرابوو، ئێستا سیخنانە بە رۆشنایی؟ شار و شارەکان و پەیوەندی دیالیکتیکیانەی شارو گوندو شێوە جۆراوجۆرو هەڵگەڕانەوەکانی و ئەرکە شارستانییەکان و

شێوەکان و بوونیادی واقیعی شار ئەشێت ئەوانە کایەی کوێرانەی مێژووی ئەمڕۆمان بن. کوێرانەیە چونکە لە سێبەردان شانبەشان ترووسکاییەکی بێ سۆزانەی ئەملاو ئەولا و مێژووی نوێ لەگەڵ ئیشکالیەتە شارییەکاندا بە شێوەیەکی هاوتەریب هەنگاو دەنێت.

خستنەڕووی کۆمۆنەی (1871) لەبۆتەی یەکەمین شۆڕشی شارییانە نەبووە مایەی رەزامەندی مێژوونووسە تایبەتمەندەکان بە مارکسی و نامارکسیەکانەوە، بەڵام ئەوەی تایبەتە بە مێژووی دەزگاداریەوە (مۆسسی) دەگاتە ئاستی دەوڵەت و تیادا دەگیرسێتەوە و گەر مەسەلەکە پەیوەندی بە مێژووی دەزگاکان یاخود مێژوو وک سیفەتێکی دەزگایی دوو مەسەلەن هاوشان یەکدی دەڕۆن. ئەم مێژووەی کە تێروتەسەلکراوە بە ئایدیۆلۆجیای هۆشیارانە یاخود ناهۆشیارانە پێشنیاری پێودانگەل و نموونە گەلێک دەکات. ئەمەش وادەگەیەنێت کە پێویستمان بە شۆڕشێکی تیۆرییە بۆئەوەی رادەیەک بۆ کایە کوێرانەکانی روخێنەری مێژوویی واتا بتگەرایی (صنمیە) مێژووی وابەستە بە دەوڵەت دابنرێت.

### 31. مێژوو و هۆکارێتی:

مێژوو وەک هۆکار بریتیە لە پەیوەندییەکی عەقڵانی و مەعریفەی بابەتییانەی هۆکارە مێژووییەکان و زانستێکە بابەتەکەی بریتیە بە کۆمەڵە رووداو و بەسەرهاتێکی پێکەوە بەستراو بە گوێرەی یاسا گەلێک و بە چاکی کۆمەڵگەلێکی دیاریکراو پێکدەهێنێت و ئەمەش تەنها کاریکاتێرێکی مێژوویی دەردەخات: بۆ نموونە: فیزیای کۆمەڵایەتی وەک نموودێک دەگیرێتە بەر هەروەک هەڵوێستی زەمەنی سان سیمۆن لە فیزیای سەدەی هەژدەیەم. ئەم وێناکردنە نایاساییە کە پێی دەگوترێت بابەتگەرایی بواری دەدایە

مێژوونووس مێژوو بچنێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنی هێڵ و زنجیرەو هەڵاوێردە کردنی کۆمەڵ هۆکارەکان بە گوێرەی ئایدیۆلۆجیا و ئارەزووی خۆی و بە کورتیەکەی بە گوێرەی خوودی خۆی و لەوێشەوە ئەم بیرکردنەوە مێژووییە تایبەتەی هۆکارێتی کەوتە نێوان پۆزێتیفیزم و خودگەرایی و کارتێکراوی و ئەندێشەکاری.

ئەمجۆرە وێناکارییە مێتۆدی و تیۆرییە لە هیچ شتێکەوە هاوبەشی بیری مارکس ناکات وێڕای ئەوەی پابەندی داسەپاوێتی مێژوویی یاخود تیورییە کە لە روانگەیەوە ئاسەواری بوونی ئەوی پێوە نییە. بە پێچەوانەوە مارکس گرنگی بە عەقڵانیەتی ناوپۆشکراو بە مێژوو دەدات بێئەوەی بیگەڕێنێتەوە هۆکارێتی (السببیە) و مەبەست و نامەبەستگەرایی خستەتوێی مێژووگەرییەوە (کەوابوو هۆکاری مەبەستیە) و بەوەش هەر لە سەرەتای وێناکردنی کۆتایی شۆڕشگێڕانە و دامەزراندنی شێوازی (راڤەکاری گەڕانەوەیی لە یەکەمین سات و پێشکەوتنخوازی- مێژوویی لە دووەمین سات): سەرمایەداری ڕێگە خۆشدەکات بۆ تێگەیشتن و خستنەڕووی ئەو سەردەمە ناوەڕاستەی کەلێی دەرچووە و کۆتاکەیشی دیاریکردووە و نەک پێچەوانەکەی). جگە لەوانەش پێدەچێت مارکس سەر لەنوێ تیۆرێکی قووڵتری بۆ هۆکارێتی دۆزیبێتەوە کە ئەویش تیۆری ئەرستۆیە.

لە میانەی لێکۆڵینەوە و نووسینە مێژووییەکانیدا هۆکارێتی بە شێوەیەکی بەرفراوان و سادە وێناکردەوە و ئەویش لە ڕێگەی پێدانی خەسڵەتێی دیالیکتیکانە بە تیۆری ئەرستۆتالی و هۆکارە جۆراوجۆرەکان. لە سۆنگەی زنجیرەبەستی هۆکارە کارلێکەرەکان (داسەپاوییەکان) مارکس سەر لەنوێ شێوەگەل و هۆکارگەلی رووالەتی تیا بەکارهێنان.

بەهای ئاڵووگۆڕی (مەک) کارگەری مێژوویی هەیە بەو سیفەتەی بریتیە لە وێنەی ئەو پەیوەندییانەی کە لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا دەیبەستێ بۆ نموونە: گرێبەست، ئەو کارەیە کە لە هیچ شتێکدا راڤەکردنی هۆکارە ماددی و ئابورییەکان بەدوور ناگرێت. وێناکاری میکانیکیانەی مێژوو خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە. روون و سادەیە و لە ئاستی عەملانیەتی راڤەکاری دیکارتیزمیدایە و لە رێگەی وێناکردنێکی ئاشکراو سانادا دەبەسرێنەوە بە کاری مێژوویی کارا لە (چین–پارت) دا و ئەڵقەی زنجیرە ئەڵقەیەک لێدەکاتەوە کە ئەڵقەیەکی گونجاوی ساتی گونجاوە (رۆڵی سەرکردە و بۆنە(مناسبە) و بە هێزەوە رایدەکێشێت و زنجیرەکە دێتە بەردەست و ئەوسا دەتوانرێت پرسیار بکرێت کانیان پێش ئەوی دی دەکەوێت: وێناکردنی میکانیکی کاری مێژوویی، یاخود وێناکردی میکانیکی مێژوو و دەبینی هەردووک لە بۆتەی سیفەتێکی هاوبەشی گوشاربەر و ناوەندگیر دەچنە پاڵ یەکترەوە.

ئەمڕۆ چیتر مێژوو ناکەوێتە ئەویۆە، مێژوونووسی تایبەتمەند بەقۆناغێک لەقۆناغەکان چیتر بانگەشەی ئیلهامی رامیاری نادات. مێژوو وەک زانست بەش بەش دەکرێت لەگەڵ ئەوەش لە پێناو شیکردنەوەی بەشی هەرە بچوکی زەمەن و شوێنی مێژوویی (بە ئەندازەی باسی لێکردنی) مێژوونووسی پێویستی بە هەموو تایبەتمەندەکانی ترە، پێویستی بە ئابووریناس و تایبەتمەندی بواری مەسەلەکانس نیشتەجێبوون و دەروونناس و تایبەتمەندی ماتماتیک و ئامار کارو زانای کۆمەڵناسی و شتی ترەو ئەم تایبەتمەندانە لەبنەڕەتدا لە نزیک یاخود نیمچە نزیکی خودی ئەو خاڵە دەوەستن. قەیرانی داسەپاوێتی مێژوویی بووە قەیرانی مێژوو بەسیفەتی ئەوەی کە زانستەو پتر لەوەش نموودێکی کارکردنەو پتر لە قەیرانێک نییە لەنێو قەیرانەکانی دی وەک قەیرانی مەعریفەی زانستی (کە لەرێگەی

گەڕان بەدوای زانستگەری چووخت و ڕەها و پشکنینێکی کووشندەی نێو ڕەهای کووشندە) و قەیرانی خوێندن (خوێندنی مێژوو و کۆمەڵناسی و هتد). ئینسیکلۆپیدیایی بەشبەشدەکرێ و مەعریفەش پارچە پارچە دەبێت و زانینی هەموو بەشێکی بچووک دەبێتەوە پێکهێنەر و داخواز و داواکاری مەعریفەیەکی ئینسکلۆپیدی! ڕێچکەیەک دەگیرێتەبەر بۆ قۆناغێک لە قۆناغەکانی چڕبوونەوەی مەعریفە لە بارەی ئیشکالیەتێک نەک لە بارەی دوایین مەعریفەی وەرگێڕاو. بۆ نموونە ئیشکالیەتی شارێتی بەشداربوونی مێژوونووس لە بارەیەوە گرنگە، بەڵام بێئەوەی لە ئاکامی ئەوەدا بێتە سەرەکی و بەشداریکردنی زانای بواری دانیشتوان و ئابوریناسی و کۆمەڵناس هەمان گرنگی لەخۆ دەگرن. ئەم ڕێچکەیە بە تەواوی لەمانەدا دەسنیشان دەکرێت: خەسنکردنەوەی بیری قووڵ (بە شێوەیەکی کاتی) و گەڕایە بەدوای رووی کۆمەڵایەتی و زەینی لەمەڕ تەنها مەسەلەیەک کە ئەویش کۆتایی مێژووە.

### 32. وەهم سەفستەکان:

شیکردنەوەی ئەرستۆ چاکترین شیکردنەوەیە سەبارەت پەیوەندی هۆکارێتی لەڕووی جیاکردنەوەی هۆکاری ماددی و هۆکاری کاراو هۆکاری رووالەتی و هۆکاری مەبەستدار. ئاخۆ ئەمە لەسەر مێژوو پیادە دەکرێت؟ بێگومان، با وەڵامەکە وا دەسپێبکەین: هۆکارە ماددییەکان بریتین لە داسەپاویە بەشییەکان، هۆکاری جوگرافی یاخود جوگرافی - رامیاری - ئابوری و بەرهەمهێنان (بە واتای دیاریکراوی ئەم ووشەیە).

ئاستی هێزی بەرهەمهێنان و سامانەکانی ئابوری و فشارەکانی. هۆکارە کاراکان: ڕووداوەکان، هەڵوێست و ئیرادەکان، کردەوەی دەسەڵاتداران و

کارمەندە رامیارییەکان و تەموح و بەرنەماییەکان. هۆکارە رواڵەتییەکان (صوریە)، شێوە جۆراوجۆرەکان بە دەسپێکردن لە شێوە دەزگایی و پەیمانبەستییەکانی نوێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەتاکو داخوازی لۆجیکیانە بۆ خۆڕاگری لە دامەزراندنی سیستم و سیستمە لقیەکانی بڕیار لە بوارەکانی پرەنسیب و نەریت و هەڵسوکەوتەکان. هۆکارە مەبەستییەکان: ئامانجەکان، ستراتیجیەتەکان و کارە ژمێریاریە قووڵ یاخود ئاساییەکانی سەرکردە و پاشان چینە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام بەردەوامی ئەرستۆتالی لەم خستنەڕووەدا بەس نییە، بەڵکو پێویستی بەکرداری دیالیکتیکی هەیە. گەر هەر بەشێکی ئەم دیزاینە لەسەر رۆیشتووەمان کردە گروپێکی دیاریکراوو کۆتایی ئەوا ئێمە عەقڵی ئەرستۆتالی لەنێو جەرگەی کاتیزمێکی نوێدا دەچەسپێنین و کاتێکە گروپەکان رێکدەخرێن لەرێگەی پۆلێنکردنیانەوە رووداوەکان پێکدەهێنن.

لەنێو هۆکارە مادیەکان دەڕوانین کۆمەڵێک داسەپاوێنی بەشکراو ئەنجامی کارلێکردنەکەی پشکی گەورە بە رێکەوت و پەیوەندی دیالیکتیکی: پێویستی ئەگەری (تێپەڕبوون) جێدەهێڵێت. هەروەها پەیوەندی نێوان شێوە (شێوەکان) و ناوەڕۆک (ناوەڕۆکەکان) بەرجەستە نابێت ئەگەر بە شێوەیەکی دیلیکتیکیانە وێنا نەکرێن. هیچ شێوەیەکی لۆجێکی یاخود گرێبەستی و هند نییە لەگەڵ ناوەڕۆکدا جیبەجێ بکرێت و بە پێچەوانەشەوە و ئەم کارەش لێکدژی دیالیکتیکی دەهاوێتە نێو دیزاینەکەوە. ئەم نەخشە و دیزاینە بوار بۆ تێگەیشتنی هەندێک لە وەهم و سەفستەکان (هەڵسەکاری) خۆشی دەکات. مەبەستگەرایی چییە؟ ئایا مەبەست یاخود ئەنجامی کۆتایی ئەو کردارو رووداوگەلەیە کە پێی دەوترێت مێژووگەری؟ لەکاتی ووردبوونەوە لەم بابەتە سەرنج دەدەین بریتیە لە جیاوازکاری و لێکوژییەکانی نێوان مەبەست و ئەنجامەکان.

ئەو سیاسەتەی کە ئامانجی پشنگیری کردنی دەوڵەت و بەهێزکردنی توناکانیەتی دەبێتە هۆی رووخاندنی. ناپلیۆن چی دەویست؟ ئایا بەووردی خوازیاری ئەوە بوو کە کردی؟ بەهەرحاڵ خوازیاری شکستی نەبوو! مارکس وایی دەبینی، دەستێوەردانی تەواوی پرۆلیتاریا بەو سیفەتەی چینێکە دەتوانێت ئامانج و ئەنجامەکان لێکدی نزیک بکاتەوە لە رێگەی دەستەبەرکردنی مێژووەوە عەقڵانیەتێکی باڵا بەرهەم دەهێنێت، بەڵام ئەمە لەڕووی بوونی پەیوەندی بە وەهمە مێژووییەکانەوە گریمانەیەکە بە شێوەیەکی بەشی هاتەدی و ئەوی تایبەتیشە بە سەفستەکان ئەوانە لە ئەنجامی تێڕوانینی هۆکارەکان وەک پاساوگەلی عەقڵی و هەژماری ئەنجامەکان وەک مەبەستگەل سەرهەڵدەدەن.

گەل و چینی کرێکار لە بۆنەگەلێکی زۆر خوازیاری ئازادی بوون، گەشەی ئابوریان بەدەستهێنا. ئاخۆ ئەوە بەهۆی ئەنجامدانی کارەکانیان بوو؟ یاخود پاساوی عەقڵییانە؟ یان نە ئەم و نە ئەویش بوو؟ سەفستەی مێژوویی پێداگری لەسەر رۆڵی ئایدیۆلۆجی دەکات کە بواری گەمەکاری و گۆڕانکاری بە هۆکارو ئاسەوار و هۆکارە عەقڵی و مەبەستەکان دەدات، بەڵام لەو کاتەدا دیزانەکە دەبێ بە شێوەیەکی ئەوتۆ چاک بکرێت کە بتوانرێت ئەو جیاکارییانە ئاوێنەی یەکتر بکرێن.

### 33. مێژوو و نائاگایی:

بۆ رزگارکردنی مێژوو لە رێگەی بادیهێنانەوەی خەسڵەتە کوێرانەکەیەوە مارکس وا دەبینێت، بۆچی مێژووگەری نەکەین تا ئاگایی؟ ئایا بوونی ئەو لەوێ بۆ رووبەڕووبوونی سەرجەم گرفتەکان نییە؟ ئایا پێگەی

دیاریکراوی ئاستەنگیەکان پێکناهێنێت ئەو پێگەیەی کە چاوی پێدەکەوێت و دەیگرێتە خۆ و دەیشارێتەوە؟ ئایا لە دوای مردنی خواوەند و رووناکی ئایین نابێتە بەنگی نوێی گەلان؟ بەڵام ئاستەنگییەکان سەرلەنوێ پەیدا دەبن:

1.نا ئاگایی بۆ چ مێژووگەرییەک بگەڕێنینەوە؟ بۆ نائاگایی بونیادی عەقڵی کارکەری سەرەتا بنەڕەتییەکانی مرۆڤایەتی و سەرەتا ناسراوەکانی ئەنسرۆپۆلوجیا؟ یاخود بۆ نائاگایی (لیبیدۆی) تەواو ئامادە بوو؟ لە هەردوو حاڵەتدا مێژووگەری دەسپێرینە بیری ژێر - مێژوویی نەک بیری سەروو مێژوویی.

2.ئایا دەتوانین لە مێژوو و مێژووگەری تێبگەین بە سیفەتی ئەوەی سەرقاڵبوونن دواتر دەبنە (گەر بتوانین بڵێین) رۆشنکەرەوەی کایە کوێرانەکان؟ یەکەمجار سروشت و پاشان کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی و دواتر ئابوری و رامیاری و دوایترینیان (خود- دەروون) ماوەیەکی درێژخایەن هەبوون بەر لەوەی تیشکیان بخرێتە سەر. کاتێک کە ئەم کردارە روونەدەکرێتەوە ئەوەمان پێڕادەگەیەنێت کەچی شتێک لەژێر مێژووگەری خۆی حەشار دەدات، بە واتا گشتیەکەی مێژووی حەشاردراوی ژێر مێژووی دەرکەوتوومان بۆ رادەگەیەنێت، بەڵام ئەمە هێشتا و بەردەوام برییتە لە گێڕانەوەی مێژووی گشتی بۆ مێژووی مەعریفەیە؟ ئەم تێڕوانینە بە گوێرەی تایبەتمەند یاخود فەیلەسوف تەنها پارچە دراوە ووردەکانی هیگڵیزم دەبەخشێت.

وێناکردنی چینە دوا بەدوا یەکەکانی زمان و چالاکییەکانی ئەو چینانەن کە ماوەیەکی زۆر نابات رۆژگار لەمیانی رووناکی زیرەکیەتیەوە خۆی پیادەکات و نابێتە مایەی رەزامەندی تەنها بۆ ئەو زەینە نەبێت کە لەسەر شێوازی دەوڵەت خۆی دەکاتە سەرداری زەمەن.

**34. مێژووی شارراوە؟ مێژووی دیار؟**

لە پشت مێژووی وێناکراوو نووسراوو خراوەتەڕوو گریمانەی ئەوە دەکرێت ئایا هیچ رووناداث لەڕووی مێژووی بەڵگەدارەوە؟ لەمیان و نێو مێژووی فەرمی دیار ئایا مێژوویەکی شارراوە نییە؟ بە جۆرێک کە خودی مێژووگەری ببێنە کایەی کوێرانەی مێژوو و مێژوونوسان و بێنە رۆشناییەکی شێوێنەر و ئاگاییەکی شێوێنەرو کایەی سێبەری دەسبەسەر گرتنێکی وەهمیانەی زەمەن بەیارمەتی بیر. گۆڕینی زەمەن و مێژوو (لە قووڵاییدا) بۆ نائاگایی دەبێنە شتێکی دی جیاواز لە جەختکردنەوەی: (مێژووی راستەقینەکە مێژووی نائاگاییە).

پەیبردن بەم مێژووە شارراوەیەو راپێچانی بۆ ناوجەرگەی رۆژگار دەبێتە کارێکی توانراو و کۆتایی مێژوو، بەڵام بە گوێرەی کۆتای مێژووەی کە روودەداث بەشێوەیەکی جیاواز لەو وێناکارییانە دەردەکەوێت کە مل بۆ یاساکانی یەکگرتن یاخود وێکچوون و شیاندن بداث، کە چ دەکەن ئەمە گریمانەیەکی سەرنجڕاکێشە بەڵام:

1.ئایا ئەم مێژووی توولاییەی ژێرو دوا بەدوای دەلالەث و واتاو راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و هۆکار و مەبەسنگەرایە دەبێنە چی؟ ئەم مێژووە پێچخواردووەی نێو قووڵایی نائاگایی و ئەم سەرکێشیە تێورییە، نابێتە دەرگایەکی ئاوەڵا بۆ هەموو چەواشەکارییەکان؟ هەندێک لە ئایدیۆلۆجیستەکان دەڵێن مێژووی واقیعی، یاخود راستەقینە مێژووی شەهوەکاری و سێکسیە و ژنان مێژوویان درووسث کرد و قوڵاییەکانی دەروون و نهێنیکاری زەمەنیان ئاراستە کرد.

2.کاتێک کە وێناکردن مەحکوم دەکەین لەبری ئەوەی بخرێتە ژێر باری رەخنەوە (بە سیفەتی ئەوەی ئایدیۆلۆجیانە) لە ناسینی ئەو ئاراستەیەی

کە تیادا هەنگاو دەنێین هەڵوەستە دەکەین و بەبێ لێکۆڵینەوە و تێڕوانین بە لەناوبردنی ماناو مەبەسنگەرایی و هەردوو ئەگەر قایل نابین و مێژوو دەبێتە مێژووی هەر شتێک و ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی بیری مێژوویی نەک نۆژەنکردن و گۆڕینی.

#### 35· مێژووی قووڵاییەکان؟

دەتوانین گریمانەی، ئـەوە بکەین کە هەراوزەنانی مێژوو و دیمەنە جەنگیە گەورەکان ئایینی بێت یاخود رامیاری و بڵاوبوونەوەی هێزو پیلانەکان لە دەنانکگەلێک بەولا نەبوون و ناشبن و بریتی بوون لە شێوازی شاردنەوەی شتێک و لە گۆڕنانی نهێنیەکی ترسناک و رەهەندەکانی بیرکردنەوە لەبارەیەوە. چی نهێنیەک؟ چی حەقیقەتێک حەوسەڵە ناکرێ؟ چی واتایەک چی نادیاربوونێکی واتاگەر مێژوو بریتی نەبێت لە دوورکەوتنەوەی بێزاری ئەی چییە؟ گەر رەگەزی مرۆیی و شکستی سروشت (لە کاتێکدا قەیلەسوفانە هەوڵیاندا لە شێوەی سەرکەوتنیدا بیخەنەڕوو)، پێویستە بە شاردنەوە بکات، ئەی چییە؟

ئەگەر ئاگایی ناهەمەتی بێت ئایا هەڵە چاکبوونەوە قبووڵ ناکات؟ ئەوەشی کە پێی دەڵێن مێژوو لە وەهم و وەهم بەخشین بەولا چیدی. هەروەها ئێمە دەشتوانین گریمانەی ئەوە بکەین جوانی هونەری لە رێگەی وەهمەکانەوە بەرگی ناشیرینی ژیان دەپۆشێت هەروەک تراژیدیا کە ئازارەکانی بوون دەگوازرێتەوە. لەوانەیە شیعری خۆشەویستی و شەهوەکاری تەنها لە پێناو داپۆشینی شکستەکان بێت و هەر ئەمەشە کە فرۆید بە نیگەرانیەوە تێبینی دەکات.

ئایا هەرە نەهامەتترین کەسی هەڵگری دڵگیری و خەماویترین کەسی هەڵگری خۆشی (رواڵەتەکانی خۆشی) نییە؟ هەروەک مێیایەتی و مردنیش بەم جۆرەیە. لەوانەیە وەهمە هەرە ترسێنەرەکان رێگە خۆشکەر بن بۆ مرۆڤ لە پاراستنی بوونیان و بەرگەگرتنی ئاگاییەنەیان لە گەورەترین نەهامەتییەکان.

گەورەیی نیچە لەسەر بنەمای دۆزینەوەی خراپترین گریمانەکان و تۆڕدانیان تاکو دوایین رادەکانیان دامـەزراوە، بەڵام شۆڕشگێر بەمجۆرە بەرپەرچی دۆزینەوەی قوڵاییە بێبنەکان دەدات: (گەر ئەوەی ناوی ژیانمان لێناو لەوەشی زیاتر نەبوو، سانی ئەوە هاتووە لنگاوقووچ هەڵیگێڕینەوە).

### 36. شیکردنەوەی دەروونی و مێژوو:

لە ماوەی پەنجاساڵدا چەندجار بەهەڵەداوان داوای زیاڕەسمیانە لە دەروونناسە شیکەرەوە قێزەون و چەوسێنەرەکان کرد.

مەحاڵە. بۆ رقمان لێیان بێت؟ زۆر کـەرەت یەکێک لەوانە کە بەیارمەتی نیچە بۆتە خاوەن هەستێکی ناسکی پڕ لەبیروباوەڕ ئەبێ بەخۆی ووتبێت: (ئایا ئەو غەریزە ئازادکەرانە هەڵدەستن بە بەرهەمهێنانی جۆرێکی نوێ لەبوونەرە مرۆییەکان؟ نەخێر!

ئازادکردنی غەریزەکان کە یارمەتیدەرو تەواوکەری مەسیحیەتن ئامێرێکی سوڕێنەرن: سەرکووتکردن، ئازادکردن، سەرکوتکردن بەمجۆرە دوابـەدوای یەک دەکـەون. ئەوان بەدڵنیاییەوە لەسەر هەقن کاتێک کە ئەو میکانیزمانە دەڕازێنەوە کە لەمیانیەوە ئاکار ئارەزوو دەخنکێنێ بەڵام شێوەیەکی نوێ بۆ ئارەزوو ماخەنەڕوو و نابنە هۆی دابینکردنی رەوشێکی تەندروستیانەی گەورە و رووشی لە بێناوانی مەزن و عەفەوییەت تازە

بەپێبراو ناکەن) ئەوسا خۆمان لەنێو ئاپۆرەی کۆمەڵێک لە بەرهەڵستکارانی ئەواندا دەدۆزینەوە.

شیکەرەوە دەروونییەکان خاوەن قوربانی بوون (ویلهم رایخ) و پڕوپاگەندەکانیان لە چەوساندنەوەکانیانەوە وەردەگرت و بوێربوون لە بانگەشەدان بەوەی کەسێک هەزارساڵی مێژوو تەنعا لەپێناو راڤەکردنی فرۆیدییانە کۆکراوەتەوە. بانگەشەیەکی گرانبەهایە! ئەوان لێرەدا راست دەکەن. بەڵێ، ئەم سەدانە ئەوەیان دەرخست کە ئارەزوو چۆن دەمێنێ و لەژێر ئەوەی کە قورسایی دەخاتەسەر بەهێز دەبێت و چۆن بیرکردنەوەی تیۆری و رەخنەیی کار لەپێناو ئازادبوونی دەکات بەرەو خاوەنێتی مرۆڤ بۆ خودی لەپێناو خودی خۆی ئاراستەی دەکات هەروەک ئەمەش تێڕوانینی رایخ بوو. ئایا ئەمە ئاراستە و مەبەستی مێژوو نییە؟، بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان کە گەلێک لێیانەوە دووربن.

**37. ئەبستمۆلۆجیا و مێژوو.**

ئایا ئەو ئاشکراییەی کە لێکۆڵینەوە ئەبستمۆلۆجییەکان پێشکەشی دەکەن دەگاتە پلەی ئاشکرایی ئەو کەسانەی کە ئەنجامیان دەدەن؟ نەخێر. بۆ دیاریکردنی بەدیهێنراو (پاشماوە یاخود کۆی زانیارییەکان) و لە پێناو دەستەبەرکردنی مەبەست، یاخود ئاماژەکردن بە ناوچە توندو پتەوەکان خاوەنەکانی تیۆری مەعریفە. (ئەبستمۆلۆجییەکان) حەز دەکەن مەعریفە و بەتایبەتی بۆ ئەو قۆناغەی کە تایبەتە بە خۆمانەوە دابەشکردنی دەزگاییانە قبووڵ دەکەن بۆ کاری عەقڵی و ئەو وێناکارییانەی کە پاساوی دەدەن، کەوابوو ئەوان بێ رەخنەی بەرایی دەکەونە نێو چوارچێوەی زانستی دەزگاییەوە.

ئەبستمۆلۆجیا نووکی کێردەکەی دژی مێژوو و مێژووگەری ئاراستە دەکـاتْ تاکو دەگاتە رادەی پێداگری توند لەسەر چەمکگەلی دژ بە مێژووگەریی بە شێوەیەکی ریشەیی لە بۆتەی (دابڕینگەلی تەواوی و رەها).

مایەی سەرسامبوون نییە کە ئەبستمۆلۆجیای مێژوویی بێنە بانگەشەکەری ئەوە بێئەوەی کەمترین گووتەی لە بارەوە بدرکێنێتْ. مایدی شڵەژانە بۆ بیری مێژوویی و هۆشیاری مێژوویی گەر کایەی خۆی نەبێتْ لەنێو لیستی ئەبستمۆلۆجیا زانستییەکان و وێنەی لەنێوان پێکهاتە کۆنەکانی مەعریفەدا دەرکەوێتْ.

ئێمە پوختەی چی شتێک لەوە وەردەگرین؟ هیچ شتێک. رەخنەی ئەبستمۆلۆجی مێژوو ئارەزووی پاکۆکردنێکی (راستە ڕەوایە) دەنوێنێتْ بە زمانی رامیاری و دژ بەم ئارەزووە پێویستە بەرگری لە مێژووگەری بکەین و مافەکان بۆ مێژوو بگێڕینەوە گەر رەخنە و بیانوو گەلی دی لە ئارادا نەبن. بیرکردنەوەی فەلسەفی بۆ ئەبستمۆلۆجیای دژ بە مێژوو بە شێوەیەکی هاوزەمەن خۆیان بەرامبەر بە بۆشاییەکی قووڵ دەبیننەوە. ووتە و بیرو هەروەها ئەو بیری لە دەوروبەری زەمەندا بیری لێدەکرێتەوە بە سیفەتی سیستمێکی نازەمەنی نێوبڕەکان (فواصل) خۆی دەنوێنێتْ.

بە گوێرەی چی؟ بە گوێرەی بێدەنگی (سەبارەتْ بەم خاڵە بڕوانە راگەیاندنەکانی فرانسوا فال (فەلسەفە و بوونیادگەری) لە توێی کتێبەکەیدا (بوونیادگەری چیە؟ 1968) کە باس لە کایەی مێژوویی لە روانگەی مارکس و کایەی مەعریفەی (پوختْ) ئایا بەشتێکی نامۆ و شایستە بە بیرکردنەوەی قووڵ وەسف ناکرێتْ؟ مردنی خواوەند، مەعریفەیەکی رەهای نێو بێدەنگی رووکەشە بۆ شوێنە رەهاکەی، ئایا بێدەنگی نەمرانەی ئەم کایە ئەبستمرلۆجی و چەقبەستووانە کەسناترسێن؟ قەتیسکردنەوەی مێژوو ئاکامی مەترسیداری

لێدەکەوێتەوە، ئایا هەنووکە بەکێ دەسپێردرێت؟ بە عەدەمیەت یاخود بە ستراتیجیەتەکان؟ نازانین.

**38. زمانەوانی و مێژوو:**

با بڕوانینە ڕێڕەوی زمانەوانی هاوچەرخ لەگەڵ کڵاوە ئایدیۆلۆجی و بوونیادگەرەکەی و شتەکانی دەوروبەری کە دەتوانین بە شێوەیەکی مەکراوی ناوی (ئیگۆلۆجیا، زانستی من) و (زمانۆلۆجی، هەڕەشە لە مێژوو دەکات وەک زانستێکی خۆسەپێنەر و مەڵبەندی بیری زانستی و بیرکردنەوەی فەلسەفی؟ ئایا ئەو سنووری کۆتایی بۆ شکۆداری مێژوو دانا و ئاوەری بەرز و قووڵلەی رووخاندە سەر بەشی پێشەوەی زەمەن؟ قسەی زارەکی و رۆژانە هەڵەبینی بۆ کەسی سەرچاوەدار (مرجعی) دەهێنێت و وشەسازی دەکات و سیفەتی مێژوویی بەو بابەتە دەبەخشێت کە قسەی لەسەر دەکەین و هەروەک پێویستە لەسەر (قسەکەر) و بە شێوەیەک کە شیکردنەوە ئەم هەڵەبینیە دوولایەنە دوور دەخاتە بە مەبەستی گەیشتن لە یەککاتدا بەم دوو وێنە ئەندێشەکراوە رۆژانەییەی وشەسازی و پێدانی سیفەتی مێژوویی و با ئەوەش بێتە ئاراستەی هێرشی بردنەکە، بەڵام ئەم پرۆژەیە چیدەگەیەنێت؟ مێژوو تەنها وەک کایەیەکی زانستی دووچاری هەڕەشە نابێت و خستنەڕووی شتێکی دی و زیاتر دەدرکێنی و مێژوو بەسیفەتی ئەوەی واقیعە کەچی هاوکات بەسیفەتی کرداری زانستی لاواز دەبێت.

رەوشی زمانەوانی سەرەتا هەڕەشە لە هەردوو رووەکەی مێژوو دەکات و رەوشێک دیاریدەکات کە دەبێتە مایەی ئاگاداربوون. نە مێژوو پێناسەکراو بەشێوەیەکی بابەتیانەو نەشی مێژووی پێناسەکراو لەرووی

خوودییەوە بەردەوام نابن بە گێڕانی ڕۆڵی کۆنیان وەک تەوەرەی کارو سەنتەری تیۆری. نموونە زمانەوانییەکان شوێنی نموونە مێژووییەکان دەگرنەوە و مێژووگەری لە دەسبەردان لە بوونی خۆی وەک ڕێچکەیەک و دەبێتە نموونە (شێوەیەک و لەئاکامی ئەوە بڵاو دەبێتەوە یان لە ڕێگەی گریمانەی کۆکردنەوەی گشتگیر. (نموونەی دەنگداری لای تروبیتزکۆی) یاخود لە ڕێگەی پرۆژەی دوا بەدوای زمانەوانی و ڕاڤەکردنی بەدیهێنراو تاکو ڕادەی ماندووبوون (جاکوبسون، هتد). هەرچەندە نموونەی مێژوویی ناتوانێ بەرگری بکات و بەرگری لەخۆ کردنەکەیشی بەشێوەیەکی شیاو ئەنجام نادات تەنها لەرووی دەزگاییەوە نەبێ و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەو مێژووەی کە بووە نموونە دەسبەداری مێژووبوونەکەی کردو چیتر نەیتوانی بەرگری لەخۆی بکات. ئایا زمانەوانی بوونیاتگەری و گەشەسەندنە ئایدیۆلۆجیەکەی دادەنێو ئێمە سنوورێک بۆ بوونیاتگەری دادەنێین؟ لەوانەیە. بەڵام پێویستە بەدوای ئەم مشتومڕەدا بچین. زمانەوانی پەیوەندی خۆی لەگەڵ لۆجێک و زانستگەرایی (معلوماتیە) و سبرنتیکا دەهێڵێ و ئەم زانستانەش هەروەها هەوڵی بنبڕکردنی مێژوو دەدەن بێ ئەوەی لەڕێگەی وێناکردنی سەیرورەوە خۆیان لەبری ئەو دابنێن، پێویستە لەسەر دوابەدوای فەلسەفە بەشێوەیەکی تایبەت چاودێری تێکەڵبوونی زانستگەری و مەعریفە بکات. تیۆری مەعلووماتی ئەو دابنێن. پێویستە لەسەر دوابەدوای فەلسەفە بەشێوەیەکی تایبەت چاودێری تێکەڵبوونی زانستگەری و مەعریفە بکات. تیۆری مەعلووماتی ئەو خەسڵەتە جیاوازانە بەهەندوەر دەگرێ کە ڕەگەرزو ڕووداو و بابەت و هەڵوێستەکان لێکدی جیادەکاتەوە. ئەم نوێگەرییە گرنگەمان بەزانیارییەکان نادات مەعریفەکان هەڵبووشن و ئەم تەکنیکارییانە بەس نین نە بۆ پێناسەکردن و نەشی بۆ جێبەجێکردنی چەمکی

ئەو جیاوازییەی (جیاوازیکارانەی: زەمەن- شوێن- پێگەکان) کە بەکاریان دەهێنێ.

**39-شێوەکان و مێژوو:**

با ئەو شێوە گەورە و پوختانە ئەندێشە بکەین کە برینیە لە بیرکردنەوەی دوردکارانە و ئێفکرینی ماتمائیکی و پەیوەندییە گرێبەستەکان (بە شێوەیەکی رواڵەتی و شێوەکانی نوێی کارە هوونەریەکان (بەراوردکردن و هتد). با ئەندێشەی رێچکە گەلێکی دوورودرێژ و دیار، بەڵام ئابلۆقەدارو بەشێواوی و بزاوتەکان بکەین کە پەیوەندییان بە خودێتییەکان و ناوەڕۆک و ئەزموونە ژیاوەکانەوە هەیە.

شێوەی پوختی نووسراو کارێکی هارمۆنی شێواوییەکی جیاواز و هەمەڕەنگ درووست دەکات و بەبێ بوونی پەیوەندی و پەیوەندییەکی راستەوخۆ و هۆکارییانە و عەقڵی لەگەڵیدا درووست نابێت وەک: تێهەڵچوونە موزیکییەکان. ئایا لەوساوە نەبووە پێچەوانەی مێژووی قووڵاییەکان؟ ئەشێت مێژوو لە نوێی پاکژی شێوەکاندا حەشار بدرێت و مێژووگەری لە رێگەی جمووجۆڵ و رێچکەکانیەوە و لە بۆنەی ئامادەگی پشێوییەکان و شیکردنەوەی شێوەکان دوو ئەوەندەی لێ بێت.

گریمانەیەکی سەرنجڕاکێشە و برینیە لە کۆتایی مێژوو! ئەو نائارامیانەی کە ئابلۆقەی شێوە درەوشاوە گەورەکان و ئەوانەی ئابلۆقەی شێوە رۆشن و شەفافەکان دەدەن لە کاتی فۆرمەلەکردنی ئەم وێناکردنە شکۆمەندی خۆیان لەدەسدەدەن. مێژووی توندوتیژو بێبەها لەبەرچاومان وون دەبێت و هیچ شتێک پێشکەشی ناکات. کۆتایی دێت و ئەمەش کرۆکی هەموو مەسەلەکەیە.

**40. گووتەی مێژوویی:**

بیری هـاوچـەرخ بە ڕێکخستنی ستەمکارانەی مێژووگەری و مێژوو قایل نابێت لەمیانی بەرهەمەکانی عەقڵی زەمەن بەسەرچووی نێو ئاسەوارە بەرییەکانی مەعریفە. ئەو خۆبەخشانە لەوەش دوورتر هەنگاو دەنێت، لەوانەیە زیاتر لە بیرمەندێکی خودی گووتەی مێژوویی بخاتە ژێر پرسیارەوە. ئایا ئەم گووتەیە بریتی نابێت لە تەواوی گووتەکانی وەک گووتەی ئایدیۆلۆجی و سایکرلۆجی و گووتەی هێمایی یاخود ڕاڤەکاری، واتا گووتەی فەلسەفی؟ ئایا ئەو سیستمە هێماییە (شانبەشان هەڵوەشاندنە جۆرییەکەی) لە ئارادایە کە بتوانین بە مێژووگرێی بدەین و بوار بە خوێندەی مێژووییانەی نامەکان بداث؟ وەکو ڕۆمان، ڕۆمانی مێژوویی بە جۆرێک دەنووسرێت کە خوێنەر چاوەڕێی شتە لەبەرچاو نەگیراوەکانی لێدەکاث و لە خستنەڕووەوە دەسپێدەکاث و دوای گرێچن دەکەوێت و خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئامادە دەکاث. سیستمی دووری وابەستکراو بە زەمەن خۆی دەسەپێنێنە سەر سیستمی نزیکی ڕەگەزەکان سەرگوزەشتەکان و یاخود ڕووداوەکان و وشە و ڕستەکان و ئەم کارەش بەرەو بڕواکردن بەو دڵگیری و گەوهەرە پاڵمان دەنێت کە بە درێژایی زەمەنی گێڕانەوەکە سەرهەڵدەداث ( لە کاتێکدا کارەکە تایبەتە بە پێدراو گەلێکی سادە و هاوشێوەی سەرگوزشتە جۆراوجۆرەکان).

چەند ئاستەنگە دەربازبوون لە وێنە و مەجازە لاهوتیەکانی (وەک دەستەواژەی موعجیزەی ئەگریکی)! ئایا مێژوونووس دەکاتە ئەو ئاستەی لێیان دەرباز بێت؟ ئایا ئەو مێژوونوسە ئەوە ناکاث کە بەسەر سەختیەوە پرسیار لەمەڕ بنچینە دەکاث؟ (زمان بنچینەی نییە، ئەویان هەیە و یان نییە بە گوێرەی یاسای گشت یاخود هیچ شت. چی پێش زمان دەکەوێت؟

هیچ و هیچ شتێک، قووڵایی و قووڵاییە دوورەکـان). گەر زمانەوانی و شیکردنەوەی دەروونی گەڕانەوە بۆ یەکەم پێگەیان و مەعریفەش خوازیاربوو بێنە سیستمێک، ئەوە ڕێگە خۆش ناکات بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی ئەم مەعریفە بەسەراچووەی کە هیچ ڕقینەیەکی مێژوو پێشکەش ناکات. بە شێوەیەکی قووڵتر، ئاخۆ گووتەی مێژووی ئەو گووتەیە نییە کە لە دوایین پەنهانێتیدا ئەو کەسەی کە دەنووسێت و ئەوەی کە کاردەکات (یاخود وای دابنێ کار دەکات) تێکەڵ دەکات و لەوێڕا ئەو خودانە بەبێ بناغە لەگەڵ بابەتەکان و شتەکان و سەرگوزشتە و ڕووداو و کۆمەڵە کەسەکاندا ئاوێتە دەبن؟

به شێوەیەک کە گووتەی مێژوویی شوێنێک داگیر ناکات ئەگەر بشێت ئەوە نەبێت کە لە میانیدا خودی قسەکەر بە قووڵی بیر لە تەمی نیشتووی سەر قووڵاییەکە دەکاتەوە. لەم گووتەیەدا ئامادەگی و نائامادەگی خود و بابەت کە وەک هەمان خود و ئەوی دی نییە دەیەوێت ببێتە ئامادەگیەکی ڕەهاو بە سیفەتی نائامادەبوویەکی ڕەها پەردە لەسەر خۆی هەڵماڵێ و بۆشایی بەهەڵە بینییەکان (اوهام)، پڕبکاتەوە.

بەمجۆرە لە سۆنگەی گووتەی مێژوویی ئاماژەپێدراو پێکدەهێنرێت. لەوانەیە، بەڵام دەتوانین تەنها ئەوەندە بڵێین کە لەدوای مارکسیەتی مێژوویی زیادەڕۆ مارکسیەتی پەیڕەوکردنی تیۆری دێت؟ ئایا پەیڕەوکردنی تیۆری لێکدژێکی لۆجیکی و تەنها گووتە بەهانەیەکی سەرووی زمان و سەقامگرتوی دەوروبەری مەعریفە نییە گەر بەم ووتە مێژووییانە واتای ووردمان دا بەدەستەوە؟ ئەوی تایبەتە بە پەیڕەوکردنی کۆمەڵایەتی ئەوە هەڵگری ناوو ناوگەلێکە.

پیادەکردنی پیشەسازی کە پشتگیری بۆرجوازییەتی کرد لە بونیادنانی ئەو تەرزە بەرهەمهێنانەی کە حوکمی دەکات و سۆشیالیستی مارکسی دەبێت جێگەی بگرێتەوە. ئایا ئەو پایدەکارییە لە رێگەی داواکاری زمانەوانی و پیادەکردنی شارستانی و گوێزانەوە لە یەکێکەوە بۆ ئەوی دی لەناو دەچێت؟

**41. لۆجێک و مێژوو:**

ئایا شێوازی هیگڵ تاکە شێوازی راستەقینەی دامەزراندنی مێژوو نەبوو؟

ئەو لەسەر زەوییەکی رووبەر پتەو دایندەنا کە لە ژێرییەوە قووڵاییەکان بەنێو یەکتردا بترشێن، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە کلیلی کەوانەی لۆجیک دەیبەستەوە. رەوشێکی نێو سەیرورەی مەعریفەی تیۆری و سەیرورەی پیادەکراوی نێو مێژوویەکی دوولایەنەو لۆجێک یەکگرتنی یان دابین دەکات. چەقی ناوەڕاست دیاریدەکات و گووتە و کردار دەخاتە ژێر دەستی هەمان داخوازییەکان و هەردووکیان ئارەزووی پێکهێنانی شمەکی ماددی و یاخود کۆمەڵایەتی و زەینی و یاخود رامیاری دەکەن کە خەسڵەتی سەقامگیری و یەکانگیری و هاوسەنگی کاتی لەخۆ دەگرن.

ئەگەر هێزی لێکدژی بکەوتایە سەر یەکانگیرییەکە، ئەوا دەمودەست تۆڵەی پێکهاتەی شتە تازەکە دەکردەوە. مێژوو و مێژووگەری گریمانەی تێپەڕاندن دەکەن. ئەو تێپەڕاندنەی کە هیگڵ وێنای کرد تەنها بریتی بوو لە ئارەزوویەکی زەینی بۆ زۆرترین بڕی لێکدژییەکان.

تێپەڕاندن لای هیگڵ لە رێگەی ئامادەکردنەوە درووست دەبوو و دادەخرا. بریتی نەبوو لە تێپەڕاندنی کراوە بەهۆی شۆڕش وەکو مارکس

ئێیدەڕوانێت، هەروەها ئەو ئێپەڕاندنە نیچەییەش نەبوو کە ئامانجی گەیشتن بەسەرچوو گۆڕینی و باڵادەستی بوو بەسەریدا. عەقڵگەرایی چۆن دەتوانرێت ئێپەڕێزی و بەدرۆ بخرێتەوە و رەتبکرێتەوە بەبێ رەتکردنەوەی مێژووگەری؟ لەوانەیە بکرێت، بەڵام:

1. ئەوە نەسەلمێنراوە کە شێوەی لۆجێکی هەمان ئەو چالاکیەی هەیە کە هیگڵ وایدەبینێت. ئەم شێوەیە لە روانگەی هیگڵەوە توانای ئاراستەکردن و تەنانەت وروژاندنی ناوەڕۆکەکان هەیە و رێنماییکردن رووەو یەکانگیری رێکخستنی هەیە، وێڕای ئەمەی کە بریتیە لە ئاستگەل و رەهەند گەلێکی جۆراوجۆر. وەلێ شێوەی لۆجێکی (پوختی) لە خۆیدا تەنها بریتیە لە دووبارەبوونەوەی (بۆشایی و قووڵایی دوور) هیچ شتێک لەو توانایە پەنهانتر نییە کە هیگڵ دەیگێڕێتەوە بۆ ناهیچ! ئەم ناهیچە (اللاشی) لەوانەیە دیاریکەری سەرەتای ئایدیا و خاڵی دەرچوون و یەکەمین دیداری ئەو بیرە چوختە بێت کە شانبەشان نامەعریفە و نا ئەمادەگی هەموو واقیع و چالاکیەک بەدوای رێچکەی خۆی دەگەڕێت. تەنها توانای مەعریفە نەبێ دەسەڵاتی رێکخستنی زەمەنێکی دی شک نابات.

2. ئایا بە تەنیشت لۆجیکی پوخت شێوەگەلی دی لە ئارادا نین؟

مارکس شێوەیەکی دی ئەفەرۆزە کرد کە ئەویش شێوەی ئاڵوگۆڕە (بەهای ئالوگۆڕ). ئاخۆ هەروەها بەراورد و دووبارەبوونەوە و دیدگا و کۆبوونەوە و جەمسەرگەری و هتد بوونیان نییە؟ بەڵام ئەم شێوانە تێکەڵ بە یەکدی نابن و هیچیان لەگەڵ ناسنامەی لۆجێکی تێکەڵ نابن و پەیوەندیان بە ناوەرۆکەکانیان جیاوازە لە پەیوەندی بە ناوەڕۆکەکانیان جیاوازە لە پەیوەندی بە ناوەرۆکی شێوەی لۆجیکی. ئایا ئەو جیاوازییە جیاوازییەکی بنچینەیی نییە؟

ئەم شێوەیە چارەسەرییەکانی لۆجیک لەنێو مێژوودا قەدەغە دەکات و لێکچوون و دووبارەبوونەوە پووچەڵ دەکاتەوە و هاوکات وێڕای ئەوەی کە ئەم پووچەڵکردنەوەیە، بەهۆی هەمان هۆ نییە. گەر مێژوو و مێژووگەری هەبێت ئەوەشی لەبەر ئەوەی کە لێکدژی و بەرابەرکێ بە سانگەلێک زاڵ دەبێت بەسەر سانگەلێکی تردا لە زەمەن و شوێنێک کە بزاوتی دیالیکتیکی لۆجیک رادەپێچێت و هەڵی دەوەشێنێتەوە. چی روودەدات؟ ئایا ئەوەی روودەدات دەبێتە لە رێچکە لادان؟

**42· فەلسەفەی مێژوو یاخود مێژووی فەلسەفە:**

پرسیاری یەکەم: ئایا فەلسەفە مێژووی سەربەخۆی هەی (بە شێوەیەکی گشتی لەمەڕ مێژوو و مێژووی ئایدیاکان و ئایدیۆلۆجیاکان، هەروەها لە بارەی مێژووی بەرهەمهێنان و شێوەکانی بەرهەمهێنان؟).

وەڵام: نەخێر، هەر سیستمێمی فەلسەفی بەو سیفەتەی خاوەن یەکانگیری ناوەکی بێت ئاماژە بۆ بابەتگەلێک (themes) دەکات و فۆرمەلەی کۆمەڵە گرفتێک دەکات و ئامراز گەلێکی چەمکدارو گوتە گەلێک بەکاردەهێنێ. هەرچەندە هەر فەیلەسووفێکی مەزن کۆمەڵە دۆزرێک و پارادۆکس و گووتە گەلێکی فەلسەفی لە نەوەکانی پێشوو وەرگرتبێ، بەشێوازی خۆی چارەسەری دەکات و کار لە پێناو هیچنانە کایەی کۆمەڵێکی ئەوتۆی خاوەن یەکانگیری جۆرانە دەکات. ئەو ناوتوێکردنەی کە ئەم سیستمانەشی دەکاتەوە (یاخود بڵێین هەڵیدەوەشێنێتەوە نایبەستێتەوە بە مێژووی گشتی ئەم وێناکارییانە (ئایدیۆلۆجیاکان) تەنها لەدوای ئەم کردەوەیە نەبێت.

پرسیاری دووەم: ئایا مێژووی فەلسەفی لە مێژووی بونیادی سەروویی

و مێژووی شێوە جۆراو جۆرەکانی شێوەکانی بەرهەمهێنان و کۆمەڵگە تایبەتە دەرکەوتووەکان لەسەر بنەمای پەیوەندییە پەسەندکراوەکانی بەرهەمهێنان بۆ هەر شێوەیەک لە شێوەکانی بەرهەمهێنان هەڵدەوەشێنەوە؟

وەڵام: نەخێر، ئەوی راستی بێت لەمیانی دوا بەدوای یەکهاتوویی فەلسەفەکاندا دەگوازێنەوە بە شێوەیەک لە رێگەی بەردەوامبوونی لۆجیک و رەوایـی (مارکس و ئەنگڵس پێ لەسەر ئەم بەردەوامیە دادەگـرن)، زیاتر قووڵ دەبێنەوە. کەوابوو فەلسەفە و زانستەکان ناتوانن لەنێوان ئەو بونیادە سەروویيانە دەرکەون کە شانبەشانی شێوەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەناو دەچن.

بە دانـان بەوەی کە فەلسەفە زیاتر لە زانستە هۆکارە ئایدیۆلۆجییەکان لەخۆ دەگرێت و تەنها وابەستەی مەعریفەی زانستی نابێت، بەڵکو پەیوەندی بەلۆجیک و رەوایی و قووڵکردنەوەی بونیادی خۆلیشی دەکات. بەمجۆرە گوزارشت لە زمانێکی فەلسەفی دەکات و دەبێتە پارادۆکسی بنەڕەتی بەدواداچوونی سیستم و قەیرانەکان ئەنجامدەدات و بەرەنگابوونەوەکەی دەبێتە رێکخۆشکەری بژارەکردنی پرۆژەی فەلسەفی تایبەت بە (بوونەوەری مرۆیی) وابەستە بە پارادۆکسی بنەڕەتی)، (شوێنی بوونەوەری مرۆیی لە جیهاندا لە کوێیە؟) و لەمیان ئەو فۆرمەلانەدا هێما گەلێک رۆڵ دەگێڕن: گەردوون (کۆسمۆس) (وێنە، چومک، سەرچاوەیان شانبەشان وەرگرتنی لۆجیکە لە هەمبەر ئەسیماویۆنان، کەلێنێکی سەرگەرم بە مادەی سروشتی دابەشکراو بە شێوەیەکی هاوتەباو بە گوێرەی یاساکان) و جیهانیش (وێنە-چەمک شانبەشان یاسای هاتوو لەلایەن رۆما: زەمەن، رێڕەوێکی ژێر زەمینیە بە ئاراستەی دەرچەیەک، تاقیکردنەوەی دەرچەیە بە مەرجی بەدواداچوونی بەڵگە).

پرسیاری سێهەم: مێژووی فەلسەفە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم تێڕوانینە نوێیە بە شێوەیەکی گشتی تەوەرەی یاخود جەمسەری مێژوو پێشکەشی بکات؟

وەڵام: نەخێر، فەلسەفە جوانترین سەردەمەکانی خۆی لەو کاتانەدا ناسی کە لەگەڵ مێژوو لەمیان مەعریفەی ڕەها یەکیان دەگرێتەوەو ئەوسا خستنەڕووی سەیرورە ڕوون و ئاشکراتر لە (Leterminus a quo، دووایین هێڵ) ناکاتەوە تەنها لەڕێگەی هەموو جۆرەکانی ئاگاداربوونەوە نەبێ، کۆسپەکان و ئاسۆو توانراو مەحاڵبوون و بەکوورتی (لۆتێرمینوس ئاکۆ، دوایین هێڵ) دەدۆزێتەوە و بەمجۆرە سەر لەنوێ دەبێتـە ئەو پاڵەوانەی کە پێشێل دەکرێت. بەڵام ئایا وەک فەیلەسوف و بیرکەرەوەی قووڵەوە بوو و کەسێکی مێتۆدی دەمێنێتەوە؟ ئایا بەشێوەیەکی ووردتر ناوی لێ بنێین (دوا بەدوای فەیلەسوف)؟ لەرووی فەلسەفیەوە یاخود گووتەیە لەبارەی فەلسەفەوە سنووری بۆ دادەنرێ. بەگوزارشتکردنێکی ووردتر ئەم گووتەیە وەک گووتەی فەلسەفی نامێنێت، لەگەڵ ئەوەی هێشتا بوونی هەر بەو شێوەیەیە و ڕوخساری فەلسەفەکان بژاردە و فۆرمەلە دەکات و لێکدیان نزیک دەخاتەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر ڕەچاوی جیاوازییەکانیان بکات.

ئەوسا مێژووی فەلسەفە زەمینەیەکی دوا بەدوای فەلسەفی بە ئایدیا پێشکەش دەکات و ئەم ئایدیایە بە دەرهاویشتن لە مێژووەوە فەلسەفەکان کۆدەکاتەوە و پەیوەندییەکانی دەخاتە ڕوو بە سیفەتی پرۆژەی (بوونەوەری مرۆیی) لیکدژییەکان تێدەپەڕێنێت و لە ڕێگەی کارکردنێکی جۆرانەوە دانایی و زانست و شۆڕش و خاوەندارێتی لە یەککاتدا دەسگیر دەبێت.

**43· مێژووی بوون:**

هایدگەر لە وەڵامی پرسیاری: مێژوو چییە؟ دەڵێت: (مێژووی ئەو بوونەیە کە لەگەڵ مێژوویی مێژوونووسان لە هیچ شتێکدا هاوبەش نییە). هایدگەر میتافیزیکا پووچەڵ دەکاتەوە، بەڵام دەستئەکاتەوە بە بایەخدان بە رەسەنایەتی و رەسەنی. ئەو لە تەواوی ئاسۆی ئاسۆکان Le terminus quem ad بە ووردی رانامێنێت لە دەرهاتنی بوون لەپاش داگیرکاری گەورەی تەکنیکەکانی بۆ سەر جیهان بەبێ هەستان بە ووردبوونەوەو پشکنینی لۆتیرمینۆس ئاکۆ، دووایین هێڵ ئێمە بە سیفەتی ئەوەی بوونەوەرگەلین لە کوێ لەدایک دەبین؟ من ناتوانم خۆم بەرهەم بێنم و ناشتوانم بە شێوەیەکی گشتی (مرۆڤ) بەرهەم بهێنم.

کێ دەبێتە هەڵگر و رەوانەکاری یادەوەری و زمان بۆ خودی من و تەنانەت ئەو منەی کە بوون بە شێوەیەکی کاتی تیادا نیشتەجێ دەبێت، ئەو منەی کە نابێت و ئەبێتە شوێنی ئەم گواستنەوەیە؟ لەسەر ئەم دیمەنەی بووندا دارستان و رێگەوبان و دیمەنگەل هەن کە هایدگەر بە شێوەیەکی قووڵ ئامادەباشی بۆ دەرگکەکانیان دەکات و ئەوە بە شێوەیەکی زێدە قووڵتر دەکات سەبارەت کەسانێک کە چێژیان لە دۆزینەوەی رووبەرەکان بینی و لەو جادووگەرەکان دێنە ئاراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا چەند ساتیکای فەلسەفی بەهۆی یادهێنانەوە بە شێوەیەکی خەماوی سەر لەنوێ دەژێنەوە!. ئایا فیزیس وەک هێماو ئاماژەدەر و ئامادەگی (گوڵی نیلۆفەری رۆژهەڵات) نییە کە جوانی و رەنگ و بۆنی دەبەخشێت و لەگەڵ ئەوەش بە ڕووی ئایندەدا دەکرێتەوە و لە نائاگاسس بەروبووم و چاندنەکان ئامادە دەبێت؟ گۆڵ دەبێتە بێهۆو نازانێت کە جوانە و لەگەڵ ئەوەش جوانە و جوانی دەبەخشێت. بەمجۆرە فیزیس

سەراپای خودی خۆی دەبەخشێت و دەکرێتەوە و لۆگۆس لەدایک دەبێت.

چارەنووسی مێژوو: مێژووی نێردراوی چارەنووسە. گەمەس ئەم ووشانە رەوشی بوون روون دەکاتەوە چوونکە بوون خۆی کۆیان دەکاتەوە. گەر ئێرامانی قووڵ خوودی خۆی لە گوێبیستی بوون داناو گەر لەوەی کە فیزیس دەیهێنێتەکایەوە تێگەیشت ئەوە ئێرمانەو پەی بە دوو هێما دەبات: شوێن نیشتەجێ (السكن، DemeUrE) و وونبوون (Errance). زمان خانووی بوونە بەڵام ئەم بوونە هێشتا بەتاڵە و ئامادەگی تیادا دەدۆزرێتەوە و ئامادەگی و ئێرامان هەموو شوێن نیشتەنیەک لەپێناو ونبوون جێدەهێڵن و گەمەکە بە تەنها هاتنی بوونی دوای بووەکان (موجودات) ئاشکرا دەکات و تەکنیکاری دەرچەکە داگیردەکات و شوێنی لەدایکبوونی کە سروشتە دەڕوخێێ و لەکاتی ئەم داڕوخانە و دوا بەدوایدا لەخۆ وونکردن دەوەستێ و دەدۆزێتەوە. بە گوێرەی ئێروانینی هایدگەر پێش مێژوو (سروشت) و مێژووی لۆگۆس و تەکنیککاری و دوا بەدوای مێژوو (دۆزینەوەی بوون) بە راستی هەیە.

ئایا ئەم دوابەدوایەکە بواری دیاریکردنی مێژووگەری بە شێوەیەک رەزامەندی دەدات؟ بێگومان نەخێر، ئەوەی کە بە گوێرەی قایلکردنی عەقڵی هەندێک تایبەتمەند بەکاردەهێنرێت و ئەم کارەش ناتوانێت مشتوومڕەکە یەکلایی بکاتەوە و بەکار دەهێنرێت و ئەم کارەش ناتوانێت مشتوومڕەکە یەکلایی بکاتەوە و مێژووی بوون بوونێکی مێژوویی لەخۆ دەگرێت و هەر ئەوەشە بە ووردی دەبێتە بابەتی پرسیار.

### 44. کلۆمکردنی مێژوو:

ئایا دەتوانین مێژوو کلۆم بدەین بە ئاماژەکردنی پەنجە بۆ ئەو شوێن و ساتەی کە تیایدا هەڵوەستە دەکات و بە دانانی بەربەست بۆ دیاریکردنی کایە و بە وێنەکردنی سنوورەکان و بە داکوتینی میخێک کە لەسەریدا نووسراوە: (مێژوو ئالێرەدا کۆتایی دێت)؟ نەخێر با ئەو وێنە سادە و ساکارانە بۆ کەسانی دی جێهێڵین. کاتێک کە جاک دریدا دەخوازێت میتافیزیکای رۆژئاوا دابخات بە مەبەستی چی و ئامانج و ئارەزووی چی بوو (بگەڕێڕەوە کتێبی دەنگ و وێنە)؟ ئەو تەنها خوازیاری سەلماندنی گووتەی کەسانی دی و لەپێش هەموویان مارکس و نیچە بوو کە دەیانووت فەلسەفەی رۆژئاوای گەورە لەگەڵ هیگڵ کۆتایی دێت.

کۆتاییەکەی وەک (سنوور و بەربەستەکان) ناتوانرێت لەڕووی چەمکەوە پەی پێبرێت تەنها لەسەر ئاستی تیۆری پووخت و تایبەت بەتیرۆێک نەبێ کە خوازیار بوو بە شێوەیەکی پووخت ببێنە: میتافیزیکا. ئەوەی ئێمەی تیاین لە (ئێوەو (من) و ئەوان و ئەوانی دی) و ئەو بەرهەممان هێناوە بەم شێوەیە توانای کۆتایی هاتنی نییە گەر نەبێنە شێوەیەکی تیۆری لە بوونی مرۆیی و شێوەیەک لە نووسین.

تەنها ئاوێنەکردنی ئەو دونیا بینیەی کە مێژوو بۆ ئەبستمۆلۆجیا تایبەت بە خوو (رەوشە تیۆرییەکەی) کورتدەکاتەوە و رێگە لە بوونی دەگرێت دەتوانێت (کلۆم کردن) راگەیەنێت، یاخود لە ئاکامی نەبوونی (کلۆم کردن، داخستن) ئەنجامەکان بژاردە بکات. ئەی کۆتایی مێژوو؟ کە بە سنوورەکان دیاری ناکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە دەرچەیەک سنووری بۆ دادەنرێت. دەچوون لە مێژوو و راگوازتنەوە قۆناغێکی گوازراوەی مێژووە و مێژوو ناژمێی و سەیرورە بەردەوام دەبێت، بەڵام دەگۆڕێت واتا بەرەو

تایبەتمەندی جیاوازی و وێکچوونەکان و بەرەو پیادەکردنی جودابیەتی و ئاماژەگەلێک، ئاماژە بۆ ئەم دەرژەیە دەکەن و سنووری دیاری دەکەن.

**سەرچاوە:**

نهایە التاریخ – هنری لوفیفر، ترجمە: فاطمە الجیوشی 2002

لە بڵاوکراوەکانی کۆماری عەرەبی سوریا

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەیفرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە  یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |